حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

# شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا

## لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە وەك بەشێك لە پێویستیەکانی پلەی ماجستیر لە زمانی کوردیدا.

لە لایەن
ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح
بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی-کۆلیژی زمان-زانکۆی سەلاحەددین
(2006-2007)

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د.عبدالواحید موشیر دزەیی

2709کوردی 2009زاینی 1430کۆچی

# ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کورد یدا– لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە) قوتابی(ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت: پ.ی.د.عبدالواحد موشیر دزەیی

مێژوو: / / 2009

بەپێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی بەشی کوردی

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی بالآ

لە بەشی زمانی کوردی

میژوو:   /   / 2009

# ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناو و نیشانی (شێوازی گوتنی فەرمانداندن لە زمانی کوردیدا–لێکۆڵینەوە یەکی پراگماتیکیە) و قوتابی (ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح)مان تاقی کردەوەو گفتوگۆ مان لەگەڵیا لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تریيەوە کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەی بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردی بدرێتێ.

ئەندام:

میژوو: / / 2009.

ئەندام:

میژوو: / / 2009.

ئەندام:

میژوو: / / 2009.

سەرۆکی لیژنە:

میژوو: / / 2009.

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیجی زمان  زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو:

ڕاگری کۆلیجی زمان زانکۆی سەلاحەددین

میژوو: / / 2009.

# ئەو نیشانە کورتکراوانەی لە نامەکەدا بەکارهاتوون:

/ ← / : ئاوازەی ئاسایی.

/ ↙ / : ئاوازەی نزم.

/ ↖ / : ئاوازەی بەرز.

/ ↖ / : ئاوازەی سەرووی بەرز.

/ ˊ / : هێزی سەرەکی.

/ ∧ / : هێزی لاوەکی.

/ ˋ / : هێزی سێیەم.

/ ∨ / : هێزی لاواز.

( 0 ) : مایکرۆپۆز، وەستانێکی زۆر کورت.

– ○ – : وەستانێکی درێژ.

گ.ن : گرێی ناوی.

گ.ك : گرێی کاری.

# لیستی زاراوەکان

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| ئیزن دان | Permission |
| ئاوازە | intonation |
| ئاشكرا | Explicit |
| ئاگادارکردنەوە | Warning |
| ئامۆژگاری کردن | Advising |
| پەیام | Message |
| پراگماتیك | Pragmatics |
| ڕەتکردنەوە | Refuse |
| ڕستە | Sentence |
| سیمانتیك | Semantic |
| شێواز | Style |
| شوێن | Place, Position |
| شاراوە | Implicit |
| قەدەغکردن | Prevention |
| فەرماندان | Directives |
| کات | Time |
| کەس | Person |
| کۆمەڵگا | Community |
| گوتن | utterance |
| گوتنی فەرماندان | Imperative utterance |
| گوتنی سەرسوڕمان | Exclamatory utterance |
| گوتنی هەواڵدان | Declarative utterance |
| گوتنی پرسیاری | Interrogative utterance |
| گوتنی نموونەیی | Utterance type |
| گوتنی نانموونەیی | Utterance to Ken |

| | |
|---|---|
| Asking | داواكردن |
| Context | دەوروبەر |
| Linguistics context | دەوروبەری زمانی |
| Psychological context | دەوروبەری دەروونی |
| Social context | دەوروبەری كۆمەڵایەتی |
| Power | دەسەڵات |
| Estimate | نرخاندن |
| Stop | وەستان |
| Receiver | وەرگر |
| Stress | هێز |
| Primary stress | هێزی سەرەكی |
| Threat | هەڕەشەكردن |
| rule | یاسا |

# نـــــاوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 2-1 | پێشەكی |
| **44-3** | **بەشی یەكەم/ گوتن** |
| 7-4 | - گوتن. |
| 12-8 | - ڕستە. |
| 17-12 | - جیاوازی نێوان گوتن و ڕستە. |
| 20-17 | - پەیامی گوتن. |
| 27-20 | - بنەماكانی گوتن. |
| 21-20 | 1- نێرەر. |
| 22-21 | 2- وەرگر. |
| 24-23 | 3- پەیام. |
| 27-24 | 4- دەوروبەر. |
| 39-28 | - جۆرەكانی دەوروبەر: |
| 38-28 | 1- دەوروبەری زمانی. |
| 39 | 2- دەوروبەری نازمانی. |
| 42-39 | - كاریگەری دەوروبەر لەسەر گوتن. |
| 44-42 | - جۆرەكانی گوتن لە ڕووی ناوەڕۆكەوە: |
| 42 | 1- گوتنی هەواڵدان. |
| 43 | 2- گوتنی پرسیاری. |
| 44 | 3- گوتنی سەرسوڕمان. |
| 44 | 4- گوتنی فەرماندان. |
| **83-45** | **بەشی دووەم/ گوتنی فەرماندان.** |
| 49-47 | - پێناسەی گوتنی فەرماندان. |
| 66-50 | - ئەركەكانی گوتنی فەرماندان: |
| 52-51 | 1- ئامۆژگاری كردن. |
| 53-52 | 2- توانج لێدان. |
| 54-53 | 3- بانگ كردن. |

| | |
|---|---|
| 55-54 | 4- دوا ڕاگەیاندن. |
| 56-55 | 5- هەڕەشەکردن. |
| 57-56 | 6- ڕەت کردنەوە. |
| 58-57 | 7- گلەیی کردن. |
| 59-58 | 8- قەدەغەکردن. |
| 60-59 | 9- ئیزن دان. |
| 61-60 | 10- داواکردن. |
| 62 | 11- ئاگادارکردنەوە. |
| 64-63 | 12- ڕێزگرتن. |
| 66-64 | 13- نرخاندن. |
| 70-66 | پێکهاتەی گوتنی فەرماندان: |
| 67-66 | 1- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ) |
| 67-66 | أ- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ئەرێ) |
| 67 | ب- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(نەرێ) |
| 70-68 | 2- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ) |
| 69-68 | أ- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ئەرێ) |
| 70-69 | ب- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(نەرێ) |
| 73-70 | - جۆرەکانی گوتنی فەرماندان: |
| 71-70 | 1- گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ) |
| 71-70 | أ- گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ئەرێ) |
| 71 | ب- گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(نەرێ) |
| 73-72 | 2- گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ) |
| 73-72 | أ- گوتنی فەرماندانی شاراوە(ئەرێ) |
| 73 | ب- گوتنی فەرماندانی شاراوە(نەرێ) |
| 83-73 | - واتای گوتنی فەرماندان: |
| 76-74 | أ- واتای گوتنی فەرماندانی ئاشکرا. |
| 83-76 | ب- واتای گوتنی فەرماندانی شاراوە. |
| **116-84** | **بەشی سێیەم/ شێوازی گوتنی فەرماندان:** |
| 91-86 | 1- کات لە گوتنی فەرماندانداا. |

| | |
|---|---|
| 2- کەس لە گوتنی فەرماندانداا. | 98-91 |
| 3- شوێن لە گوتنی فەرماندانداا. | 107-99 |
| 4- ئاوازە لە گوتنی فەرماندانداا. | 111-108 |
| 5- هێز لە گوتنی فەرماندانداا. | 114-111 |
| 6- وەستان لە گوتنی فەرماندانداا. | 115-114 |
| - ئەنجام | 117-116 |
| سەرچاوەکان | 120-118 |
| الملخص | 121 |
| Abstract | 122 |

# پێشەکی

# پێشەکـــی

زمان بۆ زۆر ئەركی جیاجـیا ـبەكاردێت لـەوا ـنەش فەرماندا ـنە، ـئەم فەرماندا ـنەش ـبۆ هەڵسوڕاندنی كاروباری ژیان و دەستكاری كردنیەتی، شێوازی فەرماندان جیایە لـە شێوازەكانی تر، چونكە كات و شوێن و هێزی ڕەوانبێژی و هێز و ئاوازەی ئەم جۆرە شێوازە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لـەم نامەیە هەوڵدراوە بە پێی توانا باس لـەم جۆرە شێوازە بكرێت ـلە ز ـمانی كورد ـیدا و جۆرەكانی دەستنیشان بكرێت.

شێوازی گوتنی فەرماندان پابەندە بە دەوروبەرەوە و زۆر فراوانە، چونكە دەتوانرێت هەموو جۆرە ڕستەیەك بكەینە فەرماندان لـە ڕێگای دۆرزینەوەی دەوروبەر.

## - ناونیشانی باسەكە:

باسەكە بە ناونیشانی (شێوازی گوتنی فەرماندان ـلە ز ـمانی كورد ـیدا) لێكۆڵینەوە ـیەكی پراگماتیكیە.

## - سنوری باسەكە:

باسەكە گوتنەكانی فەرماندان دەداتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوە و باس لـە چۆنیەتی دەربڕین و هەڵبژاردنی كات و شوێن و كەس و جۆری ئاوازە دەخاتەڕوو لـەم گوتنەدا.

## - كەرەسەی باسەكە:

نامەكە بەزاری كرمانجی ناوەڕاست نووسراوە، وە ئەو نموونانەی لـە نامەكەدا ـبەكارهاتووە، نموونەی ئاسایی سەرزاری خەڵكین.

## - ڕێبازی لێكۆڵینەوە:

ئەم نامەیە بە پێی پەیڕەوی (ڕێبازی ئەركی شیكاری) ئەنجام دراوە.

## - گرنگی باسەكە:

گرنگی باسەكە لـەوەدایە، كە تاكو ئێستا وە ـكو لێكۆڵینەوە ـیەك سەربەخۆ، ـلە لا ـیەن توێژەرانەوە كاری لـەسەر نەكراوە، هەروەها هەوڵدانە بۆ نیشاندانی ـئەو شێوازەی ـلە ـگوتنی فەرماندان بەركاردەهێنرێت، و جیاكردنەوەیە لـە ڕستەی فەرماندان.

## - **ناوەڕۆکی باسەکە**:

**ناوەڕۆکی ئەم باسە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ بەش پێکهاتووە: (بەشی یەکەم و دووەم تیۆرییە، بەشی سێیەم پراکتیکییە).**

**لە بەشی یەکەمدا باس لە ناسینی گوتن و ڕستە، جیاوازی نێوان ڕستەو گوتن، پەیامی گوتن، بنەماکانی گوتن، جۆرەکانی دەوروبەر، کاریگەری دەوروبەر لەسەر گوتن، جۆرەکانی گوتن کراوە.**

**بەشی دووەمیش تایبەتە بە (گوتنی فەرماندان)، ئەو سەردێرانە دەگرێتەوە ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان، پێکهاتەی گوتنی فەرماندان، جۆرەکانی گوتنی فەرماندان، واتای گوتنی فەرماندان.**

**لە بەشی سێیەمدا باس لە(شێوازی گوتنی فەرماندان) کراوە، کە پێک هاتووە لە کات و کەس و شوێن و هێز و ئاوازە و وەستان لە گوتنی فەرماندان.**

# بەشی یەکەم

- گوتن
- ڕستە
- جیاوازی نێوان گوتن و ڕستە.
- پەیامی گوتن.
- بنەماکانی گوتن:

1- نێرەر

2- وەرگر

3- پەیام

- دەوروبەر
- جۆرەکانی دەوروبەر:

1- زمانی

2- نازمانی

- کاریگەری دەوروبەر لەسەر گوتن.
- جۆرەکانی گوتن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

1- گوتنی هەواڵدان.

2- گوتنی پرسیاری.

3- گوتنی سەرسوڕمان.

4- گوتنی فەرماندان.

**گوتن**: Utterance

گوتن دانەیەکی واتاداری زمانە و هەڵگری جۆرە واتایە کە، کە لە دەوروبەرەوە وەردەگیرێت، گوتن بە چەند شێوەیەك پێناسەکراوە لەوانەش:

– **گوتن:** ڕستەیەکی دەنگی قسەیە، هەڵگری واتایە و بە وەستانێ دەست پێدەکات بەو وەستانەش کۆتایی دێت و یەك هێزی سەرەکی وەردەگیرێت[تر].

– **گوتن:** ئەو قسەیەیە، کە زیاتر لە نێوان دوو کە سیدا بەڕێوەدە چێ، بە مەش هەموو ڕ ستەی بەکارهێنراو دەگرێتەوە کە لە دەوروبەردا دەوترێ[ير].

– **گوتن:** ئەو دانە پراگماتیکەیە، بەوە دەناسرێ ڕستەی بەکارهێنراو لە دەوروبەردا، کەواتە گوتن بریتییە لە ڕستە + بەکارهێنان، واتاکەشی بریتییە لە واتای ڕستە + واتای دەوروبەر[سم].

وەك:

- **ژوورەکە زۆر گەرمە**.

کاتێ ئەو ڕستەی سەرەوە دەخرێتە دەوروبەری گوتنەوە واتای جیا جیای دوور لە واتای وشەکانی ناو ڕستە بەدەستەوە دەدات:

بەو واتایانە:

- **دەرگاکە بکەرەوە**.
- **ساردییەکە داگیرسێنە**.
- **سۆباکە بکوژێنەوە**.
- ...... هتد

کەواتە هەر ڕستەیەك دەخرێتە دەوروبەرەوە، واتاکەی لە واتای فەرهەنگی و شەکانی ناو ڕستە دووردەکەوێتەوە، ئەگەر هەمان گوتن لە دەوروبەرێکی تردا بەکارهات، ئەوا ئەو واتایەی، بەدەستەوەی دەدات لە واتای یەکەم جیاوازە، چونکە بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت.

---

[تر] محمد علي الخولي، 1982: 292.

[ير] عبدالواحد مشير دزەيي، 2009: 5.

[□] عبدالواحد مشير دزەيي، 2005: 43.

کەواتە **گوتن:** ئەو دانە واتادارەیە، کە لە زمان دەردەچێ و لە دەوروبەری بەکارهێنراو، لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو بە بەرهەم دێت، خوێنەر یاخود گوێگریش لەو چرکەیەدا دەیەوێ بەپێی ـئەو چالاکیەی هەیەتی لە مەبەستی نێرەر بگات.

## گوتن دوو جۆرە:

**گوتن:** دەربڕینێکی زارەکییە، لە دەوروبەردا ئەنجام دەدرێت، بۆ جۆرەکانی گـوتن زانا ـیان دوو بیرو ڕایان هەیە:

**1- گوتنی نامنوونەیی(Utterance to Ken):** ئەم جۆرە گوتنە بەدواداچوونی ڕا سـتەوخۆی گوتن لە دەوروبەرێکی تایبەت و دیاریکراو، پێویستی بە چەمکێکی فیزیاوی دەنگی وورد هە ـیە، چونکە مرۆڤـ تەنها یەك جار دەتوانێ دەریببڕێت، هەر جـارێ دەر ـیدەبڕێت ـبە شـێوەیەکی ـتر دەریدەبڕێت جیا لەوانی تر، بەمەش دووبارەبوونەوەکانی واتا دەگۆڕێت، ئەمەش وادە کـات وا ـتا تاڕادەیەك سنووردار دەکرێت، هەر بۆیەش پراگماتیك گرنگی پێنادات[*]. بۆ نموونە:

- **ئەم دەرگایە داخە**.

ئەم ڕستەیە چەند جار دووبارەبکرێتەوە، بە شێوەیەك دەبێت، لەگەڵ ئەوی تردا ناگونجێت، دەتوانین ڕاستی ئەم بۆچوونە لە تاقیکردنەوە بسەلمێنرێت، چونکە زۆر هۆکاری دەروو ـنی کـاری تێدەکات.

**2- گـوتنی نموو ـنەیی(Utterance type)** ـئەو جـۆرە گوتنە ـیە، کـە ـلە دەورو ـبەردا وەردەگیرێت، زۆر ناچێتە ناو وردەکاریەکانی درکاندنەوە، تەنها ئاماژە بە دەوروبەرەکە دەکرێت، کە گوتنەکەی تیادا ئەنجامدراوە[**]، لە هەمان کاتیشدا تەنها باس ـلەو هۆکارا ـنە دە کـات، کـە کاریگەریان بەسەر گوتنەکە هەیە.

وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

1- **جل شۆرەکە کار ناکات**.

ئەو ڕستەیە واتایەکی ڕاستەوخۆ ئاسایی هەیە، کەرستەیەکی هەواڵدانە، کەچی کاتێ دەچێتە دەوروبەرەوە، چەند گوتنێکی لێ پێك دێت، کە واتای جیا بەدەستەوە دەدات.

گوتنەکان ئەمانەن:

---

[*] Teuan, Van, 1977: 192.

[**] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

أ- جلەکان ناشۆم.

ب- جلەکان بەدەست دەشۆم.

جـ- جل شۆرێکی تر بکڕە.

د- جلێکی زۆرمان پیس بووە.

هـ- جل شۆرەکە ببە بۆ لای وەستا.

و- جل شۆرەکە پێویستی بە چاك کردنەوە هەیە.

........................ هتد

2- ناتوانم کارەکە تەواوبکەم.

ئەم ڕستەیەش کاتێك دەچێتە دەورووبەرەوە لە چەند گوتنێك پێك دێت، بەپێی دەورو ـبەری گوتنەکە واتای جیا دوور لە واتای رستەکە بەدەستەوە دەدات.

گوتنەکان ئەمانەن:

أ- دایکە من زۆر نەخۆشم.

ب- بەیانی تاقی کردنەوەم هەیە.

جـ- دەڕۆم بۆ دەرەوە.

د- دەست و پێی من سپیبیە.

هـ- زۆر ماندووم.

...........هتد.

3- سەرم زۆر دێشێت.

ئەم ڕستەیەش کاتێ دەچێتە دەوروبەر لە چەند گوتنێك پێك د ـێت، ـبە پ ـێی دەورو ـبەری گوتنەکە واتای جیا، دوور لە واتای ڕستەکە بەدەستەوە دەدات.

گوتنەکان ئەمانەن:

أ- دایکە پێویستم بە دکتۆرە.

ب- ناتوانم بچم بۆ قوتابخانە.

جـ- پێویستم بە وەرگرتنی مۆڵەتە.

**د- حەبی پاراسیتۆڵت پێیە؟**

**هـ- دەنگی ڕادیۆکە کەم بکەرەوە.**

**و- دەمەوێ ئێستا بچمەماڵەوە.**

..............**هتد**

4- **هێشتا دەستت بە نووسینی نامەی ماستەر نەکردووە.**

ئەم ڕستەیەش لە شێوەی پرسیاردا خۆی دەنوێنێ، بەڵام کاتێ دەچێتە دەوروبەرەوە چەند گوتنێك پێك دەهێنێت:

**أ- تۆ دەست بە نووسینی نامەکەت بکە.**

**ب- ماوەی نوسینت کەم ماوە.**

**جـ- هەوڵ بدە لەم ماوەیەدا نوسینەکەت تەواو بکەی.**

**د- تۆ قوتابی خوێندی باڵای.**

**هـ- خەم لە نووسینی نامەکەت بخۆ.**

**و- واز لە خوێندنەوەی پەرتووك بهێنە.**

**ز- پێویست بە ماوەی درێژکردنەوە هەیە.**

.................... **هتد**

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە گوتن جۆرێکە لە ڕستە، جا بۆ ئەوەی ڕستەیەکی وەك:

**- ڕۆژا قوتابییەکی زیرەکە.**

بزانین ئەمە گوتنە یان ڕستەیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕستە و واتاکەی، ئینجا لەگەڵ گوتنیدا بەراوردی بکەین.

گوتن بەوە پێناسە دەکرێت، کە ڕستەیەکی بەکارهێنراوە لە دەوروبەرێکدا.

بەمەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕستە و واتای ڕستە و دەرخستنی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوانیان بدۆزینەوە، چونکە ڕستەیەکی وەك: کە ئەو ڕستەی سەرەوە (ڕۆژا قوتابییەکی زیرەکە) دەشێ ڕستە بێت و دەشێ گوتن بێت.

## ڕستە:

ڕستە گەورەترین کەرەستەی زمانە، مرۆڤ دەربڕینەکانی ژیانی ڕۆژانەی بە ڕستە دەردەبڕێت، جا ئەو ڕستانە پرسیاری بن یاخود هەواڵی یاخود داخوازی یاخود فەرماندان...هتد، وە دەبێت ئەو ڕستانەش لە ڕووی ڕێزمان و لە ڕووی واتاوە پەسەند بن.

ڕستە لە سەر دوو بنەما بەندە:

أ- پەسندی ڕێزمانی.

ب- پەسندی واتایی[1].

**- ئەلەند نانەکەی خوارد.**

کاتێ سەیری ئەو ڕستەی سەرەوە دەکەین، دەبینین لە ڕووی ڕێزمانەوە پەسندە. پێداویستەکانی بکەر(ئەلەند)، بەرکار(نانەکە)، کار(خوارد)، لە ڕووی ڕێکەوتنی ڕێزمانەوە تەواوە، هەروەها لە ڕووی واتاوە ناوێزە نییە، بەڵام ئەگەر بێت و لە جێگای بەرکار(نانەکە) وشەی(بەرد) دابنرێت ئەگەر چی ئەو کاتە لە ڕووی ڕێکەوتنی ڕێزمانەوە تەواوە، بەڵام لە ڕووی واتاوە ناوێزەیە، لەبەر ئەوە دەبێت پەیوەندی واتایی لە نێوان پێداویستەکانی ڕستە هەبێت لە گەڵ یەکتریدا بگونجێن.

زمانەوانەکان هەریەکەیان بە جۆرێك ڕوانیویانەتە ناسینی ڕستە، ئەگەر سەیری پێناسەکانیان بکەین، بگرە ئەو پێناسانەی لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە کراون تاکو ئێستا بێ کەم و کورتی نیین، هەرچەندە بیرو ڕاکانیان لەیەك نزیکەو لەگەڵ ڕستەدا دەگونجێت، کەچی ناتوانرێت بوترێ ئەم پێناسانە بەتەواوی ڕاستە، چونکە هیچ زانستێك لە کەم و کوڕی بەدەر نییە. خۆی زمان لە دوو کەرەسە پێك دێ یەکیان پێوراوە، ئەوەی تر نەپێوراوە. زمان: دەنگ و واتایە.

ڕستە وەکو کەرەسەیەکی زمان لە ڕووی واتاوە بریتییە لە فرێزێکی کاری و چەند ناوێك پێویستە ئەو ناوە هەبێت یان نەبێت[2].

گرنگترین یەکەی واتای زمان ڕستەیە، گەرچی لای هەندێ زمانەوان یاخود ڕێزماننووس وشە بە گرنگتر زانراوە، بەڵام وشەی واتای چەسپاوی نییە، (واتاکەی لە ناو ڕستەدا بەدیار

---

[1] جۆن لاینز، 1968، ل39.

[2] ابراهیم عزیز و د.عبدالواحد مشیر دزەیی، 2006: ژمارە 60.

دەکەوێ)[١]. لەبەر ئەوەی وشەکانی پێش و پاش لە ڕستەدا پەیوەندی واتایی دروست دە کەن و واتای ڕستە تەواو دەکەن.

- **ئازاد نەوزادی کوشت.**

- **نەوزاد ئازادی کوشت.**

هەرچەندە ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی ژمارەی و شەکان یەک سانن، بەڵام لە ڕێز کردن جیاوازن، بۆیە واتای جیایان هەیە.

دەتوانرێ واتای ڕستە لە دیدی کاتزو فۆدەر لێك بدرێتەوە، بۆچوونی کاتز و فۆدەر بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەیە، دەتوانرێ بە باشترین بۆچوون بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە دابنر ێت. ئەم بۆچوونەی کاتز و فۆدەر لە دەوروبەر دووربوو، واتا لە سنوری سیمانتیك بوو.

بنەما تیۆرییەکانی (کاتز و فۆدەر) دەتوانرێت لە چوار خاڵدا بخەینەڕوو کە بریتیین لە:

1- ئاستی ژێرەوە: Deepstructure

2- فەرهەنگی وشە: Lexicon

3- پرۆژە سازدان: Projection- Rules

4- کۆتی هەڵاوێرکردن: Selection restrictions

1- **ئاستی ژێرەوە**: Deepstructure

پێکهێنەری سینتاکسی هەر ڕستەیەك لە دوو ئاستدا دەبێت، ئاستی سەرەوە بۆ چوونیەتی، گۆکردنی ڕستەیە ئاستی ژێرەوەش، کە بریتییە لە پەیوەندییە ناوەخۆییەکانی نێوان کەرە سەکانی ڕستە، و ئەم ئاستەش کاریگەری بە سەر واتادا هەیە، جا ئەگەر دوو ڕستە کە خاوەنی ئا ستێکی ژێرەوەی هاوبەش بن ئەوا هاو واتان، ئەگەر ئاستی سەرەوەشیان یەك بێت ئەو کاتە ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی لێڵ[٢].

- **لێڵی Ambiguity**: لە زماندا ئەوەیە دەربڕینێك زیاتر لە مانایێك ببەخشێ. ئەو لێڵ یەش یان مۆرفۆلۆژییە یاخود سینتاکسییە، لێڵی ڕستە چەند هۆکارێکی هەیە و بە چەند جۆرێ لێك دەدرێتەوە:

---

[١] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 42.

[٢] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2008: 55.

1- هەبوونی وشەی فرە واتاو هاوبێژی لە ڕستەدا.

2- جیایی لە ئاوازەی ڕستەدا.

3- هەبوونی دوو پەیوەندی جیا لە نێوان بەشەکانی ڕستەدا.

4- لە ئەنجامی سەپاندنی هەندێ یاسای گوێزانەوە...هتد(١).

ئێمەش لە ڕستەی لێڵ پێویستیمان بە ئاستی ژێرەوە دەبێت.

## 2- **فەرهەنگی وشە**:

فەرهەنگی وشەکان لە نێوان خۆیاندا بە تۆڕێکی واتایی بەیە کەوە بە سترا ونەتەوەو پۆلێن کراون، خاوەن قسەپێکەرانی زمانەکانیش مانای و شەکانی زمانە کەیان دەزا نن و فەر هەنگیش بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و واتاو ڕێزمان، بێ فەرهەنگی وشە ناتوانین ج یاوازی وا تای ڕستە دیاری بکەین.

## 3- **پرۆژە سازدان**:

ئەم بنەما تیۆرییە بریتییە لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی واتای کەرەسەکان لەگەڵ یەك، کە لە ڕێگای کۆتی هەڵبژاردندا ئەنجام دەدرێت.

## 4- **کۆتی هەڵاوێرکردن**:

لە کۆتی هەڵبژارد ندا کەرە سەی بەدە سەلات(هەڵدەبژێردرێت)و کەرە سەی بێدەسەلات(هەڵبژێردراو) واتە کەرەسەیەك هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ هەندێ سیمادا بگونجێت.

دەتوانرێ لەم ڕستەی خوارەوەدا بنەماکانی تیۆری کاتز و فۆدەر دەست نیشان بکرێت.


**- منداڵەکە تۆپەکەی هەڵدا.**

پێش ئەوەی واتا بدەینە وشەکانی ناو ئەو ڕستەیە، دەبێت ڕۆنانی ژ ێرەوە دە ست نی شیان بکەین(٢).

---

(١) وریا عمر أمین، 2004: 293-298.

(٢) عبدالواحید مشیر دزەیی، 2008: 64.




□کار□ ئەو ڕستەیە (هەڵدان)، کەیەك خوێندنەوەی هەیە کە (بەرزکردنەوە)یە، ئەم کارەش کارێکی تێپەڕە پێویستی بە دوو کەرەسە هەیە (بکەر □ بەرکار) جا ئەگەر کاری (هەڵدان □ بەرزکردنەوە) وەرگرین ئەوا دەبێت بکەرەکەی ئەم نیشانە سیمانتیکیانەی هەبێت(٭).

□+ بکەر □ مرۆڤ + توانا + □□، بەرکاریش بە هەمان شێوە دەبێت ئەم نیشانە سیماتیکیانەی هەبێت.

□+ بەرکار □ + تەن + سووك + خڕ □□ لەبەر ئەوەی بەرزکردنەوە لەگەڵ وشەی تۆپ یان ڕەشماڵ یان چادر ...هتد) دێت. وشەی (تۆپ) □ناو□ەکە وشەیەکی (هاوبێژە) دوو خوێندنەوەی هەیە. کە نیشانە جیاکەرەوەکانی بریتین لە:

تۆپ$_1$ = □ + بازنەیی + پێست + هەوا □ تۆپی یاریکردن

تۆپ$_2$ = □ + چەك + ڕەق + درێژ □ تۆپی شەڕکردن

وشەی (منالّەکە) □ناو□ەو یەك خوێندنەوەی هەیە، کە نیشانە جیلکەرەوەکانی بریتین لە:

منالّەکە = □ + مرۆڤ □ هەراش + نێر □

لە ڕستەی منالّەکە تۆپەکەی هەڵدا.

منالەکە(1) واتای هەیە.

---

(٭) عبدالواحد مشیر دزەیی، 2008: 64-66.

تۆپ (2) واتای هەیە.

هەڵدا (1) واتای هەیە.

بە لێکدانی ئەم ژمارانە واتە:

$1\times 2 \times 1 = 2$ واتە ئەم ڕستەی سەرەوە بە لێکدانیان دوو خوێندنەوەی هەیە، کە بریتین لە:

1- **مناڵەکە تۆپی شەڕکردنی بەرزکردەوە***.

2- **مناڵەکە تۆپی یاری کردنی بەرزکردەوە**.

لەم دوو ڕستەی سەرەوەدا ڕستەی یەکەم ناوێزەییە، بەر پرۆژە سازدان دە کەوێت لە بەر ئەوەی ڕستەی یەکەم کاری (بەرزکردنەوە) بە پێی کۆتی هەڵاوێرکردن لەگەڵ (بکەر) ناگو نجێ، چونکە مناڵ لە توانای دانییە(تۆپ)ی شەڕکردن بەرزبکاتەوە. ڕستەی دووەم مناڵەکە تۆپی یاری کردنی بەرزکردەوە. ڕستەیەکی پەسندە و ڕێکەوتنی ڕێزمانی و واتایی تەواوە، لەبەر ئەوەی بە پێی کۆتی هەڵاوێرکردن کەرەسەکانی ناو ڕستە لە (بکەر) و (بەرکار) لە گەڵ(کار) گو نجاون و هاوڕێیەتی و بەیەکەوە هاتنیشیان هەیە.

بەم جۆرە گەیشتبینە واتایەکی تەواوی ڕستە.

- **منداڵەکە تۆپی( یاری )کردنی هەڵدا**[٢٠].

∴ بە پشت بەستنی ئەم بنەما تیۆرییەی کاتز و فۆدەر دەتوانرێ لێڵی ڕستەکان لێکبدرێتەوە لە سنوری سیمانتیك، بگەینە واتای تەواوی ڕستە.

## <u>جیاوازی نێوان گوتن و ڕستە</u>:

گوتن وەکو یەکەیەکی قسەکردن بەهۆی دەورو بەر لێك دەدرێتەوە، هەر چی ڕستەیە یەکەیەکی زمانی دیاریکراوە وەکو(گەورەترین دانەی ڕێز مانی زمان)[٢١] لە دەورو بەر دوور دەخرێتەوە. ڕستە لە زنجیرە وشەیەك پێك هاتووە واتە لە چەند وشەیەکی یەك لە دوای یەك پێك هاتووە هەر وشەیەك واتاکەی بەستراوە بە فەرهەنگ، واتا کەی لە ناو فەر هەنگ دا دە ست دەکەوێ واتایەکی ئاشکرایە[٢٢]. بەڵام گوتن واتاکەی لە دەوروبەری وەردەگیرێت.

---

[٢٠] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2008: 66.

[٢١] وریا عمر أمین، 2004: 148.

[٢٢] شاهر الحسن، 2001: 14-18.

بۆ نموونە:

**- لە ژێر سەرینەکەت دووپشك هەیە.**

ئەم ڕستەی سەرەوە پێك هاتووە لە چەند ووشەیەك، هەر و شەیەك وا تای خۆی هە یە واتاکەی لە ناو فەرهەنگ دا بەرجەستە دەبێ لە لای هەموو کەس واتاکەی ئاشکراییە، کە بەو واتایە دێ لەژێر سەرینەکەی تۆدا دووپشك هەیە. بەڵام کاتێ بخەینە دەورووبەر ئەو واتایە ناگەیەنێ، بەڵکو بە مەبەستی ورياکردنەوە دێ، کە ئاگاداری شوێنەکەی بێت بەو واتایانەی خوارەوە دێت.

**- پشكنين بۆ شوێنی نوستنت بكە.**

**- وریای شوێنی نوستن بە.**

**- تۆ لەو شوێنە مەخەوە.**

**- ............هتد.**

**- وەزیرتـان ئەمری کرد بە گواستنەوەی لە قوتـا بخـانە بۆ وەزارەت.**

لەم نموونەی سەرەوەدا، بە پێی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی، کە هەیە دەردەکەوێ ئەو کە سەی ئەو گوتنەی دەربڕیوە کەسێکی دەسەڵات نزمە، لێرەدا لەم ڕستەیە وشەی(معالی) بەکارهاتووە لە جێگای وەزیر، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی ئەو دەربڕینەی وتووە وەزیر بووە، بەڵام ق سەکەر بۆ ڕێزگرتن لە کارەکەی و دان پیانان بە گەورەی بەهۆی ئەو هێز و دەسەڵاتەی هە یەتی ئە مەش وا دەگەیەنێ پلەی نێرەر بەرزترە لە وەرگر، ئەم دەربڕینە لە ئەمینداری گشتی وەزارەت بۆ نوو سەر دەربڕاوە، کە دەیخەینە دەورووبەر بۆ ئەم مەبەستانە دەربڕاوە ئەم گوتنانەی لیَ پێك دێ:

**أ- وەزیر پێویستی بە فەرمانبەر( نووسەر) هەیە.**

**ب- نـابێت چیتر ئەو فەرمانبەرە لە قوتـا بخـانە کاربكا.**

**جـ- شوێنی ئەو فەرمانبەرە لە وەزارەتە.**

**د- ئەو فەرمانبەرە زیادە لە قوتـا بخـانە.**

**ه- پێویستە ژمارەی فەرمانبەر لەم قوتـا بخـانە کەم بكرێتەوە.**

**..................هتد**

∴ ڕسته بەوە لـه گوتن جیادەکرێتەوە، ڕسته دوورە لـه دەوروبەر، واتاکەش پەیوەندی ـیە وا ـتای فەرهەنگی وشەکانەوە هەیە و پشت بە دەوروبەر نابەستێ، هەرچی گوتنە بە پێ چەوانەی ڕ ستەوە پشت بە دەوروبەر دەبەستێت بە بەڵگە و زانیاری واتا و مەبەست بەدەستەوە دەدات.

## - کاتژمێرت پێیە؟

ئەو ڕستەیە واتا ڕاستەوخۆیەکەی پەیوەندی بە واتای فەر هەنگی و شەکانەوە هە ـیە، کە پرسیارکردنە لـه وەرگر، کە تۆ کات ژمێرت پێیە، بەڵام کاتێ دەخرێتە دەوروبەرەوە دەبینرێ ـئەو گوتنە بە مەبەست دەربڕیوە بەرامبەر وەرگر، کە مەبەستی ئەوەیە کات ژمـێر چەندە، کە ـیە مەبەست دەربڕاوە نەك کات ژمێرت پێیە[*].

لـه جیاکردنەوەی ڕستەو گوتن دا لایۆنز دەڵێ: لـه جیاوازی کردنی ڕستەو گوتن کە ڕستە خۆی دەتوانرێ بەکاربهێنرێت بە چەند گوتنێکی جیاواز کە لـەو کاتەدا ڕستە بە پێچەوانەی گوتن واتاکەی نەگۆڕە.

## - ئەمە ببە بۆ ئێرە.

ئەم ڕستەیە، کە دەخرێتە دەوروبەر چەند گوتنێکی لـێ دروست دەبـێت، قـسەکەر(نێرەر) داوا لـه گوێگر(وەرگر) دەکات کارێك جێبەجێ بکات. ئەم گوتنانەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێ:

گوتن: ئەمە ببە بۆ ئێرە. (ئەو پەرتووکە ببە بۆ ئێرە).

نێنەر: بەڕێوەبەری پەرتووکخانە.

وەرگر: فەرمانبەری پەرتووکخانە.

ئەم گوتنە لـه کەسێکی بەرز (بەڕێوەبەری پەرتووکخانە) بۆ پلـەی نزمتر لـه خۆی فەرمانبەری پەرتووکخانە، داوای لـێدەکات پەرتووك ببە بۆ ئێرە، دوور لـەو شوینەی داوای لـێکردووە.

گوتن: ئەمە ببە بۆ ئێرە    ئەم کەلوپەلانە ببە بۆ ئێرە.

نێنەر: دوکاندار (خاوەن دوکان)

وەرگر: کوڕی دوکاندار (کوڕی خاوەن دوکان)

---

[*] شاهر الحسن، 2001: 19.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خاوەن دوکان دەسەڵاتی بەسەر کوڕەکەیدا هەیە، داوای لێ دەکات ئەو کەلوپەلانە (شەکر، ئارد..هتد) ببات بۆ ئەو شوێنەی دەست نیشانی کردووە دوور لە دوکانەکەی.

گوتن3: ئەمە ببە بۆ ئێرە (ئەو دەرمانە ببە بۆ ئێرە).

نێرەر: خاوەن کۆگای دەرمان.

وەرگر: فەرمانبەرە لە کۆگاکە.

لێرەدا لەم گوتنە نێرەر خاوەن کۆگاکەیە، دەسەڵاتی بەسەر فەرمانبەری کۆگا کەدا هە یە، کە ئەو دەرمانە ببا بۆ ئەو شوێنەی دەست نیشانی کردووەو لەو شوێنە ڕیزیان بکات.

**گوتن4**: ئەمە ببە بۆ ئێرە، نوسینی ئەو هاوکێشە لەسەر ئەو تەختەیە نوسراوە بگوازەوە بۆ ئێرە، ئەو شوێنەی دەست نیشانکراوە.

نێرەر: مامۆستای بیرکاری.

وەرگر: قوتابی پۆلی هەشتەم(*).

لێرەدا مامۆستا، کە نێرەرە و دەسەڵاتی بەرزە بەسەر قوتابیدا دەشکێ داوا لە قوتابیە کەی دەکات، ئەو هاوکێشە سنورداره نووسراوە لەسەر تەختەڕەشەکە بۆ لایەکی تر بگوازرێتەوە و لەو شوێنەدا بینوسێتەوە، کە دەست نیشانکراوە.

لێرەدا دەتوانرێ ڕستە بە چەند گوتنی جیاواز بەکاربهێنرێت، بە هۆی دەوروبەری گوتنەوە، هەرجارێ بە پێی داوای نێرەر بۆ وەرگر دەگۆڕێت، نێرەر یان خاوەن دوکانە یان خاوەن کۆگای دەرمانە یان بەڕێوەبەری پەرتووکخانەیە...هتد، بەپێی دەوروبەری گوتنە کە دەگۆڕ ێت، لـ ێرەدا نێرەر دەسەڵاتی بەرزترە لە وەرگر، کە فەرمان بە کەسێك دەکات، دەسەڵاتی نزمترە لە خۆی، ئەو گوتنە دەبێتە گوتنێکی فەرماندان نەك داخوازی بەهۆی ئەو ه ێز و دە سەڵاتی نێ نەر، کە هەیەتی.

دەشێ چەند گوتنێك ڕستەیەك بنوێنی، کاتێ دەگوترێت:

**- من ماندووم:**

من ئاماژەیە بۆ(سەهەند) ئەمە بنەمایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی واتای ئەم گوتنە یە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەمە ئاماژەیە، شتێك نییە لە واتای ڕستە، کە قسەکەرێکی تر دەتوا نێ هەمان ڕ ستە

(*) شاهر الحسن، 2001: 19.

دووباره بکاتەوە بۆ نموونە(یارا)، لێرەدا واتای من ئاماژە یە بۆ بەکارهێنەر، بەڵام من لە چوارچێوەی سیستەمی زمان ئاماژەیە بۆ کەسێکی دیاریکراو جا ئەو واتایەی، کە(من) دەگەیەنێت بریتییە لە کەسی قسەکەر، ڕەتکردنەوەی کەسەکانی تر وەکو گوێگر و کە سی ناد یار، وا تا کەسەکانی کەسی سێیەم...هتد.

- ڕەتکردنەوەی کەسەکانی تر بەم شێوەیە.

- **تۆ ماندوونیت**.

- **ئەو ماندوونییە**.

- **ئێمە ماندوونین**.

- **ئێوە ماندوونین**.

- **ئەوان ماندوونین**.

**گوتن:** یەکەیەکی پراگماتیکەو پابەندە بە دەوروبەر و جیاوازە لە ڕستە، ڕستە دوور دەخرێتەوە لە دەوروبەر هەروەك چۆمسکی ئاماژەی بۆ دەکات.

چۆمسکی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا شۆڕ شێکی لە باتی زما نەوانی نو یدا بەرپاکرد، یە بڵاوکرد نەوەی (کتێ بـی پێکها تەی ڕستە سازی-Surtaxes structures) (1957)، دواتریش تیۆری بەرهەم هێنان و گواستنەوە(T.G theory)، کە بیرە کەی بی ست ساڵ باڵی بەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا کێشا، دەی گوت ڕ ستە بۆ ئەوەی بە کەڵکی لێکۆڵینەوە بێت دەبێت بکرێتە شتێکی نموونەیی و بەم قۆناغەدا بڕوات:

1- ڕێکخستنی داتا، واتە ئەگەر ڕستەکە لە ئاخاوتن وەرگیرابێت دەبـ یت ڕز گار بکر ێت لە هەندێ وەستانی نابەجێ کە یەکسەر واتا نادات بەدەستەوە وەك(ئا، ئێ، ئە، ئۆ...هتد) یان گۆڕان لە زماندا، وەك تێکەڵ کردنی ڕستەیەك لەگەڵ یەکێکی تر.

2- کردنە ستاندەرد، واتە ئەگەر ڕستەیەك وەرگرین، دەبێت ئەو وشانە لابدرێن، کە پەیوە ندییان بەشێوەزارێکی دیاریکراوەوە هەیە.

3- فڕێدانی دەوروبەر، واتە دەبێت ڕستەکە لە دەوروبەر بکرێتەوە. بۆ نموو نە وەك: (کتێبە کە لەسەر مێزەکەیە) نابێ گوێ بدرێتە ئەوەی ڕستەکە لە کێ یەوە بۆ کێ یە، چونکە بەوە چەند واتایەکی جیاواز دێتە کایەوە، یا بە چەندین ڕێگا لێك دەدرێ تەوە، وەك: هەوا ڵدان، هەڕە شە،

ئاگادارکردنەوە، لەوانەشە ڕستە وەکو وەسفی دیمەنێك بێت ئەو لێکدانەوەیە هەڵناگرێت، ئەم بۆچوونەی(چۆمسکی)و سووربوونە لەسەر پوختەکردنی کەرەسە کارێکی وای کرد، کە زمانی ئاخاوتن فەرامۆش بکرێ، بەڵام لە حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا لە گەڵ سەرهەڵدانی پراگماتیك ئاخاوتن کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە[٣].

∴ ڕستە یەکەیەکی سیمانتیکیەو دوورە لە دەوروبەر واتای ڕستەش بە هۆی واتای و شەکان و کاریگەری یاسای ڕێزمانی دێتە بەرهەم بە واتایەکی ڕاستەوخۆ و ڕوون و ئاشکرا. بەڵام گوتن ئەو یەکە پراگماتیکەیە، کە دەوروبەر واتاکەی لێك دەداتەوە (واتای سیمانتیك + واتای دەوروبەر) بە پێچەوانەی ڕستە واتاکەی ڕوون و ئاشکرا نییە و ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت ئەو واتایەش بە پێی چالاکی خوێنەر(گوێگر) لێك دەدرێتەوە بەمەش دەچینە ناو بواری پراگماتیك (کە ئەو زانستە پابەندی چالاکیە، لێکدانەوەی گونجاو بۆ ڕستە ناپەسندەکان دە کات بۆ ئەوەی لە گەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێ)[٤].

بۆ نموونە (چێشتەکە ساردبۆوە) ڕستەیە، بەڵام کاتێ دەخرێتە دەوروبەر وەرگر بەپێی ئەو چالاکیەی هەیەتی لە مەبەستی قسەکەر دەگات، دەست بە خواردنی چێشتەکە دە کات، کەواتە لێرەدا کاتێ ئەو ڕستەیە دەخرێتە دەوروبەری گوتنەکە دەبینرێت، قسەکەر بەمەبەست دەریبڕیوە بە واتای ئەمە نایێت، کە چێشتەکە ساردبووەتەوە، بەڵکو نێرەر مەبەستی ئەوەیە، وەر گر چێ شتەکە بخوات نەوەك ساردببێتەوە.

کەواتە کاتێ ڕستە دەخرێتە دەوروبەر دەبینرێت بۆ گەلێك مەبەست دەربڕاوە بەپێی دەوروبەری گوتنەوکە، کە واتاکەی لە واتای کەرەسەکانی ناو ڕستەکە بەدوورە.

## **پەیامی گوتن**:

زمانەوانان ڕای دەگەیەنن ئەو ڕستانەی، کە لە چوارچێوەی زمان دەردەچن، ئەو زمانەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەر. هەروەها دە لێن زانستی زمان بە تەنها تەواو نییە و شیکردنەوەی زمانی وەسفی بۆ ئەم بابەتە ورد نییە، کە بابەتەکانی تر لە دەرەوەی زمان کاریگەری دەبن، لەبەر ئەوەی زمانەوانەکان هەوڵیاندا، شیکردنەوەکەیان لەسەر زمان بێت و دووری بخەنەوە لەو کەسانەی لە دەوروبەری درەوە قسەی پێ دە کەن. چۆمسکی داوای کرد بە تەواوی هەڵسوکەوت لەسەر زانستی زمان بکرێ و بە مەرجەکانی ناڕێزمانی کاریگەری نەبێت. هەر چی

[٣] نعوم چۆمسکی، 1985: 7-8.

[٤] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 53.

(سوسێر)ە زمان بە سەمفۆنیا دەچوێنێ و هە ڵەکان لە سەر ئەو کە سانەی خاوەن زمانە کەن دانانێت(*).

پەیامی گوتن بۆ تێگەیشتنی ئەم دەربڕینە لەم بابەتە زمانەوانیانەی خوارەوە پێکهاتووە:

1- زمان دەربڕینەکەی دەگۆڕێت بە هەندێ هۆی دیاریکراو.

2- قسەکەر هەڵدەستێ بە دەربڕینی بیروباوەڕ بە ئارەزووی خۆی وە وێنەی نی شانەی نا سراوی لەسەریەتی (ژینگەی زمانەوانی)، ئەو ژینگەی خۆی تیایەتی نەك ئەو کەسانەی قسەی پێ دەکەن.

3- ئەو نیشانانەی دەگەنە بیری نێرەر لە ڕێگای شەپۆلەکانی دەنگ، کە دەردەچێت لە ئامێری دەربڕینی نێرەری ڕۆیشتوی ئاسایی، کە وەرگر وەریان دەگرێت لە ڕێگای بینین یاخود لە ڕێگای بیستن.


4- مێشکی نێرەر هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی ئەو نیشانانەی کە تێی ناگات وای لێ بکە بتوا نێ تێ بگات بەمەش وا دەکات ئەو نیشانانە دیاریکراو بن بۆ گوێگران و وە ئەوانەی لە دەورو بەرە بەشدارن.

- ئەم پەیامە لەلای هەندێ زمانەوانان زانراوە بە پەیامی گوتن.

قسەکەر هەرچی دەڵێت دەبێت خۆی تێ بگات، ئەگەر ئەو نیشانانە هاوبەش بن، لە نێوان نێردراوەکان ئەوا ئەو گەیشتنە سەرکەوتوو دەبێت، کە وەر گر هەمان پەیام لە نێرەرەوە وەردەگرێت. ئەمە دڵنیابوونە لەبۆ ئەو دەربڕینە، بەڵام ئەگەر پەیامەکە پچڕاوبێت واتە پچڕ پچڕ بێت یاخود جیاوازبێت لە پەیامی لێکدراو یاخود جۆراو جۆر بێت ئەوا ئەو دەربڕینە تەواو نابێت. زمان وەکو پردێك وایە لەنێوان نێرەرو وەرگر بۆ گەیاندنی بیروباوەڕ بەتایبەتی لە بیرو باوەڕی تایبەت:

(*) محمد محمد یونس، 1993: 124.

پەیامی گوتن دەتوانرێ لەم هێلکاریەی خوارەوەدا دەست نیشان بکرێت:



[1]

گەرچی هەندێ زمانەوانی تر بەم هێلکارییەی خوارەوە پەیامی گوتن دەست نیشان دە کەن و گرنگی پێ دەدەن:

کەناڵ          کود

نێرەر ---← پەیام -----     ---------     ------← وەرگر.

Receiver     Channal     Code   Message   Sender

مەبەستی پەیام لەم هێلکارییەی سەرەوە ئەو وێنەیە یاخود ئەو زانیارییە ـیە یار ـمەتی ز ـمانی خاوەنەکەی ئەو بە یارمەتی نیشانەکان ـیاخود ـیە یار ـمەتی نو سیراوێك پەیامە کە دەنێردر ـێت. وەرگر[2].

کەواتە پەیامی گوتن: ئەو زانیاریانەیە، کە لە لا ـیەن ن ـێرەر ـبەهۆی شەپۆلەکانی دە ـنگ دەنێردرێت بۆ وەرگر، ئینجا وەرگر چ بە ڕێگای بینین چ بە ڕێگای بیستن وەری دەگرێت. دوای شیکردنەوەی ئەو داتاو زانیاریانە دەکات بە پێی ئەو توانایەی هە ـیەتی و پێویـ ـستە ـئەو پەیا ـمەی

---

[1] محمد محمد یونس، 1993: 124.

[2] هەمان سەرچاوە: 122-123.

ئاراستەی وەرگران دەکرێت لە ئاستی وەرگر دابێت بۆ ئەوەی گەیشتنێکی سەرکەوتوو بێت و بە پەیامێکی سەرکەوتوو ناوبرێت و کاری تێگەیشتن بۆ وەرگران و گوێگران قورس و زەحمەت نەبێت.

## - بنەماکانی گوتن:

1- نێرەر Sender

2- وەرگر Receiver

3- پەیام Message

4- دەوروبەر Context [١]

گوتن بەستراوە بەم چوار بنەمایەی سەرەوە، هەریەکە لەم بنەمایانە دەورێکی گرنگیان لە جێبەجێکردنی کاری گوتندا هەیە، بە نەبوونی هەریەکەیان دەبێتە هۆی ناتەواوی کاری گوتنەکە، چونکە هیچ کامێکیان بەبێ ئەوەی تر بەهاو نرخی نابێ.

## 1- نێرەر Sender:

ئەو کەسەیە، کە هەڵدەستێ بە ئاراستەکردنی پەیام بۆ بەرامبەرەکەی، جا بەرامبەرەکەی کەسێك یان چەند کەسێك بێت[٢]، ئەو پەیامەی، کە دەگەیێنێتە وەرگر دەبێت پەیوەست بێت بە فەرهەنگی بیری وەرگرەوە. (نێرەر کاتێ دەیەوێت پەیامێك بگەیەنێتە ئەو کەسانەی کە وەرگرت پێویستە ئارەزووی هەبێت وە ئەو وتەی دەگەیەنێتە کۆمەڵەکەی بەو زمانەی کە هەیەوە بەستراو بێت بە فەرهەنگی بیری کۆمەڵەکەی بە شێوەیەکی گونجاو وە پەیوەندییەکان لە هەردوو لایان بەستراون بە پێی ڕێنمایەکانی زمان)[٣]. زمانیش پێك هاتووە لە چەند نیشانەیەك، چ زارەکی، چ نوسراو، کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەی بەکاری دەهێنن و لایان زانراوە[٤]. دروست بوونی کردار و پێکهاتەی قسە دەکەوێتە ژێر باری نێرەر، لەبەر ئەوەی زمان بەشدارە لە کرداری قسەکردنەوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە گوێگران، لێرەدا چالاکی زمان دەردەکەوێ بۆ ئەو کەسانەی کە دەری دەبڕن و گوێی لێدەگرن لە چۆنیەتی دروست بوونی پەیام بە شێوەیەکی ڕاست و گونجاو.

---

[١] محمد محمد یونس، 1993: 123.

[٢] صالح ابو اصبح، 1999: 12.

[٣] محمد محمد یونس، 1993: 131.

[٤] عصام الموسی، 2003: 70.

گەیاندنی پەیام کارێکی ئاسان نییە، نێرەر هەڵدەستێ بە دروستکردنی پەیام و دامەزراندن و ڕێکخستنی، لەبەر ئەوەی بەگشتی پێکهاتووە لە کۆمەڵێك دانە کە بەستراوە بە کەسایەتی خۆیەوە، ئەو شتانەی دەتوانی بهێنتە ئاراوە لە ناوەڕۆکی پەیامەکە کە بە هیچ شێوەیەك ئەو کەسانەی وەری دەگرن توشی کەم و کوڕی نابن، لەبەر ئەوەی نێرەر لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و خودی توانای خۆی وەریگرتووە، ئەو پەیامەی نێرەر دەهێنتەدی گونجاوە لەگەڵ ڕاستی، جا چ درو ست بێ، یاخود نادروست بێت، لەبەر ئەوەی ئەو دەربڕینە لەگەڵ بیروباوەڕی خۆی دەگو نجێ. گەلێك جار نێرەر دەربڕینێك دەردەبڕێت لای وەرگر(گوێگر) ئەو دەربڕینە بەدیاردەکەوێ کە گو نجاوە یاخود نەگونجاوە لە واقع ئەم دوو ڕایە کۆمەڵگا دیاری دەکات و لێک یان جیادەکا تەوە بەپێی کۆمەڵگاکەش دەگۆڕێت. بۆ نموونە: ئەگەر نێرەر باسی کەسێك بکات یاخود ناوی بهێنێ ناو و ناتۆرەی چاکی و خراپی کەسەکە لە لای وەرگر بەدیاردەکەوێ(١).

کەواتە نێرەر: بە بنەمایەکی هەرە سەرەکی و گرنگی گوتن دادەنرێت وە پێگەیەکی بالای هەیە، بەبێ بوونی وەرگر و پەیام و دەوروبەر بوونی نییە وە ئەو کەسەیە، کە بیرێکی لا درو ست دەبێ، ئینجا بۆ سەر هێماکان وەری دەگێڕێت دوای پەیامەکە ئاراستە دەکات، بۆیە دەبێت نێرەر کەسێکی لێهاتوو و شیاو بێت. لەناو کۆمەڵگادا شوێنی دیاربێت. لەبەر ئەوەی خۆی بەرپرسە لە گەیاندنی پەیام لێرەدا دەتوانرێ بە نێرەر(قسەکەر) بووترێ بڵاوکەرەوە یاخود پاسەوانی بابەتەکە.

## 2- **وەرگر**: Receive

ئەو کەسەیە، کە پەیامی نێرەری دەگاتێ(٢) لە ڕێگای ئەندامەکانی بینین و بیستن لە ناو مێشکدا نیشانەکان جیادەکاتەوە. ئەو کارەی وەرگر پێی هەڵدەستێ پێچەوانەی نێرەرە، چونکە نێرەر پەیامەکە دادەنێت بە چەند نیشانەیەك ڕەوانی دەکات، ئینجا وەرگریش هەڵدەستێ بە وەرگرتنی ئەو پەیامە، کە ئەو پەیامە پارچە پارچە بووە دوای چوونەتە پاڵ یەك بە ڕێکخستنێکی گونجاو، لێرەدا دروست بوونی پەیام بە دوو قۆناغدا تێ دەپەڕێ:

1- پارچەکراو.

2- چونە پاڵ یەك(٣).

---

(١) محمد محمد یونس، 1993: 123.

(٢) عصام الموسی، 2003: 72.

(٣) محمد محمد یونس، 1993: 123.

کاتێ وەرگر ئەو پەیامەی دەیگاتێ، بۆ شیکردنەوەو هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ پەیامە کە پشت بە ڕۆشنبیری و کەسایەتی خۆی دەبەستێ بۆ ئەوەی خۆی جیابکاتەوە لەگەڵ کەسانی تر. کاتێ پەیامەکە ئاسان و ڕوون و ئاشکرابوو واتە قورس نەبوو لە توانای وەرگردابوو، ئەو کا تە وەرگر بە ئاسانی شییان دەکاتەوە تێیان دەگات، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەبوو پەیامە کە قورس و گران بوو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو، ئەو کاتە کاری وەرگر کارێکی قورس و گران دەبێت بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتنی، بۆیە وەرگر لێرەدا ناچار دەبێت پەنابباتە بەر ئەم سێ قۆناغە:

1– لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی، لە ڕێگا وشەو لێکدانەوەی.

2– بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی تیایدا و تراوە تا بزانین دە گونجێن لە گەڵ ئەو دەوروبەرەی یان ناگونجێ.

3– ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند، ئەو کاتە دە بێ بگەڕێ تەوە بۆ هە ندێ زان یاری کە سی و کەلتوور(٭).

وەرگر کاتێ پەیامی نێرەری پێ دەگات بە پێی ئەو توانایەی هەیەتی دەتوانێ لە مەبە ستی پەیامی نێرەر بگات وە شیان بکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ بە دروستی بگەینێتە کە سانی تر، مەرج نییە ئەو پەیامە ڕاستەوخۆ ئاراستەی کە سێك کراب ێت، بەڵکو لەوانە یە ئارا ستەی ژمارەیەکی زۆر لە وەرگر کرابێت. لێرەدا ژمارەی وەرگران زۆر دەبێت بەمەش تواناش لە نێوان تاکەکانی وەکو یەك نابێت لە گەورەوە بۆ بچووك لە نێر بۆ مێ...هتد جیاواز بێت(٭). ئەو کا تە شیکردنەوە و تێگەیشتن وەك یەك نابێت لە نێو تاکەکانی نێو کۆمەڵگا کە وەرگرن.

کەواتە وەرگر ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێ بە وەرگرتنی پەیام وە بەپێی ئەو چالاکیەی هەیەتی دەتوانێ لە مەبەستی نێرەر بگات و لە ڕێگای مێشك دا شی بکاتەوە، کاتێ وەر گر پەیامە کەی ڕاستەوخۆ ئاراستە کرابێت، لە لای ئەو شیکردنەوەو تێگەیشتنی ئا سان دەب ێت، بەڵام ئە گەر ناڕاستەوخۆ ئاراستەی کرابێت ئەو کاتە وەرگر بە پێی ئەو چالاکیەی هە یەتی دەتوا نێ شی بکاتەوەو تێی بگات، چونکە هەموو مرۆڤێك لە توانادا یەکسانە بەڵام لە چالاکی یەک سان نین، لەبەر ئەوەی هەر تاکێکی نێو کۆمەڵ لە چالاکی دا جیاوازە بۆیەش چالاکیدا لە وەرگر ێك بۆ وەرگرێکی تر دەگۆڕێت.

(٭) عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 56.

(٭) عصام الموسی، 2003: 72.

### 3- **پەیام** Message:

دەقێكی زمانییە لە دوای بەكارهێنان(٣١). كە نێرەر بە زارەكی، یاخود بە نووسینەكی دەگەیەنێتە وەرگر. نێرەر و وەرگر پارچەیەكی بەیەكەوە بەستراون، واتە بەیەك پارچەن، كە بەشەكانیان بەیەكەوە بەستراوە، هەر گۆڕانكاریەك و جیابوونەوەیەك بكرێ دەبێتە هۆی گۆڕان و تێكدان و پەیامی پچڕ پچڕ و دەبێتە هۆی كەم و كورتی لە تێگەیشتنی وەرگر، كەواتە ئەو گوتن و دەربڕینانە لە ناوەخۆیان دا پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە بۆیە زانایان ئەم پەیوەندییەیان دابەشكردووە بۆ دوو بەش، بەم شێوەیە:

1- ڕێژەی گوتن.

2- ڕێژەی دەرەوە.

بۆ نموونە: شۆخان هات.

- ڕێژەی (گوتن): شۆخان(بكەرە) و (هات) كارە.

- ڕێژەی دەرەوە، دەبێت چ هۆكارێك وای كردووە شۆخان بێت، یاخود هاتنی شۆخان بۆ ئێرە چی دەگەیەنێ بۆ چی هاتووە...هتد.

پێكهاتەی پەیام بەستراوە بەواقعی دەرەوە وە بەستراوە بەو كەسەی نێرەرە، كەچی وەرگر بە پێی بۆچوونەكانی خۆی هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكات(٣٢). دەشێ تاكە پەیامێك هەڵگری چەند مەبەستێك بێت. مەبەستەكانی لە لایەن وەرگرەوە ڕوون دەكرێتەوە بە مەش دە چینە ناو بواری پراگماتیك، مەرج نییە نێرەر ئەو پەیامەی ئاراستەی وەرگری دەكات لە ڕێگای زمانی ئەنجام دەدرێت، بەڵكو هەندێ جار وا ڕێك دەكەوێ بە ڕێگای نازمانی(ئیشارە) دەری ببڕێت. وەك بزاوتنی دەست و سەر و چاو...هتد، بە تایبەتی ئەو كەسانەی(كەڕن). لە كاتێ قسەكەر پەیامێك بە وەرگر دەگەیەنێ لەێرەدا وەرگر كە سایەتی نێرەری چ لە ڕووی تەمەنەوە چ لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە بۆ دەردەكەوێ، ...هتد.

---

(٣١) محمد محمد یونس، 1993: 132.

(٣٢) محمد محمد یونس، 1999: 136.

**بنەماکانی پەیام[1]:**

1– نیشانەکان (الرموز).

2– ناوەڕۆك (المضمون) واتاو مەبەست دەگرێتەوە.

3– شێوازە (الاسلوب) شێوەی پێشکەش کردن.

کەواتە پەیام یەکێکە لە بنەماکانی گوتن، کە لە لایەن نێرەر دەنێردرێت بۆ وەر گر چ بە ڕێگای قسە بێت واتە بەزارەکی یاخود بە ڕێگای وێنە(نوسین)بێت، کە ئەو پەیامە هەڵگری واتەو مەبەستە.

## 4- **دەوروبەر**: Context

فیرث(Firth)و مالینۆفسکی(Malinowsky) وەکو دوو توێژەر زمان بایەخێکی زۆر گرنگیان بە دەوروبەر داوە، هەر لەسەر دەستی ئەم دووانەوە بەرەو پێش چووە، هەروەها زمانەوانی تر هەن وەك (Mitchell ،Sinclair ،Mclutosh ،Halliday)[2]. فیرث (Firth) لە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوونەکانی مالینۆفسکی(Malinowsky)دا مالینۆفسکی لە قوتابخانەی لەندەن مامۆستای ئەنترۆپۆلۆژی بوو، دوای جەنگی دووەمی جیهانی یەکەم کەس بوو چوو بۆ دوورگەکانی دەوروبەری ئوسترالیا لە ئۆقیانووسی باسیفیك بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر دانیشتوانی خەڵکی دوورگەی تروبریاید(Trobriahd). لە کاتی تۆمارکردنی تێبینیەکان بۆی دەرکەوت، کە ئەو وشە و دەستەواژەو ڕستانەی، کە خەڵکی ئەم دوورگە ئەیان ڵێن، ئەگەر بێت و کاری وەرگێڕانیان بۆ بکرێ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بە وەرگێڕانی پیتی(حرفی) زۆر گران و قورسە بە تایبەتی ئەگەر بێت و باس لە داب و نەریت(عادات و تقالید) بکرێت ئەوا گرانیەکەی زیاتر دەبێت.

مالینۆفسکی(Malinowsky) لە هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی چارە سەری کێشەکە بکا، تێبینیەکانی خۆی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الحدائق الساحلیە و سحرها– Coral Garden (saud (Thenmagid) ئەو تێبینیانە بوو بە هۆی دانانی بنەماکانی تیۆری دەوروبەر لە وەسفکردنی واتا، بیرو بۆچوونەکانی مالینۆفسکی دەربارەی ئەم بابەتە بریتییە لەوەی کە واتای ڕستە لە دەوربەرێکی دیاریکراو دا کە لێوەی دێ دەست نیشان دەکرێت. ئەو دەوروبەرەی کە مالینۆفسکی مەبەستیەتی بریتییە لە ژینگەی سروشت یان واقعی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، بەڵام

[1] عصام الموسی، 2003: 71.

[2] احمد موختار، 1982: 68.

مالینۆفسکی درێژەی نەدا بە فراوان بوون و دەوروبەر و چۆنیەتی بەدەست هێنانی لە چوارچێوەی تیۆرێکی شیکردنەوەی واتادا نەکردووە، لەبەر ئەوەی مالینۆفسکی زمانەوان بوو، بۆیە بایەخی بە دارِشتنی تـیۆری ـنەداوە. ـفیرث بیرۆ ـکەی گرنـگی لێکۆلـیـنەوەی ز ـمانی ـلە چوار چێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراو لە مالینۆفسکی وەرگرت و وردەکاری لەم بیرۆکە ـکردو ـکردی ـبە بنیادێکی ڕووت، هەرچەندە پێشتر بیرۆکەیەکی گشتی بوو، کە پەیوەندی ـیە لا ـیەنی ڕۆ شنبیری کۆمەڵ هەبوو، فیرث وەکو زمانەوانێك سەیری زمانی دەکرد وەك کردارێکی کۆمەلا ـیەتی ـیان چالاکییەکی کۆمەلاّیەتی فیرث ئەم تیۆرییەی لەسەر بناغەی پەیوەندی زمان بە تاك و کۆمە ـلەوە دامەزراند، بۆیە بیرۆکەکەی باری دەوروبەر لای فیرث واتە: لێکۆلێنەوەی زمان وەکو ـئامێرێکی کۆمەلاّیەتی کە لە کۆمەڵدا تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵە بەکاری دەهێنن بە مەبەستی دیاریکراو.

لەم بیرۆکانە چەند ڕاستیەکمان دەربارەی دەوروبەر بەرچاو دەکەوێت:

1– ڕاستیەکان بەستراوە بە بەشداربووانی ڕووداوی زمان، وا ـتە ـئەو کە سانەی لە سەر ز ـمان دەدوێن (منداڵ، گەنج، ئافرەت...هتد) ئەو کەسانەی شوێنیان لە ناو کۆمەڵ دا دیارە.

2– خودی ڕووداوە زمانییەکان.

3– شتە ماددییەکان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕووداوی زمان هەیە.

4– کاریگەری دەستەواژە زمانییە دەربڕاوەکان بەکردار، چۆن ڕ ستەیەك ـکار ـلە گوێگر ـێك دەکات، بەلاّم مەرج نییە هەمان کاریگەری هەبێت لەسەر گوێگرێکی تر، ئەمەش ـبەهۆی داب و نەریتەوە.

هالیدەی (Halliday) دەڵێ: (دەوروبەر بەشێکە لە پلا ـندانانی گ شتی، لـ ـێرەدا هیچ جیاوازییێك نییە لە نێوان چ دەڵێین و چۆنی دەیلێین؟ زمان ـلە ڕێ ـگای ـبەکارهێنانی دەورو ـبەر دروست دەبێت، هەرچیەکی تیایە بە دەوروبەر بەستراوتەوە) [٣٦].

بەشێکی زۆر لە واتای وشەو ڕستە بەکارهێنراوەکان پشت بە زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر دەبەستن، بۆیە پێویستمان بە دەوروبەر دەبێ، نەك تەنها بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ز ـمانی بەکارهاتوو یا قسە دەگونجێ بۆ ئەم دۆخە، بەلاّم ناتوانین شێوازی زمان ـیان ئا ستەکانی ز ـمان و سروشتی زمان باسی لێوە بکەین[٣٧]. پێویستمان بە دەوروبەر دەبێت بۆ دیاریکردنی وا ـتای و شە. مارتن دەڵێ دوورکەوتنەوە لە دەوروبەر واتای وشە نامینێ[٣٨]. هەروەها ـلەم بارە ـیەوە تخ ـشتین

[٣٦] يحيى أحمد، 1989: 82–84.

[٣٧] يحيى أحمد، 1989: 84.

[٣٨] سالم شاكر، 1992: 31.

دەلێ: بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای بەکارهێنانی دا بگەڕێ[ڕ]. لە ڕێگای بەکارهێنانیەوە نرخی وشە دیاری دەکرێت واتای وشە دروست دەبێ بەپێی ئەو دەوروبەرەی بەکارهاتووە، بەمەش واتای وشە زیاتر ڕوون دەبێتەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی ( هەموو و شەیەك بەبێ بەکارهێنانی بە نەبوو(نەبزێو) دادەنرێت)[یڕ]. وشە لە دەوروبەر دووربخرێتەوە یاخود لە دەرەوەی دەوروبەردا واتای نییە[سە]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ وشە بەپێی دەوروبەری ڕستە واتای دەست نیشان دەکرێ. ئەگەر وشەی(باش[شە]) بە نموونە وەربگرین، لە ناو ڕستەدا بەپێی بەکارهێنانی واتاکەی دەگۆڕێت. بەم شێوەی خوارەوە:

دکتۆری باش. (شارەزا)

پارەی باش. (زۆر)

مامۆستای باش. (زیرەك)

کەواتە بەبێ پشت بەستنی بە دەوروبەر ناتوانین لە واتای ڕستە و واژە بگەین، دەوروبەریش گۆڕانکاری واتای بەسەر گشت وشەکانی ناو ڕستەدا دێنێت[ھ]، ئەگەر هەڵوێستەکە گونجاو بوو تەواو لە ڕستەکە دەگەی، ئەگەرنا وا دەزانی نێرەر کەسێکی بیانی(ئەجنەبی) بۆت دەدوێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو دەربڕینە گونجاوە لەو دەوروبەرەوە ئەو دەربڕینە گونجاو نییە.

لە ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە زمانەوانان بۆیان دەرکەوت و گەیشتن بە چینێك لە دانان و ڕوونکردنەوە لە نێوان ئەو نوسراو دیاریکراوە. واتای ڕستە لە دەوروبەرێك جیاوازە لە گەڵ دەوروبەرێکی تردا، کەواتە هەمان واتا ناگەیەنێ بە گۆڕانی دەوروبەر دەتوانرێ هەموو ڕستەیەك بگۆردرێ و گۆڕانی بەسەردا بێت، بەوەڵام دانەوەی ئاشکرا بەپێی ڕۆشنبیری واتای ڕستە دەگۆڕێت[□]، چونکە ئەوان وەکو بەشداربووێك کاریگەریان بەسەر واتای ڕستەدا هەیە. نێرەر کاتێ دەیەوێت لە لایەن کۆمەڵەوە قسەکانی بەپێی دەوروبەر دەری دەبڕێت، گوێگریش بەپێی ئەو دەوروبەرە واتاکەی لێك دەداتەوە و دەست نیشانی دەکات.

---

[ڕ] موریس أبوناصر، 1982: 33.

[یڕ] عزمی سلام، 1990: 67.

[سە] كلود جرمان: ريمون لويلان، 1994: 44.

[شە] نور الهدشن، 1995: 96.

[ھ] د.عبدالرحمن بوردع، http//www.al-wagha comlarchive/indexnhu/T-1856htmt

[□] فان دايك، 1999: 226.

هەروەها فیرث پێی وایە، کە دەوروبەر بە تەواوی بەشێکە لـە پێکهاتەکانی زمان وەکو پێکهاتەی ڕێزمان کە بە کاری دەهێنێ ئەو دەبێتە نموونە، ئەوەی بەکاری دەهێنێت بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بێ گونجاو بێت بۆ تەتبیقکردنی لـەسەر ڕووداوەکانی زمان.

فیرث بەم شێوەی خوارەوە لـە چەند خاڵێك دا دەیخاتەڕوو:

1- سیفەتی سەرەکی بەشداربووان (کەسایەتی کەسەکە).


2- توانای دەربڕینی زمان بە ڕێگای زمانی.

3- توانای دەربڕینی زمان بە ڕێگای نازمانی. (زمانی ئیشارەت).

4- ئەو کەلـوپەلانەی پەیوەندیان بە زمانەوە هەیە.

5- شوێنەواری توانای زمان(*).

بەم پێیە یاخود بەم شێوەیە دەتوانرێت دەوروبەر کۆبکرێتەوە و ڕێك بخرێت ئەو داوایە یە نرخەی فیرث دەبێتە بەشێك لـە لێکدانەوەی دەربڕینی زمانەوانانی زمان.




1- دەوروبەری کەلـتوری.

2- بارودۆخی هەڵوێست.

3- دەوروبەری دەروونی.

4- دەوروبەری کۆمەڵایەتی.

5- دەوروبەری مەبەست.

(*) ف.پالمر، 1985: 63.

## <u>جۆرەکانی دەوروبەر</u>:

1- دەوروبەری زمان (Linguistic Context)

أ- زمانی قسەکردن.

ب- زمانی جەستەیی(ئاماژە).

2- دەوروبەری نازمانی (Situational Context)

## 1- <u>دەوروبەری زمان</u>: (Linguistic Context)

ئەم جۆرە دەوروبەرە بەستراوە بە ڕێوشوێنی زمان و وشەکان و ڕێزکردنی جۆارو جۆر واتە پابەندی یاسا و ڕێسای زمان و وشە و ڕیزبەندییە جیاوازەکانە[ىت]. کە ئەمەش دەق دەگرێتەوە ڕێکەوتنی ڕێزمانی و واتای مەرجێکی گرنگە بۆ پتەوی دەق، تیایدا وشە و ڕستەکان بەدوای یەکتردا دێن و لە زنجیرەکە یەکتری تەواو دەکەن، هەریەکەیان بەردەوامی ڕستەی پێش شووترەو ڕەچاوی زانیاری نۆی دەکرێ لە ڕستەکان[ىر]. کە لێرەدا هەموو شتێك بە ستراوە بە ناوەوەی زمان دوور لە دەوروبەر چ شتێك یارمەتی دەرە لەسەر دۆزینەوەی واتای یەکگرتووی زمان لە شێوەی ڕێکخستن[سم]، ئەو واتایەش لەسەر وشەکە خۆی لە گەڵ نرخە کەی. هەروەها ئەم دەوروبەرە ئاماژە بەوە دەکات لەوەو پێش، چ شتێك وتراوە بۆ نموونە ئەگەر باسی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك لە ڕستەکانی پێشتردا بکەین لە کاتێ ئاماژەکرندا لە ڕێگای ڕاناوەکانەوە لە ناو دەوروبەردا دەزانرێ ئاماژە بە تاك، یان بە کۆیەکان دەکات بۆ نموونە ئەوان یەک سەر دەزانرێت کە ئاماژە بۆ کۆیەکان[شم]. ئەم ئاماژەکردنە تەنیا ڕاناوەکان ناگرێتەوە بەڵکو مۆرفیمی نا سراوی و ئاوەڵناو...هتد دەگرێتەوە.

زمان بە دوو جۆرە پەیوەندییەو بەندە:

1- پەیوەندی ناوەوەی زمان.

2- پەیوەندی دەوروبەری ئاخاوتن[ه].

---

[ىت] نور الهدشن، 1995: 98.

[ىر] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 32.

[سم] عبدالقادر عبدالجلیل، 2006: 228.

[شم] سازان رضا، 2005: 72.

[ه] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 99.

ئەگەر ئاخاوتن بوو دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو كات و شوێنەی قسەكەی تیاكراوە و كاریگەریان هەیە بەسەر گوتنەكەوە.

## 2- پەیوەندی ناوەوەی زمان (دەوروبەری زمانی) دەگرێتەوە:

لە دەوروبەری زمانیدا پەیوەندی بە پێش یاخود پاش وشەكە، یان ڕستەی پێش و پاش كاریگەریان بەسەر واتاوە هەیە. ئەمەش دەق دەگرێتەوە هەروەك لە پێناسەی دەق بۆمان ڕوون دەبێتەوە (چەند ڕستەیەكی بەدوای یەك داهاتوون، كە ئەو ڕستە بەدوای یەك داهاتووانە یەكتری تەواو دەكەن و پەیوەندییەكی بەتین بە یەكیان دەبەستێتەوە)[1]. مەرجیش نییە ئەو ڕستەیە بە دوای یەك هاتووانەی نێو دەق واتای یەكتری تەواو دەكەن وە بە دەقیش دابنرێت، بۆیە پێویستە ڕستە یەكەكانی نێو دەق پەیوەندیەكی واتایی بەیەكەوەیان ببەستێت، تاوەكو واتای یەكتری تەواو بكەن.

**ئێستا باران دەبارێ، نەسرین كراسێكی جوانی كڕی، بەیانی دەچین بۆ سەیران، ئازاد نەوزادی بەگرتن دا...هتد.**

هەرچەندە ئەم ڕستە بەدوای یەك داهاتووانەی لە كۆمەڵە ڕستەیەك پێك هاتووە، بەڵام هەر ڕستەیەك واتایەكی سەربەخۆ دەبەخشێ، كە هیچ پەیوەندییەكی واتای لە نێوانیان دا نییە، بۆیە ناتوانرێ بەدەق دابنرێت.

(هێمن بەو مەراقەوە ڕووەو زانكۆ ڕۆیشت، هەیتا هەیتا سەیری كات ژمێرەكەی دە كردو لەبەر خۆیەوە دەیووت: كاتی موحازەرە كە هاتووە، یە كەم موحازەرە ئەمڕۆ مێژوومان هەیە....هتد).

ڕێگا: 25

دەتوانرێ ئەوەی سەرەوە بە دەق دابنرێت، چونكە ئەو یە كە بەدوای یەكان پەیوەندی واتایان بە یەكەوە هەیە واتای یەكتر تەواو دەكەن.

كەواتە دەوروبەری زمانی دوورە لە دەوروبەری گوتنە كە، تەنیا ئاماژە بە ناوەوەی زمان(دەق) دەكات پەیوەندی بە دەرەوەی دەق نییە بە پێچەوانەی دەوروبەری نازمانی كە ئەو پەیوەندیە بە دەوروبەری گوتنەكەوە هەیە هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ كراوە.

---

[1] Loyns, 1976: p.1-2.

## دەوروبەری زمانی:

أ- قسەکردن(دەنگ):

1- دەوروبەری کەلتور.

2- بارودۆخی هەڵوێست.

3- دەوروبەری دەروونی.

4- دەوروبەری کۆمەڵایەتی.

5- دەوروبەری مەبەست.

## 1- دەوروبەری کەلتور(کەلچەری):

لەم دەوروبەرەدا دیاریکردنی دەوروبەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەتوانرێ ئەو وشەی تیا بەکاردەهێنرێت وەك: بەکارهێنانی وشەی (rich)و (wealthy) لە ناو کۆ مەڵگاو خەڵکی بەریتانیا ئەم وشانە هەردووکیان ئاماژە بە چینی بەرزی بەریتانیا دەکەن[١]. بە هەمان شێوە لەلای ئێمە واتە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بەکارهێنانی وشەی(ئافرەت و ژن)، هەریەکە لەم وشانە لە لای چینی جیاواز دەردەبڕێت ئەو چینەی کە بەرزە وشەی ئافرەت بەکاردەهێنێت. وا تە ئەو کەسانەی، کە وشەی ئافرەت بەکاردەهێنن چینی بەرزیان هەیە لە ناو کۆ مەڵگادا. وە کو ئەو کەسانەی لە لادێ ژیان بەسەردەبەن وە پلەی ڕۆشنبیری کاریگەری هەیە بەسەر گۆڕانی واتا بە پێی ئەو دەوروبەرەی کۆمەڵگا تیایەتی. زۆر وشە هەیە بەپێی باری ڕۆ شنبیری کۆ مەڵگا واتا یان دەگۆڕێت، چونکە(پلەی ڕۆشنبیری واتا دەگۆڕێت)[٢]. هەر ڕۆشنبیریەك لە ڕووی سروشتی خۆی وشەی تایبەتی بەکاردەهێنێت. لە هەمان کاتدا ئەو و شانەی لە ناو کۆمەڵگا یەك بەکاردێت جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تر. هەروەك ئەگەر و شەی ڕەگ[٣] وەرب گرین چەند واتا یەکی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە:

- **لای زمانەوان بە واتای ڕەگی کار دێت.**
- **لای مامۆستایەکی بیرکاری بە واتای ڕەگی دووجا دێت.**
- **لای کەسێك کە لە بواری کشتوکاڵ( زراعە ) کاربکات بە واتای ڕەگی دار و درەخت دێ...**

---

[١] أحمد موختار، 1982: 71.

[٢] فان دایك، 1999: 226.

[٣] نور الهدشن، 1995: 99.

به شێوەیەکی گشتی دە ـتوانرێ ـیووترێ دەورو ـبەری ڕۆ شنبیری بە سترا وه ـیه ژ ـیانی کۆمەڵایەتی ئەو پەیوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵ لە بارەی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە[*].

## 2- **بارودۆخی هەڵوێست**:

ئەم جۆرە ڕووداوە و بارودۆخانە لەخۆدەگرێت، کە بەسترا وە بە هەڵوێستی با ـبەتی ز مانی لەگەڵ کاریگەری لە واتای ئەو بابەتانەی کە ئاراستەکراون، کە واتایەکی تایبەتی دەدەن بە بابەتی زمان، وەکو لەم ڕستەی خوارەوە بەدیاردەکەوێ[*]:

**- ئازاد بەخێربێت.**

ئەو ڕستەی سەرەوە ئەو کاتە بە ئازاد دەوترێت، کە سەردانی کەسێك ب کات ـلە لا ـیەن کەسەکەوە بەخێرهاتنی دەکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئازاد قو ـتابی ب ـێت ـئەو کا ـتە دواب کەوێ لەوانەکەی کاتێ دەچێتە ژوورەوە لە لایەن مامۆستاکەی بەخێرهاتنی لێ بکرێت ئەو کاتە بۆ ئازاد دەبێتە توانج و تانە.

**- سوپاس کارەکەت بۆ کردم.**

ئەو ڕستەی سەرەوە ئەو کاتە دەوترێ کە قسەکەر کارێکی بۆ گوێگر کرد ـبێ گوێگریش سوپاس و دەست خۆشی لێ بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو کارەکەی بۆ نەکردبێ واتە ئەو کارەی، کە ئەو پێی ڕاسپاردووە ئەو کاتە بۆ گوێگر دەبێتە توانج و تانە کە ناتوانێ کار بۆ ـئەو جێ ـبەجێ بکات.

به شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ و لە تواناد هەیە ئەو بارودۆخە پەیوەندی دارە بە هەڵوێستی بابەتی زمانی ئاراستەکراو وە ئەوانەی کاریگەرن لەسەر واتای بابەتی زمان لەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکرێ:

1– ئەو بارودۆخەی بەشداربووان ئاخاوتنی تیا دەکەن. وەکو دانیشتنی سیاسی ـیاخود دانیـ ـشتنی تر.

2– دەوروبەری ئەو بارودۆخەی، کە بابەتەکەی تیا ڕوودەدات.

---

[*] شێرزاد صبری، 2007: 99.

[*] محمد محمد یونس، 1993: 138.

بۆ نموونه: کاتێك کۆمەڵە کەسێك چاوەڕوانی دەرکەوتنی مانگ دەکەن، کە توشی کەسێك بێت لـە ئەوانەوە کەمێك دووربێت، کە لـە لای تۆ مانگ دەرکەوێت. لێرەدا ـمانگ ـلەلای ـتۆ دەبینرێت تۆش دەست نیشانی دەکەی بۆ کۆمەڵەکەت کە مانگ ببینن ئەم گوتنە داخوازییە.

3- ئەو شوێن و کاتەی کە ئاخاوتنی تیادا ڕوودەدات.

بۆ نموونە: کاتێك دەڵێن: من لـە هەولـێرم.

کەواتە تۆ لـە کوردستانی ئەمەش بە واتای ئەوە دێ کە ـتۆ ـلـە ـشارێك ـلـە ـشارەکانی کوردستانی بە پێی شوێن دیاردەبێت.

4- کەرستە و ڕووداوەکان، کە بریتین لـە بابەتی ئاخاوتن بۆ نموونە کاتێ تۆ بلـێیت کەش و هەوا ساردە، خۆی لـە ڕاستیدا کەش و هەوا گەرم بێت ئەو کاتە وەرگر تێدەگات کە تۆ گاڵتەو تا ـنەی پێ دەکەیت.

5- پەیوەندی لـە نێوان بەشداربووانی ئاخاوتن دا، لـە ڕووی پلـەوپایە و جۆری پەیوەندی نێوانیان، هەروەکو کاتێ نێرەر بلـێتە وەرگر: (پەنجەرەکە بکەرەوە). لێرەدا ئەو داخوازییەی، کە نـێرەر ـلـە وەرگر دەکات فەرمانییە یاخود داوایە. ئەمەش دەوستێتە سەر زانیاری دەربارەی پلـەوپایەی نـێرەر و وەرگر، ئەگەر ئەو داخوازییە لـە خاوەن ماڵ بۆ خولامە ـکەی ـبوو ـیاخود ـلـە مامۆ ـستا ـبۆ قوتابییەکەی بوو یاخود لـە باوك بۆ کوڕەکەی ـبوو ـیاخود ـلـە بەرێوە ـبەر ـبۆ فەرمانبەرە ـکەی بوو...هتد، ئەو کاتە ئەو داخوازییە دەبێتە فەرمان، بەڵام ئەگەر نێرەر و وەرگر یەك ئاست بن ـئەو کاتە ئەو داخوازییە دەبێتە داوا(التماس)[تر].

## 3- **دەوروبەری دەروونی**:

دەوروبەری دەروونی وەکو بابەتێك لـە زمانەوانی دەروونی کار دەکات، فـنـدریس وە ـکو زمانەوانێکی دەروونی لـەم باوەڕەدایە، ـکە ـهەموو کردە ـیەکی ـگوتن ـهەڵگری کارێ ـگەری دەروونییە[ير].

ئەم جۆرە دەوروبەرە بەستراوە بە پلـەی هەڵچوون[سم]، هەست و سۆزیش دەگۆڕێت ـبەپێی هێز و تواناو لاوازی، لـەبەر ئەوەی هـێز و لاوازی ـلـە هەڵ چوونە بەدیاردە ـکەوێ[شم]، کەوا ـتە

[تر] محمد محمد یونس، 193: 139–140.

[ير] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 4.

[سم] نور الهدشن، 1995: 99.

[شم] أحمد موختار، 1982: 71.

دەورووبەری دەروونی ئەو هەڵچوونە دەروونیانە دەگریتەوە، کە نێرەر ڕ ستە و گوت نەکانی ت ێدا دەردەبڕێت و وەرگریش بەرامبەریەتی چۆن ئەو ڕستانە شیدەکاتەوە ئەو مەبە ستانە جیادەکا تەوە بەپێی ئەو بارە دەروونیەی هەردوولا نێرەر و وەرگر تیایدان.

- **کوژرا**.

- **کوشتیان**.

ئەگەر وشەی کوژرا لەگەڵ وشەی کوشتیان وەرب گرین، بەپێی ئەو بارە دەروون یەی کۆمەڵگا تیایدایە ئەم دوو وشە دەردەبڕدرێت، بەپێی هەست و سۆز واتا یان دەگۆڕ یت، د یارە وشەی کوژرا شوێنی زۆر گەورەی هەبووە لە کۆمەڵگا و سیاسەت، بەڵام ئەوەی تر کوشتیان یە پێچەوانەی وشەی کوژرا شوێنی لە ناو کۆمەڵگا دیارنەبوو.

شاعیر کاتێ لە وەسفدا هەست و سۆزی یە جۆرە ها هە ست و سۆزی خۆشەوی ستی هۆنراوەکەی دەردەبڕێت، کە ئەمەش بەستراوە بە دەروونی کەسەکە، کە ئەو هەست و سۆزەش بەدیاردەکەوێت لە ڕێگای نزیك بوونەوەی عاشق و خۆشەویستەکەی[٣٦]. ئێ مە ئەو گوتنا نەی دەریان دەبڕین باری دەروونی کاریگەری بەسەریانەوە هەیە، کە باری دەروونیش یەهۆی پ لەی سۆزەوە بەدیاردەکەوێ، بۆ نموونە ئێمە لە کاتی توڕەبوون جیاین لەگەڵ کاتی ڕقمان هەڵدەستێ. ناوەڕۆك و پەیوەندی دەروونی لە نێوان ئاخێوەرێك و ئاخێوەرێکی تردا جیاوازیان هە یە. لە بەر ئەوەی هەموو کەسێك بۆی هەیە ببێتە ئاخێوەر و ببێتە گوێگر، بۆیە ئەو پەیوەندی ناوەڕۆکانەی لە دەربڕینەکاندا دێن جیاوازییان دە بێ هەر و شەیەکیش کە گۆدەکر یت و دەردە بڕێن ئەوا ڕەنگدانەوەو کاریگەری دروونی کەسەکەش لەسەر دەبێت[٣٧]، بۆ نموو نە ئە گەر ب یت و ب لێین (سەرسەنگ) دەکرێ ئەم دەربڕینە دوو جۆرە واتا بگەیەنێ، لە کاتێکدا ئە گەر ق سەکەر پێ شتر سەردانی ئەو شوێنەی کردبێ، ئەو دوو واتایەش یان یادگاری یەکی خۆش یاخود یادگاری یەکی ناخۆشە بەڵام واتای ئەم دەربڕینە لەم دەورووبەرەدا لای وەرگر بەپێی ئەو بۆچوونە دەبێ کە یارە دەروونیەکەی دەست نیشانی دەکات. جگە لە پێکهاتەی ز مانی هە ست و سۆزیش هەمی شە جیاوازی دەبەخشێتە وشەکە.

---

[٣٦] نور الهدشن، 1995: 99.

[٣٧] سازان رضا، 2005: 66.

## 4- دەوروبەری کۆمەڵایەتی: (Social context)

ئەم جۆرە دەوروبەرە لەسەر ناوەندی کۆمەڵگا بنیاتدەنرێت، شوێنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای هەڵوێستی ڕەسمی و ناڕەسمییە[١]. ئێمە کاتێ گفتوگۆ لەگەڵ پارێزەرێك، یان لەگەڵ دا یك، یان لەگەڵ مامۆستا... دەکەین بەپێی ئەو باره کۆمەڵایەتییەی تیا یداین جیاوازی دەبینرێت لە گفتوگۆکانمان دا، هەروەها گرایس لەم بارەیەوە دەڵێت: (دەوروبەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دەست نیشانکردن و دیاریکردنی ئەو جۆرە پەیوەندییەی، کە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە، ئاخۆ دەبێت نێرەر و وەرگر برادەربن یاخود ناسیاو بن یاخود خوشك و برا...هتد[٢]. ئەو جۆرە دەرووبەرە کۆمەڵایەتییە چەندین یاسا کۆمەڵایەتی بەخۆدەگرێت کە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە لە کردەی گوتن و گەیاندن بەپێی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی تیایدا یە[٣]. بۆیە دەوروبەری کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو یاسا کۆمەڵایەتیە کە ڕێگەپێدەرن بۆ هەندێ لە گوتنەکانی کە جۆرەها کردەی لێکگەیشتن بەرهەم دەهێنێت. بەهۆی ئەو یاسا کۆمەڵایەتیەی هەیە قوتابی بۆی هەیە داوا لە مامۆستاکەی بکات کە ئەو بابەتەی تێ نەگەیشتووە بۆی دووبارە بکاتەوە، بەڵام ناتوانرێت کوڕ بە باوکی بڵێت بێ دەنگ بە یاخود قوتابی بە مامۆستاکەی بڵێت بێ دەنگ بە.

1- **قوتابیان بێ دەنگ بن.**

* 2- **باوکە بێ دەنگ بە.**

3- **مامۆستا بە یارمەتیت ئەو بابەتەم بۆ دووبارە بکەرەوە.**

هەریەکە لەو ڕستانەی سەرەوە پابەندە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی، کە تێدا دەربڕاوە بێ ئەوەی خوێنەر و وەرگر ئامادەیی هەبێت لەو شوێنەی کە گفتوگۆی تیاکراوە وە ئاستی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر لە پلەوپایەی دەسەڵات و هێزدا دیارە، لە ڕستەی یەکەم و سێیەم ئاستی پلەوپایەی دەسەڵات و هێزی نێرەر بەرزترە لە وەرگر، لە ڕووی دەوروبەری کۆمەڵایەتی ئەم دوو ڕستەیە پەسندە ڕەچاوی پەیوەندی نێوان هەردوو بەشداربوو(نێرەر و وەرگر) کراوە.

بەڵام ئەگەر سەیری ڕستە دووەم بکرێت بە پێچەوانەی ڕستەی یەکەم و سێیەم ڕەچاوی پەیوەندی نێوان بەشداربووان (نێرەر و وەرگر) نەکراوە، کە بە ڕستەیەکی ناپەسند و نادروست دادەنرێت هەرچەندە ئەگەر سەیری بکەین لە ڕووی سینتاکسی(ڕیزبوونی کەرەسەکان)و

[١] جمعه السید یوسف،1990: 99.

[2] Grice`s, 2002: p.11.

[٣] جمعه السید یوسف، 1990: 99.

واتاسازی پەسندە. بەڵام بەپێی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی کە تا کەکانی ئەو کۆمەڵگا یە تیا یەتی ناتوانرێ بە پەسند و دروست دابنرێن.

بابەتەکان بە پێی دەوروبەری کۆمەڵایەتیەوە دەگۆڕێت، چونکە دەورو بەری کۆمەڵا یەتی ئەمانە دەبەستێتەوە بە کۆمەڵگاوە لەبەر ئەوەی زمان بەستراوە یە کۆ مەڵگاوە[٣١]، چ لە ڕووی ڕەوشت چ لە ڕووی بیرکردنەوە هەمووی بە ستراوە یە ژ یانی کۆمە ڵەوە. وە هەریە کە لە دەوروبەری ڕۆشنبیری و دەروونی...هتد دەکەونە ژێر یاری دەورو بەری کۆمەڵا یەتی و ئەو دەوروبەرانە هەر بە هۆی کۆمەڵگاوە بەرهەم د ێن و لە کۆمەڵگا یەك بۆ کۆمەڵگا یەکی تر جیاوازن. چونکە ئەمانە لە دایکبوونی کۆمەڵن و هەر ئەمەش وایکردووە بتوانین بلێین ز مان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر ج یاوازی بەخۆ یەوە دەبینێ، لەبەر ئەوەی وشەکانی ز مان یەپێی یاری ئابووری و کۆمەڵا یەتی و ئاینی خۆ یان دەگونجێنن. ئەگەر ڕامیاری بوو، ئەوا ئاماژەکرد نەکانی بە شێکە لە ڕام یاری ئەو کۆ مەڵگا دیاریکراوە لەخۆدەگرێ[٣٢].

## 5- **دەوروبەری مەبەست**:

سەیرکردنی ڕستە بەپێی مەبەست لە دەوروبەردا، لێکۆڵینەوەیە لە گوتن و مەبە ست وەك هاتنەخوارەوەی ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز وە دراسەکردنی ئەو ئایەتە بەپێی دەورو بەری مەبەست، کاتێ سەیری ئەو ئایەتە دەکرێ دەبینرێت بە مەبەست هاتووتە خوارەوە بۆ نموونە: کاتێ خودای گەورە ئەو ئایەتەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ناردە خوارەوە وتی: بخوێنە(اقراء) هات نەخوارەوەی ئەو ئایەتە بە مەبەست بوو بۆ ئەوەی فێری خوێندەواری بێ[٣٣].

هەر کاتێ نێرەر دەربڕینێك یاخود ڕستەیەك دەردەبڕێت وە دەیخاتەڕوو بۆ وەر گر، لەو کاتەدا وەرگر ئەو ڕستەیە وەردەگرێت و شی دەکاتەوەو لێکی دەداتەوە دەبین یێت یە مەبە ست دەربڕاوە،کە نێرەر لەم گوتنە مەبەستێکی هەیە، هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگایە بە مەبەستێکی جیاواز شیدەکاتەوە، بۆیە دەتوانرێ بووترێ ئەو ڕستەیە لە لای گوێگرێك مەبەستێك دەگەیەنێ ،کە چی لە لای گوێگرێکی تر مەبەستێکی تر دەگەیەنێ بۆ نموونە:

- **پارەت پێیە؟**

---

[٣١] جمعه السيد يوسف، 1990: 99.

[٣٢] سازان رضا، 2005: 72–73.

[٣٣] عبدالرحمن بودرع: http//www.al-maqua comlarchive lindexuhu-1856 htl

کاتێ ئەو ڕستەیە، دەخرێتە دەوروبەربەپێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە دەبینرێت نێرەر بەرامبەر گوێگر بەمەبەست دەریبریوە ، لێرەدا نێرەر مەبەستێکی هەیە لەم گوتنە، گوێگریش لەوکاتەدا بەپێی ئەو چالاکیەی هەیەتی لە مەبەستەکەی دەگات، پێی دەڵێت: ـپارەت ـپێ دەوێ. بەڵام لەوانەیە بە پێی دەوروبەر لەلای گوێگرێکی تر بە مەبەستێکی تر دەربڕابێت، کە پارەی ـپێ بدات ئەگەر پێی نەبێت.

∴ زۆربەی ڕستەکانی ژیانی ڕۆژانەمان دەخرێتە دەورو ـبەر دەبینر ـێت زۆر ـبەیان ـیە مەبە ـست دەربڕاون هەر گوێگرێك بەپێی دەوروبەر بە واتایەك و مەبەستێك لێکی دەداتەوە بۆ نموونە:

- **دەرگاکە بکەرەوە**.

کاتێ ئەو ڕستەیە دەخرێتە دەوروبەر دەبینرێت بۆ گەلێك مەبەست دەربڕاوە و وتراوە بەپێی ئەو دەوروبەرەی تیایدایە، لەوانەیە مەبەستی ـئەوە بـ ـێت کە ـسێك ـلە دەر ـگا دەدات دەر ـگای لێبکاتەوە، یاخود مەبەستی ئەوە بێت ژوورەکە گەر ـمە دەرگا ـکە بـ ـکەرەوە، ـیان ئۆتۆمبیلە ـکە دەهێنمە ژووری دەرگاکە بکەرەوە یان میوانەکان خەریکن دەڕۆن دەرگاکە بکەرەوە...هتد، ـبۆ گەلێ واتا و مەبەستی تر دەربڕاوە بەپێی دەوروبەر واتاکەی دەگۆڕێت.

ئەگەر بێت و بەگشتی باس لە جۆرەکانی دەوروبەر بکرێت زۆرن وەك دەوروبەری زانیاری و دەوروبەری کاتی، دەوروبەری بابەتی...هتد، بۆیە ئەوەی پێویستە لێرەدا تی ـشیك بخە ـمە ـسەر چەند جۆرێك کە پێویستە ئەو جۆرانە باس بکرێت و بە نموونەوە بخرێتەڕوو، ـکە هەریە ـکە ـلەم جۆرانە جێگەی بایەخە بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ڕێگای ـئەو ـجۆرە دەوروبەرا ـنە وا ـتای ـگوتن و دەربڕینەکان شی بکەنەوەو لێك بدەینەوە. بۆیە ئەگەر ـسەرنجێك بدەیـ ـنە جۆرە ـکانی دەورو ـبەر دەبینین کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ئەو دەربڕینانەی کە ڕۆژانە دەریان دەبڕین بە پێی ئەو جۆرە دەوروبەرانە دەتوانرێ لە هەڵوێست و مەبەستی قسەکەر بـ ـکەین، وە ـگوێگریش ـبە پـ ـێی ـئەو چالاکیەی هەیەتی لەو دەوروبەرانە دەتوانێ لە گوتنەکان بکات، بۆ نموونە:

- **بەیانی پەرتووکەکە بهێنەوە**.

- **<u>دەوروبەری ڕۆشنبیری</u>**:

لێرەدا دەردەکەوێ، قسەکەر یاخود نێرەر پلەوپایەو دەسەڵات و هێزی لە وەرگر(گوێگر) زیاترە، ئەو ڕستەیە وا دەبینرێت لە فەرمانبەری پەرتووکخانە بۆ قوتابیێك، بۆ ـمان ڕوون دەبێ ـتەوە کە نێرەر فەمانبەرە وەرگریش قوتابیە فەرمانی بۆ کراوە پەرتووکەکە بگەڕێنێتەوە، ـمەرجیش نیـ ـیە

وەرگر قوتابی بێت بەڵکو لەوانەیە مامۆستا بێت، کە مامۆستاش بە هەمان شێوە دەبێت ئەو داوایەی فەرمانبەری پەرتووکخانە بەجێ بهێنێ پەرتووکەکە بگەڕێنێتەوە، چونکە لێرەدا فەرمانبەر لە ڕێگای بەڕێوەبەری پەرتووکخانە کە ڕێگای پێی دراوە ئەو فەرمانە بەجێ بهێنێ.

## - دەوروبەری کۆمەڵایەتی:

بەپێی ئەو یاسا کۆمەڵایەتیەی لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، دەبێ کۆمەڵگا پابەندی ئەو یا سایە بێت وە جێبەجێ بکات، بۆیە پشت گوێخستنی پەرتووکەکە دەبێتە هۆی غەرامەکردنی کە سەکە بەپێی ئەو غەرامەی بۆی دانراوە، بۆیە لێرەدا نێرەر دەبێت پابەندی ئەو یا سایە بێت و پەیانی پەرتووکەکە بگەڕێنێتەوە بۆ پەرتووکخانە.

## - دەوروبەری دەروونی:

هەڵچوونی باری دەروونی قسەکەر(فەرمانبەر)ە بەرامبەر بە گوێگر، بۆ ئەوەی کاری گەری زۆر هەبێت لەسەر دەروونی گوێگر وای لێبکات، کە زوو بیگەڕێنێتەوە.

## - دەوروبەری مەبەست:

ئەو ڕستەیە بە پێی دەوروبەری مەبەست، کە دەخرێتە دەوروبەرەوە دەبینین نێرەر ئەو گوتنەی بەرامبەر بە گوێگر بە مەبەست دەربڕیوە، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە گوێگر جێگای متمانە و بڕوانییە، کە جارێکی تر پەرتووکی لەم پەرتووکخانە بردووە، بەڵام لە کاتی خۆیدا نەی هێناوەتەوە واتە فەرمانەکەی بەجێ نەگەیاندووە، مەبەستی لەم گوتنە ئەوەیە کە پەرتووکەکەت پێت دەدەم بە مەرجێك لە کاتی خۆیدا بیگەڕێنیتەوە، کە تانەی لێدەدات کە پەرتووك لە پەرتووکخانە دەبەیت، بەڵام لەکاتی خۆی نایهێنیتەوە.

## ب- زمانی جەستە (ئاماژە):

پەیوەندی کردن بە ڕێگای زمانی، بە پشت بەستن بە هەندێ هێما دێتە پێشکەش کردن و ئاخاوتن(٢٣). بەڵام زۆرجار لە ئاخاوتن دا هەندێ هێما یاخود دەنگی نازمانی ناو بەناو لە کاتی ئاخاوتن بەشداری دەکەن. وەکو (برۆ هەڵتەکاندن، برۆهێنانەوە یەك، پێ دا گرتن لە زەوی، دەست وەشاندن، لێوهەڵقورچاندن(٢٤)، ئەو ئیشارەتانەی بەدەست و سەر...هتد) وەکو زمانێکی

---

(٢٣) شێرزاد صبری، 2008: 99.

(٢٤) سازن رضا، 2005: 72.

دەربڕاو دەری دەبڕن لەو هەڵوێ ستە دەوروبەر هیچ دەنگێك دەرنابڕێ، ئەوە واتا یەكی دیاریكراوی هەیە كە خۆگرگردنە لە هەڵوێستدا. ئەو ئاماژەكردنەی لەش لەگەڵ زمان بەكاردێنێت، دەبنە تەواوكەری بۆ ئاخاوتن بۆیە زاراوەی پەرەی زمانی(Paralanquage) ناو دەبرێت[٣١]. یارمەتیدانی ئاخاوتن ئەوانەی لە جووڵانەوەی دەردەبڕین لە جووڵانەوەی ئەندامەكانی لە شی مرۆڤ وەكو ئاماژەكردنی دەست و نیشانەی سەر و هەموو جووڵانەوەیەكی تری لەشی مرۆڤ دەگرێتەوە، كە ئەوانە دەبنە تەواوكەر بۆ ئەو وشەی نێرەر دەیڵێت یاخود دەری دەبڕێت[٣٢].

كەواتە زمانی ئیشارات كاریگەری زۆری هەیە لە دەوروبەر بۆ ئاشكراكردنی مەبەستی قسەكەر، كە ئەمەش بە هۆی جووڵانەوەی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ دەردەبڕێت وەك: (سەرو چاو لێو...هتد)[٣٣] دەگرێتەوە لێرەدا ئەوەی بەهۆی جووڵانەوەی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ دەردەبڕێت وە دێتە دەربڕین ئەمانە دەچنە ناو هێمای نازمانی، هێمای نازمانیش بریتییە لە زمانی ئیشارات، زمانی ئیشارات بە ڕێگای نازمانی دەردەبڕێت كە بەو جۆرە نێرەر دەتوانێ ئاخاوتن دەربڕێت. بۆ نموونە زۆرجار دەبینین كاتێك كەسێ كارێكی نابەجێ و ناپەسند بەرامبەر كەسی بەرامبەری دەكات، كەسی بەرامبەر سەری لێ بادەدات. كەواتە جووڵانەوەی سەر بەرامبەر بەو كەسانە بەكاردێ كە كاری نابەجێ بكەن و هەروەها چاولێقوچان یاخود لێوقوچاندن....هتد، هەریەكە لەمانە بۆ مەبەستێك بەكاردێن زمانی ئیشارات، كە هێمای نازمانییە دەتوانێ شان بە شانی زمانی سروشت یاخود زمانی ئاخاوتن كاریگەری هەبێت لەسەر وەرگران، بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی نابیستن بەهۆی لە ناوچوونی چەند ناوچەیەك لە دەماخ بە تایبەتی لە نیوە گۆی چەپی مێشك[٣٤]، بۆ نموونە ئەو كەسانەی توشی نەخۆشی چەڵتەی دەماخ بوونە توانای دەربڕینی ئەو وشەیان نییە، بۆیە پەنا دەبنە بەر زمانی ئیشارات كە بە دەست و سەرو...هتد وشەكانیان دەردەبڕن یاخود ئەو كەسانەی لە سەرەتاوە هەر لەو كاتەی لەدایك بوونە ناتوانن قسە بكەن واتە ( كەڕ و لاڵن) ئەوانیش بەهەمان شێوە پەنا دەبەنە بەر زمانی ئیشارات بۆ پێداویستەكانی ژیانی ڕۆژانەیان.

### - دەوروبەری نازمانی:

ئەو كەلوپەلانەی كە لە دەوروبەرماندا هەستی پێ دەكەین وە لەبەر چاوماندا دیارە كاریگەریان هەیە بەسەر قسەكەر، فیرث دەڵێ: (ئەو كەرەسانەی وێنە یان بەرچاوەو بینراوە وەك:

---

[٣١] شیرزاد صبری، 2008: 99.

[٣٢] محمد محمد یونس، 1993: 140.

[٣٣] نور الهدشن، 1995: 98.

[٣٤] دانا تحسین، 2008: 12.

ئامێری کارەبا، تەختە، پانکە، ...هتد لـه دەوروبەری ئەم هۆڵەدا دەبینرێت، جا کەرە سەکان چ بچووك چ گەورە بێت کە دەوروبەری ئەو شوێنەیان داوە هەڵ سوکەوتەکانیان بە ستراوە یە قسە)[٣].

## - کاریگەری دەوروبەر لەسەر گوتن:

ڕستە دەچێتە ژێر باری دەوروبەرەوە بۆ دروست بوونی گوتن، لـ ێرەدا دەورو بەر وە کو یەکەیەکی پراگماتیك کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گوتن، گوتن بەر هەمی وا تای ڕ ستە و دەوروبەرە[٤]. هەر کاتێ دەربڕین یاخود ڕستە دەخرێتە دەوروبەر زیاتر واتاکەی ڕوون دەبێ تەوە، بەهۆی ئەو دەرووبەرەوە دەتوانین چەندین گوتنی لێ دروست بکەین و بە دەستی بهێنین، کە ئەو گوتنانە لـه دەوروبەری بەکارهێنراو مەبەست و واتای جیاجیا بەدە ستەوە دەدەن، کەوا تە ڕ ستە بەهۆی دەوروبەری جیاواز چەند گوتنێك پێك دەهێنێت. لەم نموونەی خوارەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

**- چێشتەکە لەسەر ئاگرە.**

**أ- خواردنەکە هێشتا ماویەتی نەکوڵاوە.**

ئەگەر بێت و پیاوەکە لـه دەرەوە هاتبێتەوە برسی بێت داوای خواردن لـه خێزانەکەی بکات بۆی بهێنێ، ئینجا خێزانەکەی پێی بڵێت خواردنەکە لەسەر ئاگرە. لـ ێرەدا لەو دەورو بەرە یە واتای ئەوە دێت کە هێشتا نەکوڵاوە ماویەتی.

**ب- چاوێکتان لە چێشتەکە بێت نەسووتێ.**

لێرەدا ئەو گوتنە بەو واتایە دێت، ئەگەر ئافرەتەکە بچێتە دەرەوە بۆ سەر کار یاخود بۆ کاری پێویست بچێتە دەرەوە بە یەکێك لـه ئەندامەکانی خێزانەکەی ئەو کەسەی کە لـه ماڵەوە یە پێی بڵێت چێشتەکە لەسەر ئاگرە. کە ئاگاداری بن نەسووتێ.

**جـ- ئێستا ناتوانین بچینە دەرەوە بۆ گەشت.**

ئەم گوتنەش بەو واتایە دێت، ئەگەر ئەندامانی خێزان لـه ماڵەوە بڕیاریان داب یت گە شتێك سازبکەن بۆ دەرەوە، کە کەلوپەل و پێداویستەکان گشتیان ئامادە کردبێت، خێزانەکە لـه پڕ ب ڵێ

[٣] يحيى أحمد، 1989: 83-84.

[٤] محمد محمد يونس، 2007: 139.

چێشتەکە لەسەر ئاگرە، کە ناتوانین ئێستا بچینە دەرەوە لەبەر ئەوەی هێ شتا چێ شتەکە لە سەر ئاگرە و ئامادە نەبووە.

**د- دایکە فریای چێشتەکە بکەوە.**

ئەگەر کەسێك لە ماڵەوە بە دایکی بڵێت دایکە چێشتەکە لەسەر ئاگرە، کە لەو کا تەدا چێشتەکە بۆنی سووتانی لێ بێت، بۆ ئەوەی دایکی فریای چێشتەکە بکەوێ و نەسووتێ.

کەواتە کاتێ ڕستە دەچێتە دەوروبەر چەند گوتنێکی لێ دروست دەب یێت، هەریە کە لەم گوتنانە بە پێی دەوروبەری گوتنەکە واتای جیا جیا دەدەن بەدەستەوە دەدەن، کە دوورە لە واتای پێکهاتەی کەرەسەکانی ناو ڕستە. بەمەش دەوروبەر کاریگەریەکی زۆری هەیە بەسەر گوت نەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئێمە، کە بەبێ ئەو ناتوانرێت هیچ گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی کەرەسەکانی ناو ڕستە بهێنین، وە ناتوانرێت (گوتن) دروست بکرێت، بەخستنە دەوروبەری ڕستە زیاتر وا تادار و دەوڵەمەند دەبێت و گوتنی لێ پێك دێت، گوتن ڕستەی بەکارهێنراوە لە دەوروبەردا.

بۆ نموونە:

- چۆنی؟
- لە کەسێکی بەرز بۆ نزم؟
- لە کەسێکی نزم بۆ بەرز؟
- لە کاتی توڕەیی...؟
- کاتێك قسەکەر قاچی لەسەر قاچی بێت؟
- کاتێك قسەکەر بە پێکەنینەوە ئەم قسەیە بکات؟

............. هتد.

- لە منالێك بۆ گەورەیەك... عەمر درێژ بێت؟
- لە کەسێکی بەرز بۆ نزم.... سوپاس خزمەتکارتم.

ئەم گوتنەی سەرەوە بە خستنە دەوروبەری جیاواز دەتونرێت واتا کەیان دە ست نی شان بکرێت و ئەو دەوروبەرەی، کە ئەو گوتنە تیا بەکارهاتووە جیاوازی شیان هە یە لە گەڵ یەکتر هەریەکە جۆرە کاریگەرییەکی هەیە.

هەروەك لە سەرەوە دەست نیشانکراوە ئەگەر لە کەسێکی ـەرز بووتر ـێت چۆنی؟ ـۆ کەسێك لە پلەوپایە و هێز و دەسەلآت نزمتر لە خۆی ئەوکاتە بە پێی ئەو دەوروبەرە گوێگر پ ـێی خۆش دەبێت، بەلآم بە پێچەوانەوە بەپێی دەوروبەر لە کەسێکی نزم لە پلەوپایە و هێزو دەسەلآت بووتریتە کەسێکی پلەو پایە بەرز ئەو کاتە بەپێی ـئەو دەورو ـەرە گوێگر پ ـێی ناخۆ شە پ ـێی توورەدەبێ وا تێ دەگات کە گاڵتەو تانەی لیّ دەدەیت، یاخود لە کاتی تورەیی بووترێ ئەو کاتە واتاو کاریگەرییەکی تر دەبێت یان لە کاتی قسەکەر قاچی لەسەر قاچی بێت ئەو کاتە بەپێی ـئەو دەوروبەرە گوێگر دلگران دەبێت، بەو شێوەیە پێی بلێت چۆنی کە بەرامبەر گوێگر هیچ ریز ـێك نانوێنێت وا تێدەگات گاڵتەی پیّ دەکات هەروەك خۆمان دەزانین لە ناو کۆمەلگای ئیمە کارێکی ناپەسند نابەجێیە وە بە پێی دەوروبەریش دەگۆرێت کە نیشانەی بێ ریزییە...هـتد، ـئەو گوتنا ـنە هەریەکەیان بەپێی دەوروبەر واتای جیاجیایان هەیە، وە هەریەکە لە مانە کاریگەری تایبەتی خۆ ـیان هەیە بە پێی دەوروبەرکە ئەو گوتنەی تیا وتراوە:

– منالێك بۆ گەورەك.... عەمرت درێژبێت؟

– یاخود لە کەسێکی بەرز.... سوپاس خزمەتکارتم؟

بەهەمان شێوە ئەگەر سەیری ئەو گوتنانەی سەرەوە بکەین کە گوتنی عەمرت درێژ بێت ـبە پێی دەوروبەر دەتوانرێ لە کەسێکی گەورە بۆ منالێك بووترێ، بەلآم لـ ـێرەدا بەپێ چەوانەوە ـلە کەسێکی منال بۆ گەورە دەربراوە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە منال بەرامبەر گەورە گاڵتەی کردووە...هتد، یان لە کەسێکی بەرز بۆ کەسێکی نزمتر لە خۆی بووترێ سوپاس خز ـمەتکارتم، ئەمەش بە هەمان شێوەی سەرەوە، کاتێ ئەو واتایە بە پێی دەوروبەر لێك دەدرێتەوە کە ز ـیاتر ـلە کەسێکی نزم دەوترێتە کەسێکی بەرز بەلآم لێرەدا بە پێچەوانە دەربراوە، کە بە پێی دەورو ـەریش واتای دەگۆرێت....هتد.

## - **جۆرەکانی گوتن لە رووی ناوەرۆکەوە**:

جۆرەکانی گوتن بەپێی دەوروبەری گوتنەکە دیاری دەکرێت لەوانەیە رستەیەکی پر سیاری یان هەوالدان ببێتە گوتنێکی فەرماندان یاخود سەرسورمان یان داخوازی...هتد، هەروەك (سێرێل) بۆ ئەوە دەچێت کە زمان کردەیە، هەروەها پێنج جۆرە کردەی دەستنیشانکردووە(ح)، کە ئەمانەن:

1– کردەی نواندن.

(ح) عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 103.

2- فەرماندان یان ڕێنمایکردن.

3- پەیوەست بوون.

4- ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

5- هەست دەربڕین.

جۆرەکانی گوتن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە پێی دەوروبەری گوتن لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1- گوتنی هەواڵی.

2- گوتنی پرسیاری.

3- گوتنی سەرسوڕمان.

4- گوتنی فەرماندان.

## 1- **گوتنی هەواڵی**:

یەکێکە لە سەرەکیترین و گرنگترین جۆری گوتن، کە بە گوتنێکی ڕاگەیاندن و زانیاری ناو دەبرێت. ئەو زانیاریەش لە لایەن نێرەر دەست دەکەوێت و بەرجەستە دەبێ مەرج نییە ئەو زانیاریەی لە لایەن گوێگر دەست دەکەوێت ڕاست و دوروست بێت، لەبەر ئەوەی بەپێی دەوروبەر و مێشکی نێرەر دەگۆڕێت.

بۆ نموونە کاتێ نێرەر ڕستەیەك دەردەبڕێت، کە ئەو ڕستەیەش لەوانەیە پرسیاری بێت یاخود فەرماندان، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر لە دەوروبەرێکی بەکارهێنراودا دەبێتە گوتنێکی هەواڵی هەروەك لەم نموونەی خوارەوە:

**- ئازاد لەماڵەوەن؟**

ئەگەر سەیری ئەم نموونەی سەرەوە بکەین، دەبینین بە شێوەیەکی پرسیاری دوور لە دەوروبەر خۆی دەنوێنێت، کەرستەی پرسیاریش یان بەهۆی هێز دەردەبڕێت یان بەهۆی ئامراز، بەڵام کاتێ ئەو ڕستە پرسیاریە دەخرێتە دەوروبەری گوتنەوە بە واتای گوتنی هەواڵی دێت بەم شێوەیە:

**- ئێستا دێن بۆ ماڵتان.**

**- دایکم بۆ ماڵی ئێوە دێت.**

- **ئێمە لەبەر دەرگای ماڵی ئێوەین.**

- ............ **هتد.**

- **چراکە هەڵبکە.**

ئەم ڕستەیە ڕ ستەیەکی فەرماندا نە دوور لە دەورو بەر و تراوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەرەوە بە گوتنێکی هەواڵی ناو دەبرێت بەم شێوەیە:

- **کارەبایەکە کوژایەوە.**

- **ژوورەکە زۆر تاریکە.**

- **ئازاد چاوم نابینی تاریکە.**

- ............**هتد.**

2- **گوتنی پرسیاری**:

لەم جۆرە گوتنە نێرەر بە شێوەیەکی پرسیاری گوتنەکەی دەردەبڕێت لە دەورو بەری بەکارهێنراو، کە دەیەوێ زانیاری دەست کەوێ بۆ ئەوەی ئەو کەلێنەی هەیە نەمێنێ نێرەریش ئەو زانیاریەی دەستی دەکەوێت لای وەرگرە، بۆ نموونە:

- **سەیری کات ژمێرەکەت بکە.**

ئەم ڕستەیە دوور لە دەوروبەر بە شێوەیەکی فەرماندان نێرەر دەری بڕیووە، بەڵام کە لە دەوروبەردا بەکاردێت. دەبینرێت بە گوتنێکی پرسیاری دەربڕاوە لە دەوروبەری بەکارهێنراو یە واتای گوتنی پرسیاری دێت بەم شێوەیە:

- **کات ژمێر چەندە؟**

- **بۆچی کات ژمێرەکەت شکاوە؟**

- **کات ژمێرەکەت بە چەند کڕی؟**

- ............ **هتد.**

- **دەرگای ژوورەکەت داخراوە.**

ئەم ڕستەیە بە شێوەیەکی هەواڵی خۆی دەنوێنێت دوور لە دەوروبەر، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەری بەکارهێنراو بە گوتنێکی پرسیاری دەبینرێت، بەم شێوەیە:

**کێ لە ناو ئەو ژوورە دایە؟**

**کلیلی دەرگاکە لە کوێیە؟**

**کێ دەرگای ئەو ژوورەی داخستووە؟**

**هتد**. …………

## 3- **گوتنی سەرسوڕمان**:

لەم جۆرەدا نێرەر گوتنەکەی بە شێوەیەکی سەرسوڕمانەوە لە دەورو ـبەری ـبەکارهێنراودا دەرەبڕێت، لەم جۆرە گوتنەدا نێرەر هەستی خۆی بەرامبەر دیاردەکان و ڕووداوەکانی دەورو ـبەر بەسەر سوڕمانەوە دەدەبڕێت.

- **سەیری ئەم خانووە بکە**.

ئەم ڕستەی سەرەوە دوور لە دەوروبەر بە ڕستەیەکی فەرماندان یاخود داخوازی دادەنرێت، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەری گوتنەوە دەبینرێت ئەم گوتنە بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە:

- **ئای لەم خانووە چەند بڵندە!**

- **خانووێکی زۆر خۆشە!**

- **خانووی وام نەبینیووە!**

- **کەی نوسینەکەت تەواو دەکەی؟**

ئەم ڕستەی سەرەوە دوور لە دەوروبەر بە شێوەیەکی پرسیاری دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەری گوتنەوە دەبینرێت بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، بەم شێوەیە:

- **هێشتا نوسینەکەت تەواو نەکردووە!**

- **نوسینەکەت زۆر ماوە!**

- **هتد**. …………

## 4- **گوتنی فەرماندان**:

ئەم جۆرە گوتنە لە بەشی دووەمدا باسی لێوە دەکەین.

# بەشی دووەم

**- گوتنی فەرماندان.**

- پیناسەی گوتنی فەرماندان.

**- ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان:**

1- ئامۆژگاری کردن.

2- توانج لێدان.

3- بانگ کردن.

4- دوا ڕاگەیاندن.

5- هەڕەشەکردن.

6- ڕەت کردنەوە.

7- گلەیی کردن.

8- قەدەغەکردن.

9- ئیزن دان.

10- داواکردن.

11- ئاگادارکردنەوە.

12- ڕێزگرتن.

13- نرخاندن.

**– پێکهاتەی گوتنی فەرماندان:**

1– پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ):

أ– پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ئەرێ).

ب– پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(نەرێ).

2– پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ):

أ– پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ئەرێ).

ب– پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(نەرێ).

**– جۆرەکانی گوتنی فەرماندان:**

1– گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ):

أ– گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ئەرێ).

ب– گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(نەرێ).

2– گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ):

أ– گوتنی فەرماندانی شاراوە(ئەرێ).

ب– گوتنی فەرماندانی شاراوە(نەرێ).

**– واتای گوتنی فەرماندان:**

1– واتای گوتنی فەرماندانی ئاشکرا.

2– واتای گوتنی فەرماندانی شاراوە.

## گوتنی فەرماندان:

یەکێك لە جۆرەکانی گوتن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گوتنی فەرماندانە. ئەم جۆرە گوتنیە یەکێکە لە گرنگترین و باوترین شێوازی بەهێزی داخوازی کردن[ث] دادەنرێت لە دەوروبەری بەکارهێنراودا. کە نێرەر لەم جۆرە گوتنەدا بە پێی ئەو دەسەڵات و پلەوپایەی هەیەتی لە ناو کۆمەڵگادا دەتوانێ فەرمان بەسەر وەرگر(گوێگر) بکات. جا ئەو فەرمانکردنە ڕا ستەوخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ بێت بۆ ئەوەی کارێك جێبەجێ بکات یاخود قەدەغەی بکات لێی نەکات. ئەو جۆرە گوتنە ناڕاستەوخۆیە بەهۆی دەوروبەری گوتنەوە بەدیاردە کەوێ مەبەست لەو دەوروبەرەی، کە گوتنەکەی تیا دەوترێ لە دەوروبەری بەکارهێنراودا. زۆر جار نێرەر(قسەکەر) ڕستەیەك ئاراستەی وەرگر(گوێگر) دەکات، ئەو ڕستەیە لەوانەیە هەواڵدان بێت یاخود پر سیاری یاخود سەرسوڕمان یاخود داخوازی بێت، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەری گوتنەکەوە دەبینرێت لە لایەن نێرەر بە مەبەستێ دەربڕاوە، کە گوتنێکی فەرماندانە، بە پێی دەوروبەری بەکارهێنراو، لەو کاتەدا وەرگریش بە پێی ئەو چالاکیەی هەیەتی دەتوانێ گوتنەکە شی بکاتەوە لێکی بداتەوە لە مەبەستی بگات. هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

1. **کات تەواو بووە.**

ئەو ڕستەی سەرەوە ڕستەیەکی هەواڵدانە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەری گوتنەوە دەبینرێت نێرەر(قسەکەر) مامۆستایە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابیەکان) گوێگر دەری بڕیوە بە مەبەستی ئەوەی، کاتی تاقیکردنەوەیان تەواو بووە دەفتەرەکانی پێ بدەن، ئەممەش گوتنێکی فەرماندانە بە ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە.

- **دەفتەرەکانتانم پێ بدەن**

گوتنێکی فەرماندانە (مامۆستا بۆ قوتابی).

2. **تاڤان قەڵەمت پێیە؟**

ئەگەر بڕوانینە ئەو ڕستەیە ناڕاستەوخۆ لە لایەن نێرەر بە پرسیارکردن دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر دەبینرێت لە بەڕێوەبەر بۆ فەرمانبەرەکەی بە گوتنێکی فەرماندان دەریبڕیوە، بە مەبەستی ئەوەی قەڵەمی پێبدات.

- **قەڵەمەکەتم پێ بدە.**

---

[ث] عبدالواحد مشیر دزەیی، (2009): 10.

گوتنێكی فەرماندانە (بەڕێوەبەری فەرمانگە بۆ فەرمانبەر).

### 3. گوڵەكانی ناو باخچەكە هەمووی وشك بووە!

(لە خاوەن ماڵ بۆ كارەكەرەكەی).

ئەو ڕستەیە لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەر سوڕمان دەبڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەورووبەرەوە دەبینرێت نێرەر(قسەكەر)(خاوەن ماڵ)ـە بەرامبەر بە وەرگر (كارەكەر)ـە بە مەبەستێ دەریبڕیوە. باخچەكە پێویستی بەئاودانە كە ئەم جۆرە گوتنەش گوتنێكی فەرماندانە:

- **گوڵەكانی ناو باخچە ئاوبدە.**

گوتنێكی فەرماندانە (خاوەن ماڵ بۆ كارەكەرەكەی).

### 4. لە دەرگا دەدرێت.

ئەو ڕستەیەش بە ناڕاستەوخۆ لە لایەن نێرەر بە هەواڵ گەیاندن دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەورووبەری گوتنەكەوە دەبینرێت نێرەر(باوك)ـە بەرامبەر بە وەرگر(كوڕەكەی) بە مەبەستێ دەریبڕیوە، بچێت دەرگاكە بكاتەوە ئەو گوتنە بە گوتنێكی فەرماندان دادەنرێت.

- **كوڕم دەرگاكە بكەوە.**

گوتنی فەرماندان (لە باوك بۆ كوڕەكەی).

### 5. زانیوتانە بەیانی پشوو نییە؟

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاركردن دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر دەبینرێت نێرەر(بەڕێوەبەر)ە بەرامبەر بە وەرگر(مامۆستا)یە بە مەبەستی ئەوەی دەربڕیوە، كە بەیانی دەوام بكات، بە پێی دەوروبەری گوتنەكەوە بە گوتنێكی فەرماندان دادەنرێت.

- **بەیانی دەوام بكەن.**

گوتنێكی فەرماندانە (بەڕێوەبەر بۆ مامۆستا).

### 6. باری تەندروستیت زۆر خراپە!

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر بە ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەوە دەبینرێت نێرەر(قسەكەر) پزیشكە بەرامبەر بە وەرگر

(نەخۆش)ە بە مەبەستی ئەوەی، کە باری تەندروستی خراپە دەبـێت ـئەو ـشەو ـلە نەخۆ ـشخانە بمێنێتەوە.

**- ئەمشەو لە نەخۆشخانە بخەوە.**

گوتنێکی فەرماندانە (دکتۆر بۆ نەخۆش).

کەواتە گوتنی فەرماندان ئەو جۆرە گوتنەیە، کە ڕستەی هەواڵدان، پرسیاری، سەرسوڕمان، داخوازی لـە دەوروبەری بەکارهێنراودا دەگرێتەوە، لـەم جۆرە گوتنەشدا نێرەر(قسەکەر) کەسێکی بەهێز و پلـەو پایەو دەسەڵاتدارە بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر)، کە دەتوانێ فەرمانی پێ بـکات ـئەو فەرمانەش دەبێ لـە لایەن وەرگر(گوێگر) جێبەجێ بکرێت بەپێی ئەو دەوروبەرەی تیا ـیەتی، ـکە دەوروبەر نیشانی دەدات ئەم جۆرە گوتنە بە پێی ئەو دەوروبەرە گوتنێکی فەرما ـندان دەگە ـیەنێ نەك داخوازی. بەم پێیە نێرەر دەتوانێ گوتنی فەرماندان دەربـڕێت لـە دەورو ـبەری ـبەکارهێنراودا ئەو کەسانەن، کە پلـەوپایە و دەسەڵاتیان هەیە لـە ناو کۆمەڵگا کە کەسانی دەست ڕۆیشتوو و ـبە پلـەوپایەن، کە ئەو داوایەی کە لـەلای ئەوانەوە دەکرێت بەرام ـبەر ـبە وەرگر( ـگوێگر) دەبێ ـتە گوتنێکی فەرماندان بە پێی دەوروبەری گوتنەوە کە ئەو فەرمانەش دەبێ جێبەجێ بکرێت، ـبەڵام مەرجیش نییە هەموو کاتێك کەسی دەسەڵاتدار و پلـەو پایە بتوانێ فەرمان بەسەر وەر ـگر بـکات. ئەگەر بە نموونە وەربگرین کاتێ نێرەر کەسێکی دەسەڵاتدار بێت، کە بەڕێوەبەری فەرمانگە بـێت وەرگریش فەرمانبەرێك بێت لـەم فەرمانگەیە، ـبەڵام ئە ـگەر بەڕێوە ـبەری فەرمانگە ـکە ـکارێکی نابەجێی کردبێت فەرمانبەرەکەش ئاگاداری بێت لـەو کاتەدا فەرمانبەرەکە دەتوانێ فەرمان بەسەر بەڕێوەبەر بکات گوتنی فەرمانبەرەکەش بە پێی دەوروبەری گوتنەوە دەبێتە فەرمان کردن بەرام ـبەر بە بەڕێوەبەر.

**- کارێکم پێیتە.**

ئەو ڕستەیە لـە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بەهەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورو ـبەر بە پێی دەوروبەری گوتنەکەوە، کە ئەو گوتنەی تـیا و ـتراوە نـێرەر (فەرمانـبەر)ە بەرام ـبەر ـبە وەرگر(بەڕێوەبەر)ی فەرمانگەکە دەریبڕیوە بە مەبەستی فەرمان کردن، کە کارەکەی بۆ جێ ـبەجێ بکات بە پێی دەوروبەری گوتنەکەوە بە ـگوتنێکی فەرما ـندان ـلـە دەورو ـبەری ـبەکارهێنراودا ناودەبرێت.

**- کارەکە م بۆ بکە.**

گوتنێکی فەرماندان (فەرمانبەر بۆ بەڕێوەبەر).

## ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان:

زمان(Language) کۆمەڵە ئەرکێك لە خۆدەگرێت ئەرکەکانیش دیاریکراوە بۆ نموونە (یاکۆپسن) حەوت ئەرك بۆ زمان دەستنیشان دەکات کە بریتین: (ئەرکی زانیاری، هەوا ڵدان، پرسیارکردن، ورژاندن، فەرماندان...هتد)[*]. دەتوانرێت بووترێت هەندێ لەو ئەرکانە سەرەکین هەندێکی تر لاوەکین، گوتنی فەرماندانیش کاتێ دەخرێتە دەوروبەر بەپێی دەوروبەری گوتنەکەوە لە دەوروبەری بەکارهێنراودا زۆر ئەرك لەخۆدەگرێت. ئەو ئەرکانەش لە لایەن نێرەر(قسەکەر) بەپێی ئەو پلەو پایەو هێز و دەسەڵاتەی هەیەتی ئاراستەی وەرگر دەکرێت، وەرگریش بەپێی ئەو چالاکیەی هەیەتی لە مەبەستی دەگات. لە هەمان کاتدا ئەرکەکانیش بەپێی دەورو بەرو مەبەستی نێرەر دەگۆڕێت. مەرجیش نییە گوتنێکی فەرماندان تەنها یەك ئەرك بنوێنێ، بەڵکو لەوانەیە گوتنێکی فەرماندان چەند ئەرکێك بنوێنێ بەپێی دەوروبەری بەرکاهێنراو.

## ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان ئەمانەن:

1- ئەرکی ئامۆژگاری کردن.

2- ئەرکی توانج لێدان.

3- ئەرکی بانگ کردن.

4- ئەرکی دوا ڕاگەیاندن.

5- ئەرکی هەڕەشەکردن.

6- ئەرکی ڕەتکردنەوە.

7- ئەرکی گلەیی کردن.

8- ئەرکی قەدەغەکردن.

9- ئەرکی ئیزن دان.

10- ئەرکی داواکردن.

11- ئەرکی ئاگادارکردنەوە.

12- ئەرکی ڕێزگرتن.

13- ئەرکی نرخاندن.

[*] محمد معروف فتاح، 1990: 26.

## 1- **ئەركی ئامۆژگاری كردن**:

لەم جۆرە ئەركەدا نێرەر (قسەكەر)ئامۆژگاری وەرگر( گوێگر) دەكات بە گوتنێكی فەرماندان بۆ گرتنەبەری ڕێگای دروست و ڕاست وە دووركەوتنەوە لە كاری ناپەجێ و نادروست، ئەو جۆرە ئەركەش لە كەسێكی دڵسۆز بەرامبەر وەرگر(گوێگر) دەكرێت وەك: لە باوك بۆ كوڕەكەی یان لە دایك بۆ كچەكەی یان لە مامۆستا بۆ قوتابی...هتد بە گوتنێكی فەرماندان لە دەوروبەری بەكارهێنراودا دەردەبڕێت.

### أ- ئەمڕۆ باش نەتان خوێندوە.

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بەپێی دەوروبەری گوتنەكەوە ئەو گوتنەی تیا وتراوە بە گوتنێكی فەرماندان دادەنرێت، نێرەر(مامۆستا)یە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی)یە دەریبڕیوە بە مەبەستی ئامۆژگاری كردن هەوڵ بدەن باش بخوێنن خۆتان ماندووبكەن بۆ ئەوەی بتوانن لەو بابەتە دەربچن.

### - بەیانی باش بخوێنن.

گوتنێكی فەرماندان (مامۆستا بۆ قوتابی) (ئامۆژگاری كردن).

### ب- كوڕم لەگەڵ ئازاد دەگەڕێی؟

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاركردن دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەری گوتنەكەوە، ئەو گوتنەی تیا وتراوە گوتنێكی فەرماندانە، نێرەر (باوك)ـە بەرامبەر بە وەرگر (كوڕ)ەكەیەتی دەریبڕیوە بە مەبەستی ئامۆژگاری كردن، كە لە گەڵ برادەری خراپ نەگەڕێت.

### - كوڕم لەگەڵ هاوڕێی خراپ مەگەڕێ.

گوتنێكی فەرماندان (باوك بۆ كوڕ) (ئامۆژگاری كردن).

### جـ- ئەمڕۆ گەشتەكە ئەنجام دەدەن!

ئەو ڕستەیە لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەر سوڕمان دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەكەی تیا وتراوە گوتنێكی فەرماندانە، نێرەر(دایك)ـە بەرامبەر بە وەرگر (كچ)ـەكەیەتی دەریبڕیوە بە مەبەستی ئامۆژگاری كردن، كە ئاگاداری خۆی بێت و دوور نەكەوێتەوە لە مامۆستاكانی نزیك ئەوان بێت....هتد.

**- كچم نزيك ماموٚستاكانت دابنيشه.**

گوتنێكی فەرماندان (دايك بۆ كچەكەی) ئەركی ئامۆژگاری كردن.

## 2- <u>ئەركی توانج لێدان</u>:

توانج زۆرجار لە گوێگر(وەرگر) هەندێ جار لە گوێهەڵ خەر دەدر یێت[*] لە توانج دا نێرەر(قسەكەر) هەست و سۆزی خۆی بە خراپی بەرامبەر بە گوێگر دەردەبڕ یێت كە هە ستی گوێگر بریندار دەكات. نێرەر لەم جۆرە ئەركەدا بە گوتنێكی فەرما ندان یە پ یێی دەورو بەری بەكارهێنراو گوتنەكەی بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) دەردەبڕێت.

**أ- دەزانم لەگەڵ كێ بووی.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی كە گوتنەكەی تیا وتراوە گوتنێكی فەرماندانە، نێرەر(باوك)ـە بەرامبەر یە وەرگر(كوڕ)ەكەیەتی دەریبڕیوە بە مەبەستی ئەوەی توانجی لێدەدات، كە لەگەڵ كچ دە گەڕێت دووربكەوە لە كچ.

**- نەت بینم لەگەڵ كچان بگەڕێی.**

گوتنێكی فەرماندان(باوك بۆ كوڕ) توانج لێدان.

**ب- ئازاد ئەوە لەگەڵ كێ دانیشتووی؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاركردن دەر بڕاوە، بەڵام كە دەخرێ تە دەوروبەر بە پێی دەوروبەری گوتنەكەی تیا وتراوە گوتنێكی فەرماندانە، نێرەر(ماموٚستا)یە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەریبڕیوە بە مەبەستی توانج لێدان، كە وە لاٚم لەسەر هاوڕێكەت دەنو سێ لە تەنیشت هاوڕێكەت دامەنیشە برۆ پێشەوە.

**- ئازاد لە پێشەوە بە تەنیا دابنیشە.**

گوتنێكی فەرماندان. (ماموٚستا بۆ قوتابی) ئەركی توانج لێدان.

**جـ- ئەو خواردنەم پێ ناخورێ!**

---

[*] عبدالواحد مشير دزەيی: 2009: 12.

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەر سوڕمان دەر بڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورووبەر بە پێی دەورووبەری گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(قسەکەر) خاوەن ماڵە بەرامبەر بە وەرگر(کارەکەرەکە) دەریبڕیوە بە مەبەستی توانج لێدان کە چێشتەکەی ئەو لێی ناوە ناخورێ ناخۆشە...هتد.

**- برۆ بیبەوە چێشتخانە.**

گوتنێکی فەرماندانە (خاوەن ماڵ بۆ کارەکەرەکە) ئەرکی توانج لێدان.

## 3- ئەرکی بانگ کردن:

لەم جۆرە ئەرکەدا نێرەر(قسەکەر) بە زمانی هێزەوە گوتنەکەی ئاراستەی وەرگر( گوێگر) دەکات لە دەورووبەری بەکارهێنراودا. بانگ کردن جۆرێکە لە ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان، نێرەر بە پێی دەورووبەری گوتنەوە لە دەورووبەری بەکارهێنراودا بۆ جێبەجێ کردنی کارێك ئاراستەی وەرگر(گوێگر) دەکات.

**أ- ئێستا نمرەکان دەرچوون.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورووبەر بەپێی دەورووبەری گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(مامۆستا)یە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) بە مەبەستی بانگ کردن دەریبڕیوە.

**- ئێستا وەرە نمرەکان وەربگرە.**

گوتنێکی فەرماندان(مامۆستا بۆ قوتابی) ئەرکی بانگ کردن.

**ب- ئازاد ئەوە لە کوێ بووی؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاری دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورووبەر بە پێی ئەو دەورووبەری کە گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(قسەکەر) باوکە بەرامبەر بە وەرگر(کوڕ) دەریبڕیوە بە مەبەستی بانگ کردن.

**- کوڕم وەرە ئەو کارەم بۆ بکە.**

گوتنی فەرماندان(باوك بۆ کوڕ) ئەرکی بانگ کردن.

**جـ- ئەوە هەر لێرە وەستاوی!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمان دەربڕاوە، ـبەڵام کا ـتێ دەخرێ ـتە دەورووبەر بەپێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(بەڕێوە ـبەری فەرمانگە)یە بەرامبەر بە وەرگر(فەرمانبەر) دەیبڕیوە بە مەبەستی بانگ کردن بۆ چوونە ژوورەوە.

**- ئێستا وەرە ژوورەوە.**

گوتنێکی فەرماندان(بەڕێوەبەری فەرمانگە بۆ فەرمانبەر) ئەرکی بانگ کردن.

## 4- <u>ئەرکی دوا ڕاگەیاندن</u>:

ئەم جۆرە ئەرکە یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان کە نێرەر بە پێی ئەو دەورو ـبەرەی تیایەتی دەتوانێ گوتنە فەرمانە ـکەی دەربڕ ـێت ـبە مەبە ـستی دواڕاگەیا ـندن ـلە دەورو ـبەری بەکارهێنراودا.

**أ- ئازاد زۆر درەنگ هاتی.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورووبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(مامۆستا)یە بەرامبەر ـبە وەرگر(قوتابی) دەریبڕیوە بە مەبەستی دوا ڕاگەیاندن کە جارێکی تر ناب ـێت ـبۆ هات ـنە قوتابخا ـنە دوابکەوێت.

**- دوا جارە پێت بڵێم زوو وەرە قوتابخانە.**

گوتنێکی فەرماندان(مامۆستا بۆ قوتابی) (ئەرکی دوا ڕاگەیاندن).

**ب- بۆچی چوویە دەرەوە؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن دەر ـبڕاوە، ـبەڵام ـکە دەخرێ ـتە دەورووبەر بە پێ ی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە ـگوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(باوک ـ)ـە بەرامبەر بە وەرگر(کوڕ)ەکەیەتی دەریبڕیوە، بە مەبەستی ئەوەی دوا جار پێی بڵێت نەچێتە دەرەوە.

**- دواجار پێت بڵێم مەڕۆ دەرەوە.**

گوتنێکی فەرماندان (لە باوك بۆ کوڕەکەی) (ئەرکی دواڕاگەیاندن).

**جـ- ئەوە پەرتووکەکانت نەهێناوەتەوە!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، ـبەڵام ـکە دەخرێ ـتە دەورو ـبەر ـبە پ ـێی ـئەو دەورو ـبەرەی ـکە گوتنە ـکەی ت ـیا و ـتراوە ـگوتنێکی فەرماندا ـنە،

نێرەر(فەرمانبەر)ی پەرتووکخانەیە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەربڕیوە بە مەبەستی ئەوەی کە دوا جارە پێی بڵێت پەرتووکەکان بهێنەوە.

**- دواجار پێت دەڵێم پەرتووکەکان بهێنەوە.**

گوتنێکی فەرماندان(فەرمانبەری پەرتووکخانە بۆ قوتابی) (ئەرکی دوا ڕاگەیاندن).

## 5- ئەرکی هەڕەشەکردن:

هەڕەشەکردن لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی فەرمانی نێرەر(قسەکەر)ی بەهێزدا دێت و بۆ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بخاتە دڵی وەرگر(گوێگر) تا کارەکە جێبەجێ بکات بۆ ئەم مەبەستەش خاڵی لاوازی گوێگر دەوروژێنێ و دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێت[*]. ئەو ئەرکەش لەلایەن نێرەر(قسەکەر) بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) بە ئاوازێکی زۆر توند و بەرز لە ئەرکەکانی تر دەردەبڕێت، مەبەستی نێرەر لەم ئەرکەدا ترساندنی وەرگرە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە. بۆ نموونە کاتێ قوتابی لە هۆڵی خوێندن دا قسە بکات، مامۆستا بۆی هەیە بە ئاوازێکی زۆر توند و بەرز هەڕەشەی لێ بکات قسە نەکات، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەو هەڕەشەکردنە سنوری هەبێت بە پێی ئەو یاسایەی پێی دراوە.

**أ- بۆچی قسە دەکەی؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(مامۆستا)یە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەربڕیوە بە مەبەستی هەڕەشەکردن قسە نەکات، ئەو هەڕەشەکردنەش دەبێ مەرجی دروستی تیا بێ یاسایی بێت.

**- سزات دەدەم قسە نەکەی.**

گوتنێکی فەرماندان (ئەرکی هەڕەشەکردن) (مامۆستا بۆ قوتابی).

**ب- دەرگاکە کراوەتەوە.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بەپێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(بەڕێوەبەر) بەرامبەر بە

[*] عبدالواحد مشیر دزەیی، (2009): 11.

وەرگر(گوێگر) دەریبڕیوە بە مەبەستی هەڕەشە لێکردنی بچێتە دەرەوە لە ژوورەکەی ـنەمێنێ ـیە ئاوازێکی زۆر توند گوتنەکەی ئاراستە دەکات بە پێی ئەو دەوروبەرەی تیایدان.

**- کاروان بڕۆ دەرەوە.**

گوتنێکی فەرماندان (بەرێوەبەر بۆ فەرمانبەر) ئەرکی هەڕەشەکردن.

**جـ- ئای ئەوە هاتیە ژوورەوە!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەر سوڕمان دەر ـبڕاوە، ـبەڵام کـە دەخرێـتە دەوروبەر بەپێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا و ـتراوە گـوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(ڤ ـسەکەر) خاوەن دوکانە بەرامبەر بە هاوڵاتی دەریبڕیوە بە مەبەستی هەڕەشە لێکردن کە نێتەژوورەوە بڕوا ـتە دەرەوە.

**- پێت دەڵێم مەیەژوورەوە.**

گوتنێکی فەرماندان (خاوەن دوکان بۆ هاوڵاتی) (ئەرکی هەڕەشەکردن).

## 6- ئەرکی ڕەت کردنەوە:

ڕەت کردنەوە واتە ڕێ پێنەدانی کارێك کە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، دواخستن و ڕەتکردنەوە بۆ کاتێکی تر بەهۆی هەر هۆکارێك بێت. نێرەر بەپێی ئەو دە ـسەڵاتەی پـێی دراوە و هەیەتی دەتوانێ کاری کەسێك دوابخات واتە ڕەت بکاتەوە، ئەو ئەرکە لە لایەن نێرەر دە ـتوانرێ بە هۆی فەرمانکردن ئاراستەی وەرگر(گوێگر) بکات بە پێی دەوروبەری گوتنەکە لە دەوروبەری بەکارهێنراودا. بۆ نموونە کاتێ لەماڵەوە کچێك دەیەوێ بچێت بۆ بازاڕ، ـبەڵام ـبەهۆی هە ـندێ هۆکارەوە .... دەتوانێ چوونە بازاڕی کچەکەی ڕەت بکاتەوە بە گوتنێکی فەرماندان ئارا ـستەی بکات.

**أ- ڕۆژگار بۆ بازاڕ دەچێت؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاری دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەوە دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا و ـتراوە گـوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(ڤ ـسەکەر) دایـکە بەرامبەر بە کچەکەی دەریبڕیوە بە مەبەستی ڕەتکردنەوە و نەهێشتنی بۆ چوونەبازاڕ.

**- ڕۆژگار ئەمڕۆ مەڕۆ بۆ بازاڕ.**

گوتنێکی فەرماندان (دایك بۆ کچەکەی) ئەرکی ڕەتکردنەوە.

**ب- ئەمڕۆ نیوەی قوتابیان نەهاتوونە.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(مامۆستا)یە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەریبڕیوە بە مەبەستی ڕەتکردنەوە تاقیکردنەوەکەیان لە کاتی خۆی دا بۆ کات و ساتێکی تر.

**- بەیانی تاقیکردنەوەکە بکەن.**

گوتنێکی فەرماندانە (مامۆستا بۆ قوتابی) (ئەرکی ڕەت کردنەوە).

**جـ- ئای ئەو هەموو پەرتووکە زۆرە!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، بەڵام کاتێ دەخرێتە دەوروبەر بەپێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(فەرمانبەری پەرتووکخانە)یە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەریبڕیوە بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی هەندێك لەو پەرتووکانە کە هەموویان نەبات.

**- هەندێك لەو پەرتووکانە مەبە.**

گوتنێکی فەرماندان (فەرمانبەری پەرتووکخانە بۆ قوتابی) (ئەرکی ڕەتکردنەوە).

## 7- ئەرکی گلەیی کردن:

گلەیی بەرامبەر بە کەسێ دەکرێت، کە کەم تەرخەم بێ لە کارەکەی یان کارەکەی بۆ جێبەجێ نەکات، کە ئەو پێی ڕاسپاردووە. نێرەر(قسەکەر) بەهۆی ئەو دەسەڵاتە و هێزو پلەو پایەی هەیەتی بەرامبەر بە گوێگر(وەرگر) لە توانای دا هەیە بە گوتنێکی فەرماندان بە پێی دەوروبەری گوتنەکەوە لە دەوروبەری بەکارهێنراودا گلەیی لێ بکات کە کەم تەرخەم بووە لەو کارەی، کە پێی ڕاسپاردووە جێبەجێی نەکردووە.

**أ- دزییەکی زۆر کراوە.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، کاتێ دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(قسەکەر) (بەرپرسی پۆلیس)ـە بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) پۆلیس دەریبڕیوە بە مەبەستی گلەیی کردن و کەم تەرخەم بوون لە کارەکەیان، کە نەیان گرتووە پێویستە ئێستا بیگرن.

**- دزەکەتان تا ئێستا نەگرتووە، بیگرن.**

گوتنێکی فەرماندان (بەرپرسی پۆلیس بۆ پۆلیس) (ئەرکی گلەیی کردن).

**ب- ژوورەکەمت بینیە؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیار دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورووبەر بە پێی ئەو دەورووبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(خاوەن ماڵ)ـە بەرامبەر ـیە وەرگر(کارەکەرەکە)ی دەربڕیوە بە مەبەستی گلەیی کردنە، کە ژوورەکە پیسە و پێویـستە هەر ئێستا پاکی بکاتەوە.

**- وەرە ژوورەکەم ببینە.**

گوتنێکی فەرماندان (خاوەن ماڵ بۆ کارەکەر) (ئەرکی گلەیی کردن).

**جـ- ئای نمرەکانتان زۆر خراپە.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەر سوڕمان دەر ـبڕاوە، ـبەڵام کە دەخرێ ـتە دەورووبەر بەپێی ئەو دەورووبەرەی گوتنەکەی تیا و ـتراوە گوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(ق ـسەکەر) مامۆستایە بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) قوتابی دەربڕیوە بە مەبەستی گلەیی کردن کە کەم تەر خەم بوونە لە خوێندن.

**- کەستان باش نەبوون باش بخوێنن.**

گوتنێکی فەرماندان (مامۆستا بۆ قوتابی) (ئەرکی گلەیی کردن).

## 8- ئەرکی قەدەغەکردن:

قەدەغەکردن بە واتای نەهێشتنی و قەدەغەکردنی کارێکە لە ئەنجام دان و جێبەجێ کردن، کە ئەم جۆرە ئەرکە یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان، کە ن ـێرەر ـبەپێی ـئەو دە سەڵاتەی هەیەتی دەتوانێ کارێك بۆ وەرگر قەدەغە بکات کە نەیکات بە پ ـێی ـئەو دەورو ـبەرەی تیا ـیەتی وەرگر دەتوانێ ئەو ئەرکە دەست نیشان بکات، ئەو جۆرە ئەرکە بە نەرێ دەگوترێ.

**أ- بڕوا وانە دەڵێمەوە.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورووبەر بە پێی ئەو دەورووبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(مامۆستا)یە بەرامبەر ـیە

وەرگر(قوتابی) دەربڕیوە بە مەبەستی ئەوەی کە قسە نەکات لە کاتی وانەوتنەوە قسەکردن قەدەغەکردن.

**- بڕوا قسە مەکە.**

گوتنێکی فەرماندان (مامۆستا بۆ قوتابی) (ئەرکی قەدەغەکردن).

**ب- ئەوە هەر لێرە دانیشتووی؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاری دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرمانە، نێرەر قسەکەر( سکرتێری بەڕێوەبەرە) بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەربڕیوە بە مەبەستی دانیشتنی لەم شوێنە قەدەغەیە لێرەدا نابێت دابنیشێ.

**- لێرە دامەنیشە.**

گوتنێکی فەرماندان (لە سکرتێری بەڕێوەبەر بۆ قوتابی) (ئەرکی قەدەغەکردن).

**جـ- ئای کات زۆر درەنگە!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(قسەکەر) باوکە بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) کوڕەکەی دەربڕیوە بە مەبەستی قەدەغەکردنی لە چوونە دەرەوەی.

**- مەچووە دەرەوە.**

گوتنێکی فەرماندانە (لە باوك بۆ کوڕ) (ئەرکی قەدەغەکردن).

## 9- ئەرکی ئیزن دان (ڕێ پێدان):

ئیزن دان واتە ڕێ پێدان بۆ جێبەجێ کردنی کارێك، کە وەرگر دەیەوێ بیکات. ئەم جۆرە ئەرکەش یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان، نێرەر(قسەکەر) بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە دەتوانێ فەرمان بە وەرگر(گوێگر) بکات کە ئیزنی بدات، بۆ نموونە کاتی مامۆستا بابەتەکانی پەرتووك تەواو دەکات بۆی هەیە فەرمان بە قوتابیەکانی بکات ئیزنیان بدات چیتر بۆ وانەی ئەو نەهێنە ژوورەوە.

**أ- بابەتەکان گشتی تەواو خوێندراون.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(قسەکەر) مامۆستایە بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) قوتابی دەریبڕیوە بە مەبەستی ئەوەی کە ئیزنتان دەدەم دەتوانن چیتر لە وانەی من مەهێنە ژوورەوە.

**- قوتابیان لە وانەی من مەهێنە ژوورەوە.**

گوتنێکی فەرماندانە (مامۆستا بۆ قوتابی) (ئەرکی ئیزن دان).

**ب- کاری ترت ماوە بیکەیت؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(قسەکەر) بەڕێوەبەری فەرمانگە بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) سکرتێر دەریبڕیوە بە مەبەستی ئەوەی ئیزنی بدات بچێت نان بخوات و کەمێك پشوو بدات.

**- بڕۆ نان بخۆ.**

گوتنێکی فەرماندانە (بەڕێوەبەری فەرمانگە بۆ سکرتێر) (ئەرکی ئیزن دان).

**جـ- ئەمڕۆ تەندروستیت زۆر باشە!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(قسەکەر) دکتۆرە بەرامبەر بە وەگر(گوێگر)(نەخۆش) دەریبڕیوە بە مەبەستی ڕێ پێدان بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بچێتەوەماڵەوە.

**- ئێستا بڕۆ بۆ ماڵەوە.**

گوتنێکی فەرماندانە (پزیشك بۆ نەخۆش) (ئەرکی ئیزندان).

## 10- <u>**ئەرکی داواکردن**</u>:

داوا ئەگەر بێت و بەراوردی بکەین لەگەڵ فەرماندان زمانی پێ هێزترە، بەڵام ئەو داواکردنە بە پێی پیشەی نێرەر دەگۆڕێت. لەبەر ئەوەی نێرەر(قسەکەر) بەهۆی ئەو هێزەی لە پشتیەتی دەتوانێ داوا بکات بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) ئەو داوایەش بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) دەکرێت دەتوانرێت بە فەرماندان بژمێردرێت بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تیا

دەوترێت. بۆ نموونە فەرمانبەری پەرتووكخانە بۆی هەیە داوا لە قوتابی بكات ناسنامەی پێ بدات. ئەو داوایەش بە پێی ئەو هێزو دە سەلاتەی نێرەر(قسەكەر) هەیەتی و پێی دراوە بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) بە گوتنێكی فەرمانداندادەنرێت.

### أ- ناتوانین بێ ناسنامە ئەو پەرتووكانە ببەیت.

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەكەی تیا وتراوە گوتنێكی فەرماندانە، نێرەر(فەرمانبەری پەرتووكخانە)یە بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەریبڕیوە بە مەبەستی ئەوەی داوای لێدەكات ناسنامەكەی پێ بدات، ئەو داوایەش فەرماندانە.

### - ناسنامەكەتم پێ بدە.

گوتنێكی فەرماندان (لە فەرمانبەری پەرتووكخانە بۆ قوتابی) (ئەركی داواكردن).

### ب- مۆڵەتی شوفێریت هەڵگرتووە؟

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاركردن دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەكەی تیا وتراوە گوتنێكی فەرماندانە، نێرەر(پۆلیس)ە بەرامبەر بە وەرگر(هاوڵاتی) دەیبڕیوە بە مەبەستی داواكردنی مۆڵەتی شوفێر، ئەو داوایەی پۆلیس بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی فەرماندانە.

### - مۆڵەتی شوفێرم پێ بدە.

گوتنێكی فەرماندانە (پۆلیس بۆ هاوڵاتی) (ئەركی داواكردن).

### جـ- هێشتا نمرەی قوتابییەكانت نەهێناوە!

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەر سوڕمان دەربڕاوە، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەكەی تیا وتراوە گوتنێكی فەرماندانە، نێرەر( سەرۆك)ی بەشە بەرامبەر بە وەرگر (مامۆستا) دەریبڕیوە بە مەبەستی داواكردنی نمرەی قوتابیان ئەو داوایەش بە پێی دەسەڵاتی نێرەر فەرماندانە.

### - نمرەی قوتابیانم بۆ بهێنە.

گوتنێكی فەرماندانە (سەرۆك بەش بۆ مامۆستا) (ئەركی داواكردن).

## 11- **ئەرکی ئاگادارکردن**:

ئەم جۆرە ئەرکەش یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتنی فەرماندانە، نێرەر بەهۆی ئەو دە سەلاتەی هەیەتی دەتوانێ بە گوتنێکی فەرماندان ئەو جۆرە ئەرکە ئارا ستەی وەرگر( گوێگر) ب کات بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە بە پێی دەوروبەری گوتنەکە لە دەوروبەری بەکارهێنراودا.

**أ- ئێستا من دەڕۆم.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(ق سەکەر) بەرێوە بەر بەرامبەر بە وەرگر(گوێگر) سکرتێر دەریبڕیوە بە مەبە ستی ئاگادارکردنەوە کە ئا گای لە شوێنەکەی ئەو بێت.

**- ئاگات لە شوێنەکەم بێت.**

گوتنێکی فەرماندانە (مامۆستا بۆ قوتابی) (ئەرکی ئاگادارکردنەوە).

**ب- چۆن تۆ لەگەڵ ئێمە دێیت؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیاری دەربراوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(خاوەن ماڵ) بەرامبەر بە وەرگر(کارەکەر) دەریبڕیوە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە کە ئاگای لە ماڵەکە بێت.

**- وریای ماڵەکە بە نەچیتە دەرەوە.**

گوتنێکی فەرماندانە (خاوەن ماڵ بۆ کارەکەری) (ئەرکی وریاکردنەوە).

**جـ- کات هیچی نەماوە!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەر سوڕمان دەر بڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر (مامۆ ستای سەرپەرشتیار) بەرامبەر بە وەرگر(قوتابی) دەریبڕیوە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە ور یا بێت زوو کارەکەی تەواو بکە.

**- ئاگادارت دەکەمەوە زوو تەواوی بکە.**

گوتنێکی فەرماندان (لە سەرپەرشتیار بۆ قوتابی) (ئەرکی ئاگادارکردنەوە).

## 12- ئەرکی ڕێزگرتن:

لەم جۆرە ئەرکەدا نێرەر(قسەکەر) بە پێی ئەو دەسەلاّتەی هەیەتی دەتوانی ـفەرمان بە سەر وەرگر(گوێگر) بکات بە مەبەستی ڕێزگرتن لە کەسانی تر، ـکە شایەنی ڕێز ـگرتن ـبن ـیاخود ڕێزگرتن لە ڕووداوێك کە شایەنی ڕێزگرتن بێت بە پێی دەوروبەری بەکارهێنراو. بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ ڕۆژی یادی شەهیدانی یەکی شوبات بێت لەهەمان کاتدا نێرەر(قسەکەر) بەرپرسێك بـ ـێت لە لق بۆی هەیە فەرمان بەسەر ئەندام لق بکات، کە ڕێز لەم ڕۆژە بگرن ئەم گوتنەی ـلە لا ـیەن نێرەر دەردەبڕێت بەرامبەر بە وەرگر گوتنێکی فەرماندانە بە پێی دەوروبەری بەکارهێنراو.

**أ- ئەمڕۆ یادی شەهیدانی یەکی شوباتە.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەلاّم کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(بەرپرسی لق)ـە بەرامبەر بە وەرگر(ئەندام لق) دەریبڕیوە بە مەبەستی ڕێزگرتن لەم یادە.

**- ڕێز لەو کارەساتە بگرن.**

گوتنێکی فەرماندان (بەرپرسی لق بۆ ئەندام لق) (ئەرکی ڕێزگرتن).

**ب- بەیانی دەرگای قوتابخانە دەکرێتەوە؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن دەر ـبڕاوە، ـبەلاّم ـکە دەخرێـتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(باوك ـ)ـە بەرامبەر بە وەرگر(کوڕەکەی) دەریبڕیوە بە مەبەستی ئەوەی کە ـبەیانی ـخۆی ئامادەبـ ـکات ـبۆ قوتابخانە بڕوات.

**- کوڕم بەیانی خۆت بۆ قوتابخانە ئامادەبکە.**

گوتنێکی فەرماندانە (باوك بۆ کوڕ) (ئەرکی ڕێزگرتن).

**جـ- ڕۆژی سێ شەمە یادی چواردەی گەلاوێژە!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، ـبەلاّم ـکە دەخرێـتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە ـگوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر( ـبەرپرس) بەرامبەر بە وەرگر(هاوولاّتی) دەریبڕیوە بە مەبەستی ڕێزگرتن لەم شۆڕشە.

**- نیشتمان پەروەران ڕێز لەم شۆڕشە بگرن.**

گوتنێکی فەرماندانە (بەرپرس بۆ هاوولاتی) (ئەرکی ڕێزگرتن).

## 13- **ئەرکی نرخاندن**:

نرخاندن بە واتای هەڵسەنگاندنی لایەنی چاکی و خراپی کارێك دێت. ئەو جۆرە ئەرکەش یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتنی فەرماندان نێرەر(قسەکەر) بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هە ـیەتی دەتوا ـنێ فەرمان بەسەر وەرگر بکات بە گوتنێکی فەرمانی هەڵبسەنگێنی لایەنی خراپی و چاکی بەدیاربخات و یاخود کەسێك هەڵبسەنگێنی لایەنی چاکی و خراپی کەسەکە بەدیار بخات.

**أ- کوڕم ئاکامی هاوڕێتم خۆشدەوێ.**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەڵام کە دەخرێتە دەورووبەر بە پێی ئەو دەورووبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندانە، نێرەر(باوك )ـە بەرام ـبەر ـبە وەرگر(کوڕ) دەریبڕیوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی هاوڕێ ـکەی، ـکە زۆر با ـشە لە ـگەڵ ـئەودا بگەڕێ.

**- ئارام لەگەڵ ئاکامی هاوڕێت بگەڕێ کوڕێکی زۆر باشە.**

گوتنێکی فەرماندانە (باوك بۆ کوڕ) (ئەرکی نرخاندن).

**ب- دەزانی نەخۆشی شەکرەت گرتووە؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن دەر ـبڕاوە، ـبەڵام ـکە دەخرێ ـتە دەورووبەر بەپێی ئەو دەورووبەرەی گوتنەکەی تیا و ـتراوە ـگوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(پزیـ ـشك) بەرامبەر بە وەرگر(هاوولاتی) دەریبڕیوە بە مەبەستی نرخاندنی شرینی، کە زۆر خراپ دەبێت ـنەی خۆی.

**- شرینی بۆ تۆ زۆر خرا پە مەی خۆ.**

گوتنێکی فەرماندانە (پزیشك بۆ هاوولاتی) (ئەرکی نرخاندن).

**جـ- ئای جگەرە دەکێشی!**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، ـبەڵام ـکە دەخرێ ـتە دەورووبەر بە پێی ئەو دەورووبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرماندا ـنە، نێرەر(پزیشك )ـە

بەرامبەر بە وەرگر) (نەخۆشە) دەربڕیوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی خواردنی ج ڳەرە کە ز یان بەخشە کە فەرمان بە وەرگر دەکات نەی خوات.

**- جگەرە زیان بەخشە مەیکێشە**.

گوتنێکی فەرماندانە (دکتۆر بۆ نەخۆش) (ئەرکی نرخاندن).

کەواتە گوتنی فەرماندان کاتێ دەخرێتە دەورو بەر بە پێی دەورو بەری گوتنەوە لە دەوروبەری بەکارهێنراودا گەلێك ئەرك لەخۆ دەگرێت. ئەرکەکانیش بە پێی ئەو دەورو بەرەی گوتنەکەی تیا دەوترێت، دەتوانرێت هەریەکەیان دەست نیشان بکرێت. ئەو ئەرکانەش لە لایەن نێرەر(قسەکەر) بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی دەتوانێت فەرمان بەسەر وەرگر(گوێگر) بکات. ئەو ئەرکانەش بریتین لە (ئامۆژگاری کردن، بانگ کردن، قەدەغەکردن، هەڕەشەکردن...هتد) لە دەوروبەری بەکارهێنراودا، ئەو مەبەستەش لە لایەن وەرگر(گوێگر) بە دیاردەکەوێت بە پێی ئەو چالاکیەی وەرگر(گوێگر) هەیەتی، وەرگریش لە هەمان کاتدا دەبێت فەرمانەکە بە جێ بهێنێ لەو کات و ساتەی بۆ دیاریکراوە بە پێی فەرمانکردنی نێرەر(قسەکەر)، وە مەرجیش نییە تەنیا یەك ئەرك لە گوتنێکدا کۆببێتەوە، بەڵکو دەتوانرێت زیاتر لە ئەرکێك لە گوتنێك دا کۆببێتەوە بە پێی ئەو دەوروبەرەی تیا وتراوە ئەرکەکان لە لایەن وەرگر دەستنیشان دەکرێت بەمەش ئەرکەکان بە پێی دەوروبەر دەگۆڕدرێت.

هەریەك لەم نموونەی خوارەوە دەبینرێت:

**- کارەکەت تەواوکرد؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن دەر بڕاوە ، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی دەوروبەری بەکارهێنراو گوتنێکی فەرماندانە. زیاتر لە ئەرکێك دەنوێنێت ئەو گوتنە فەرماندانە. ئاگادارکردنەوە، هەڕەشەکردن ...هتد.

**- کارەکەم بۆ تەواو بکە**.

ئەرکی ئاگادارکردنەوە، هەڕەشەکردن...هتد.

**- من تۆم لەگەڵ ژاڵە بینی**.

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە هەوا ڵدان دەر بڕاوە ، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تیا وتراوە گوتنێکی فەرما ندان لە دا یك بۆ

کچەکەی دەربڕاوە ـیە پ ـێی دەوورو ـبەر ـئەو گوت ـنە دە ـتوانرێ ز ـیاتر ـلە ـئەرکێك بنوێ ـنێ.
(هەڕەشەکردن، قەدەغەکردن، دوا ڕاگەیاندن، ئامۆژگاری کردن...هتد).

- **کچم جارێکی تر لەگەڵ ژاڵە مەگەڕێ.**

(هەڕەشەکردن، قەدەغەکردن، دوا ڕاگەیاندن، ئامۆژگاری کردن...هتد).

## پێکهاتەی گوتەی فەرماندان:

### 1- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ):

### أ- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ) لە حاڵەتی(ئەرێ)دا:

1. **ماڵەکە پاك بکەرەوە.**

ناو + مۆرفیمی ناساندن + ئاوەڵناو + مۆرفیمی فەرما ـندان + ڕە گی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا(دەرنەکەوتووە) + جێناوی لکاو بۆ کە سی دووە می تاك(بەدەرنە کەوتووە) + ناوبە ـند+ مۆرفیمی دووپاتکردنەوە.

ماڵ + ەکە + پاك + بـ + کە + ∅ + ∅ + ر + ەوە.

2. **ئێوە نیوەڕۆ وەرنەوە.**

جێناوی کەسی جودا + ئاوەڵکار + کاری فەرماندان + مۆرفیمی کاتی ئێستا(بەدەرنەکەوتووە) + جێناو + مۆرفیمی دووپاتکردن.

ئێوە + نیوەڕۆ + وەر + ∅ + ن + ەوە.

3. **دەرگای ژوورەکە دا بخە.**

ناوی دیارخراو + ئامرازی خستنەسەر + ـناوی دیار خەر + مۆرفیمی نا ساندن + پێ شگر + مۆرفیمی فەرماندان + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا(بەدەرنەکەوتووە) + جێناوی لـ کاو ـبۆ کەسی دووەمی تاك(بەدەرنەکەوتووە).

دەرگا + ی + ژوور + ەکە + دا + بـ + خە + ∅ + ∅.

4. **بەیانی زوو لە قوتا بخانە ئامادەبن.**

گرێی ئاوەڵکاری + ئامراز + ناو + (بەشی یەکەمی کار + مۆرفیمی فەرماندان(دەرنەکەوتووە) +ڕەگی کار+ مۆرفیم کاتی ئێستا(دەرنەکەوتووە) + جێناو ).

بەیانی زوو + لـە + قوتابخانە +( ئامادە +∅ + بـ + ∅ + ن).

**ب- پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ) لە حاڵەتی نەرێ دا:**

1. **بەرگی پەرتووکەکە مەنووسە.**

ناوی دیارخراو + ئامرازی خستنەسەر + ناوی دیار خەر + مۆرفیمی نا ساندن + مۆرفیمی فەرماندان (نەرێ) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا + جێناوی لـ کاو بۆ کە سی دووە می تاك(بەدەرنەکەوتووە).

بەرگ + ی + پەرتووك + ەکە + مە + نووس + ە + ∅.

2. **ئاراس لەگەڵ ئازاد مەگەڕێ.**

ناو + ئامراز + ناو + مۆرفیمی فەرماندان( نەرێ) + ڕە گی کار + مۆرفیم کاتی ئێستا(بەدەرنەکەوتووە) + جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك(بەدەرنەکەوتووە).

ئاراس + لـەگەڵ + ئازاد + مە + گەڕێ + ∅ + ∅.

3. **ئازاد لە شوێنەکەی من دامەنیشە.**

ناو + ئامراز + ئاوەڵکار + مۆرفیمی ناساندن + ئامراز + جێناوی کە سی جودا + پێ شگر + مۆرفیمی فەرماندان (نەرێ) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا+ جێ ناوی لـ کاو بۆ کە سی دووەمی تاك(دەرنەکەوتووە).

ئازاد + لـە + شوێن + ەکە + ی + من + دا + مە + نیش + ـە + ∅.

4. **ئێوە گوڵەکان هەڵ مەکێشن.**

جێناوی کەسی جودا +ناو+ مۆرفیمی ناساندن + مۆرفیمی کۆ + پێشگر + مۆرفیمی فەرما ندان (نەرێ) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا(بەدەرنەکەوتووە) + جێناو.

ئێوە + گوڵ + ەکە + ان + هەڵ + مە + کێش + ∅ + ن.

## 2- **پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ)**:

بۆ دەست نیشانکردنی پێکهاتەی ئەم جۆرە گوتنە دەتوانرێت بەهۆی دەوروبەرەوە د ـیاری بکرێن(دروست بوون و پێکهاتەی بیردۆزی ڕستە دەکەوێتە ژێر ـیاری دەورو ـبەر)[1]. دەورو ـبەر وەکو یەکەیەکی پراگماتیك بەشێکی دیاریکراوە بۆ د ـیاریکردنی پێکها ـتەی گوتنی فەرما ـندانی شاراوە. وە لـەم پێکهاتەدا مۆرفیمی فرماندان بە ئەریّ(بـ) و بەنەریّ(مە) دەرناکەویّ:

### أ- **پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ئەریّ)**:

پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە = پێکهاتەی ڕستە + دەوروبەر.

**- قوتـابیان چاوەڕوانتن.**

ڕستەی هەواڵدان + دەوروبەر

پێکهاتەی ڕستەی هەواڵدان + دەوروبەر

ناو + مۆرفیمی کۆ + کار + جێناو(بەرکار) + جێناو(بکەر) + دەوروبەر

قوتابی + ان + چاوەڕوان + ت + ن+ دەوروبەر

∴ پێکهاتەی ڕستەی هەواڵدان + دەوروبەر = پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ئەریّ).

**- فۆڕمەکەت پڕ کردەوە؟**

ڕستەی پرسیاری + دەوروبەر

پێکهاتەی ڕستەی پرسیاری + دەوروبەر

ناو + مۆرفیمی ناساندن + جێناو + ئاوەڵناو + کار + مۆرفیمی دووپاتکردنەوە + دەوروبەر

فۆرم + ەکە + ت + پڕ + کرد + ەوە + دەوروبەر.

∴ پێکهاتەی ڕستەی پرسیاری(ئەریّ) + دەوروبەر = پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(ئەریّ).

**- ژوورەکە زۆر گەرمە!**

---

[1] ڤان دایك، 1999: 258.

**ڕستە سەرسوڕمان + دەورروبەر**

**پێکهاتەی ڕستەی سەرسوڕمان + دەورروبەر**

**ناو + مۆرفیمی ناساندن + ڕادە + ئاوەڵناو+کاری (بوو)بەدەرنەکەوتووە + مۆرفیمی کاتی ئێستا + دەورروبەر.**

**ژوور + ەکە+ زۆر + گەرم + $\varnothing$+ ە + دەورروبەر**

**پێکهاتەی ڕستەی سەرسوڕمان + دەورروبەر = پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە (ئەرێ).**

**کەواتە پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە (ئەرێ) = پێکهاتی ڕستەی { هەواڵدان ئەرێ / پرسیاری ئەرێ / سەرسوڕمان ئەرێ } + دەورروبەر**

## ب- پێکهاتی گوتنی فەرماندانی شاراوە(نەرێ):

**- براکەتان نەخەتووە.**

**ڕستەی هەواڵدان + دەورروبەر**

**ناو + مۆرفیمی ناساندن + جێناو + مۆرفیمی ناکردن + ڕەگی کار+مۆرفیمیکات + مۆرفیمی دووپاتکردنەوە + دەورروبەر**

**برا + ەکە + تان + نە + خەو+ ت + ەوە + دەورروبەر**

**پێکهاتەی ڕستەی هەواڵدان(ئەرێ) + دەورروبەر = گوتنی فەرماندانی شاراوە (نەرێ)**

**- پرسیارەکانت نەهێناوە؟**

**ڕستەی پرسیاری + دەورروبەر**

**ناو + مۆرفیمی ناساندن + مۆرفیمی کۆ + جێناو + مۆرفیم ناکردن + ڕەگی کار + مۆرفیمی کات + مۆرفیمی دووپاتکردنەوە.**

**پرسیار + ەکە + ان + ت + نە + هێن + ا + ەوە.**

**پێکهاتەی ڕستەی پرسیاری + دەورروبەر = پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە (نەرێ).**

**- ئای کارەکەت تەواونەکرد!**

ڕستەی سەرسوڕمان + دەوروبەر

مۆرفیمی سەرسوڕمان + ناو + مۆرفیمی ناساندن + جێناو + بەشی یە کەمی کار + مۆرفیمی ناکردن + کار + دەوروبەر.

ئای + کار + ەکە + ت + تەواو + نە + کرد + دەوروبەر

پێکهاتەی ڕستەی سەرسوڕمان(نەرێ) + دەوروبەر = پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(نەرێ).

کەواتە پێکهاتەی گوتنی فەرماندانی شاراوە(نەرێ) = پێکهاتەی ڕستەی { هەواڵدان ئەرێ / پرسیاری ئەرێ / سەرسوڕمان ئەرێ } + دەوروبەر

## **جۆرەکانی گوتنی فەرماندان**:

1- گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ)

2- گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ)

## 1- **گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ)**:

ئەو جۆرە گوتنەیە، کە نێرەر(قسەکەر) ڕاستەوخۆ بە ئاشکرا فەرمان بە وەرگر( گوێگر) دەکات بۆ ئەوەی ئەوەی کارێکی بۆ جێبەجێ بکات. یاخود کارەکەی بۆ قەدەغە بکات. ئەو جۆرە گوتنە فەرماندانە بە هۆی کاری ڕاپەڕاندن و بۆتەی ڕێزمانی لە لایەن نێرەر بە ئەرێ و نەرێ دەردەبڕدرێت.

### أ- **گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ئەرێ)**:

- **پەرتووکەکەم بۆ بهێنە**. (بۆتەی ڕێزمانی) (مامۆستا بۆ قوتابی)
- **ئازاد قەڵەمەکەتم بدێ**. (بەڕێوەبەری فەرمانگە بۆ فەرمانبەر).
- **برۆ نان بکڕە**. (باوك بۆ کوڕ).
- **سەیارەکە لەسەرخۆ لێبخوڕە**. (بەرپرس بۆ خاوەن شوفێر).
- **تەلەفزیۆنەکە هەڵبکە**. (دایك بۆ کچەکەی).
- **ناسنامەی قوتابیان کۆبکەوە**. (سەرۆك بەش بۆ سکرتێر).

- **پەرتووکەکان بهێنەوە**. (فەرمانبەر بۆ قوتابی).

- **ئەو بلۆکانە بدە دەستم**. (وەستا بۆ کرێکار).

- **فەرمانتان پێدەدەم دزەکە بگرن**. بەهۆی (کاری ڕاپەڕاندن) (بەرپرسی پۆلیس بۆ پۆلیس).

- **ئیزنم دان بۆ خۆتان گەشتەکە بکەن**. (بەڕێوەبەر بۆ قوتابی).

- **سوێندم خواردووە دەبێ ئەو کارە تەواو بکەن**. (بەرپرس بۆ فەرمانبەری خزمەتگوزار).

- **بڕیارم داوە بەیانی تاقی کردنەوەکە بکەن**. (مامۆستا بۆ قوتابی).

هەریەکە لەم نموونانەی سەرەوە گوتنی فەرمانداني ئاشکران و لە لایەن نێرەر بەهۆی بۆتەی ڕێزمانی و کاری ڕاپەڕاندن بە ئاشکرا(ڕاستەوخۆ) لە حاڵەتی ئەرێ دا دەربڕاون.

## ب- <u>گوتنی فەرماندانی ئاشکرا(ڕاستەوخۆ) نەرێ (نەفی)</u>:

- **بەیانی دەوام مەکەن**. (بۆتەی ڕێزمانی) (بەڕێوەبەر بۆ مامۆستا).

- **شەو مەچووە دەرەوە**. (باوك بۆ کوڕ).

- **دەرگای ژوورەکە بەوالآیی بەجێمەهێڵە**. (بەرپرس بۆ فەرمانبەری خزمەتگوزار).

- **دەنگت بەرز مەکە**. (مامۆستا بۆ قوتابی).

- **پەنجەرەکە دامەخە**. (خاوەن ماڵ بۆ کارەکەکەی).

- **دەستکاری کۆمپیوتەرەکەی من مەکە** (سەرۆك بەش بۆ سکرتێر).

- **سزات دەدەم سەیری هاورێکەت مەکە**. (کاری ڕاپەڕاندن) (مامۆستا بۆ قوتابی).

- **فەرمانت پێدەدەم ئەمڕۆ پەرتوك مەدە بە کەس**. (بەپرسی کتێبخانە بۆ فەرمانبەر).

- **بڕیارم داوە تۆ لەگەڵ ئاراس بگەڕێ**. (باوك بۆ کوڕ).

هەریەکە لەم گوتنانەی سەرەوە، لە لایەن نێرەر(قسەکەر) بەرامبەر بە وەرگر( <u>گوێگر</u>) بەهۆی کاری ڕاپەڕاندن و بۆتەی ڕێزمانی ڕاستەوخۆ (ئاشکرا) لە حاڵەتی نەرێ(نەفی) دەربڕاون.

## 2- **گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ):**

ئەو جۆرە گوتنەیە، کە بە ناڕاستەوخۆ بە هۆی هێز و ئاوازە لە لایەن ئ ـێرەر دەردەبڕ ـێت. هێز و ئاوازە وەکو کەرەسەیەکی ناکەرتی(Supra segmental) لە زماندا کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر واتای شاراوەی ڕستە و مەبەستی نێرەر. (هەر ڕستەیەك دەیان واتاو مەبە ستی ج ـیاواز دەبەخشێ بە پێی ئاوازە تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوەی و باری دەروو ـنی ق ـسەکەریش بەهۆی ئاوازەی ڕستەکە دەزانێ و ئاشکرا دە ـبێ)(٭). ه ـێزیش وە کو کەرە سەیەکی نا کەرتی دەورێکی گرنگی هەیە بۆ دیاریکردنی مەبەستی نێرەر.

### أ- **گوتنی فەرماندانی شاراوە لە حاڵەتی(ئەرێ)دا:**

ئەو جۆرە گوتنە دەتوانرێت بەهۆی هێز و ئاوازە دەربڕێت.

- **دەرگاکە کراوەتەوە.**
- **ئافرەت زۆرم برسییە.** (ئاخاوتنی ژمارە (9) لاپەڕە(د–ھ)
- **کارەباکە کوژایەوە.**
- **نەخۆشەکە هاتووە؟**
- **خۆڵ بارانە؟**
- **وێنەی خۆت پێیە؟**
- **دەستت دەگاتە ئەو پەرتووکە؟**
- **ئارام هاتووە؟**
- **ئۆف تازە ناو باخچەکەم پاك کردۆتەوە!**
- **نەخۆشی شەکرەت هەیە.**
- **ئەوە لێرە دانیشتووی؟**
- **ڕێگای هاتووچۆی خەڵکە.**
- **ئای زۆرم تێنوە!**
- **کوڕم وا ئێوارەیە.**

---

(٭) د.وريا عمر حمدامين، 1994: 16.

- **چەند ساردە!**

- **چیتر ناتوانم لەگەڵ تۆ بم.** ئاخاوتنی ژمارە(3) لاپەڕە(ب).

هەریەکە لەو ڕستانەی سەرەوە بە ناڕاستەوخۆ بەهۆی هێز و ئاوازە دەربڕاون کە هەریە کە بەپێی دەوروبەری بەکارهێنراوە گوتنی فەرماندانی ناڕاستەوخۆن کاتێ دەخرێنە دەوروبەر دەبینرێت هەریەکەیان گوتنی فەرماندانن لە حاڵەتی ئەرێ دان.

## ب- <u>گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ) لە حاڵەتی (نەرێ)دا</u>:

- **ئەو دەرگایە ناکەیتەوە؟ ( هێزو ئاوازە ).**

- **ماڵەکە پاك نەکراوەتەوە.**

- **تۆ ناڕۆیت!**

- **میوانەکەم ئەمڕۆ بەڕۆژ نییە.**

- **سەیارەکەم بۆ ناشۆی؟**

- **هێشتا تۆ نەهاتووی.**

- **بەیانی دەوام نییە.**

- **ئەو قەڵەمەم نادەیتێ؟**

- **ئەو دەرمانانە بەسەرنەچووە.**

- **کات تەواو نەبووە.** ئاخاوتنی ژمارە(4) لاپەڕە(ب).

- **خواردنی کەم ئامادەنەکەی.** ئاخاوتنی ژمارە(8) لاپەڕە(د).

هەریەکە لەم گوتنانە کاتی دەخرێتە دەوروبەر گوتنی فەرماندانی شاراوەن لە حاڵەتی نەرێ دەربڕاون، بەهۆی فۆنیمی ناکەرتی (هێز و ئاوازە).

## واتای گوتنی فەرماندان:


1- واتای گوتنی فەرماندانی ئاشکرا.

2- واتای گوتنی فەرماندانی شاراوە.

## أ- واتای گوتنی فەرماندانی ئاشکرا:

گوتنی فەرماندانی ئاشکرا واتاکەی ڕوون ئاشکرایە، چونکە نێرەر(قسەکەر) گوتنەکەی ڕاستەوخۆ بە فەرمانکردن دەردەبڕدرێت، بۆیە ئەو جۆرە گوتنە واتاکەی لە دیدی سماتیک لێك دەدرێتەوە. واتا لە سیمانتیك دا بریتییە لە (واتای فەرهەنگی وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی)، کە واتایەکی ڕوون و ئاشکراو نەگۆڕو نیشانە نەکراوە، کەوا تە لەم جۆرە گوتنە تەنها واتای فەرهەنگی وشەکانی ناو ڕستە پەیوەندی واتای دروست دەکەن واتای یەکتری تەواو دەکەن هیچ پەیوەندیەکیان بە دەوروبەرەوە نییە، بەڵکو دەتوانین ئەو واتایە لە دیدی سیمانتیك بە پێی تیۆری کاتزو فۆدەر لێك بدەینەوە.

- **ئازاد پە نجەرەکە دا بخە.**
- **ئارام لە ماڵەوە بمێنەوە.**
- **وەرە لێرە دابنیشە.**
- **ئێستا پەرتووکەکان بهێنەوە.**
- **بەیانی وێنەیەکی خۆتم بۆ بهێنە.**
- **سەنار وانەکە بخوێنەوە.**



کار ی ئەم ڕستەیە (داخست)ـە، کە یەك خوێندنەوەی هەیە کە (پێوەدان) ئەم کارەش تێپەڕە پێویستی بە دوو کەرەسە هەیە (بکەر بەرکار) جا ئەگەر کاری (خستن پێوەدان) وە ڕاگرین ئەوا دەبێت بکەرەکەی ئەو نیشانە سیمانتیکیانەی هەبێت.

+ بکەر + مرۆڤ + توانا + هەراش وە بەرکاریش یە هەمان شێوە ئەو نیشانە سیماتیکیانەی هەبێت.

+ بەرکار + تەن + قوورس + لاکێشە .

وشەی(ئازاد) دوو خوێندنەوەی هەیە، کە نیشانە جیاکەرەوەکانی بریتییە

ئازاد$_1$ = کەسی سەربەست + سیفە(خەسڵەت) + پێوانە).

ئازاد$_2$ = مرۆڤ + هەراش + نێر).

لە ڕستەی ئازاد پەنجەرەکە دابخە.

ئازاد $(2)$ واتای هەیە.

پەنجەرە $(1)$ واتای هەیە.

خست $(1)$ واتای هەیە.

بە لێکدانی ئەم ژمارانە واتە.

$2 \times 1 \times 1 = 2$ ، واتە ئەم ڕستەی سەرەوە دوو خوێندنەوەی هەیە کاتی لێ کدانیان کە بریتییە لە:

ئازاد (سەربەست) پەنجەرەکە دابخات*.

ئازاد (ناو) پەنجەرەکە دابخات.

لەم دوو ڕستەی سەرەوەدا ڕستە$(1)$ ناوێزەیە بەر پرۆژەسازدان دەکەوێت، لە بەر ئەوەی ڕستەی$(1)$ کاری (دابخە) بە پێی کۆتی هەڵاوێرکردن لەگەڵ بکەر ئازاد(سەربەست) ناگونجێت، چونکە لێرەدا ئازاد وەکو سیفە هاتووە لە توانای دانیە (پەنجەرەکە دابخات).

ڕستەی (2) ئازاد (ناو) پەنجەرەکە دابخە، ڕستەیەکی پەسندە و ڕێکەوتی ڕێز ـمانی و وا ـتایی تەواوە، لەبەر ئەوەی بە پێی کۆتی هەڵاوێرکردن کەرەسەکانی ناو ڕ ستە لە(بـ کـەر) و ( ـبەرکار) لەگەڵ (کار) گونجاون و هاوڕێیەتی و بە یەکەوە هاتنیان هەیە.

بەم جۆرە گەیشتینە واتای تەواوی ڕستە.

– ئازاد(ناو) پەنجەرەکە دابخە.

∴ بە پشت بەستنی ئەم تیۆرییەی کاتزو فودەر دەتوانین بگەینە واتای گوتنی فەرماندانی ئا شکرا. بەهەمان شێوە نموونەکانی تریش دەتوانرێت بەم شێوەی سەرەوە بە پێی ئەم تیۆرییە وا ـتای گوتنی فەرماندانی ئاشکرا لێك بدەینەوە.

### ب- واتای گوتنی فەرماندانی شاراوە(ناڕاستەوخۆ):

ئەو جۆرە گوتنە بە پێچەوانەی گوتنی فەرما ـندانی ئا شکرا، واتا کـەی شاراوەیە ڕوون و ئاشکرا نییە، چونکە لە لایەن نێرەر(قسەکەر) ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە. بۆ دۆزینەوەی واتای گوتنی فەرماندانی شاراوە دەبێت پشت بە دەوروبەر(Context) دەبەستێت. کە ئەم جۆرە واتایەش ـبە پێی تیۆری کردە قسەیەکان لە سنوری پراگماتیك لێك دەدرێتەوە ئەو تیۆرە ڕستە لە چوارچێوەی دەوروبەر(Context) لێك دەداتەوە، بە پێچەوانەی (دێرینەکان تەنیا با ـیەخیان ـبە پێک ھاتووی ڕستە دەدا)[٣١] دەوروبەریان پشگوێی خستبوو.

ئەو تیۆرە وەکو تیۆرێك توانیویەتی ئەو بۆشایی و کەلێنەی لە واتای ڕ ستەدا هە ـیە ـپڕی بکاتەوە، وە ئەمەش ڕوونبکاتەوە چۆن ڕستەیەکی دیاریکراو وەکو ڕستەی هەواڵدان و پرسیاری و سەرسوڕمان و داخوازیی کە دەخرێتە دەوروبەری بە پێی ئەو دەوروبەری گوتنەکەی ت ـیا و ـتراوە واتای تر دەگەیەنن، کە (گوتنی فەرماندان)ـە ئەمەش واتا شاراوەکەیەتی. کردەی قسەیی تیۆرێ کـە هەموو قسەیەك بە ئەنجامدانی کارێك دادەنێت، کە بە باوەڕی ئوستن وایە زمان کردە ـیە، ئە گـەر لەهەر گوتنێك وردببینەوە بە پێی دەوروبەری گوتنەوە ئەوا چەند کردەیەك لەخۆ دەگر ـێت وەك؛ هەواڵی، هەڕەشە، فەرماندان...هتد[٣٢]، هەروەك چۆن (سێریل) پێنج کردەی دەست نیشانکردووە هەروەك لە بەشی یەکەمی نامەکەدا ئاماژەم بۆ کردووە لاپەڕە(42).

---

[٣١] قیس کاکل توفیق، 1995: 72.

[٣٢] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2007: 9.

## - **کردەی فەرمانداندن** (Directives):

یەکێکە لە جۆری کردەی قسەیی کە سێریل ئاماژەی بۆ کردووە، لەم جۆرە کردەیەش نێرەر(قسەکەر) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی دەتوانێ فەرمان بەسەر وەرگر( گوێگر) بدات بۆ ئەوەی کارێك جێ بەجێ بکات یاخود بە پێچەوانەوە نەیکات، ئەو کردەیەش چەند لێی وردبینەوە وەکو کردەیەکی قسەیی لە دەوروبەردا چەند ئەرك و مەبەست لەخۆدەگرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە[*]:

- **بابچین**. (هەڕەشە).
- **بانەچین**. (بێزاری، هەڕەشە).
- **ئازاد باشتر بخوێنە**. (ئامۆژگاری کردن).
- **ئەڕۆیت!** (سەرسوڕمان).
- **برۆ بۆ جێگاکە**. (توانج لێدان).
- **دەمەوێ کارەکەت بۆ بکەم** (پێ ڕاگەیاندن).
- **داوای لێبووردن دەکەم**. (پۆزەش).
- **بەیانی زوو وەرە**. (ئاگادارکردنەوە).

کەواتە بۆ دیاری کردنی واتای هەر گوتنێك دەبێت پشت بە دەوروبەر ببەستین هەروەك چۆن تیۆری کردەی قسەیی بۆ دیاری کردنی واتای ڕستە پشتی پێ بەستیوە. واتای گوتنی فەرماندانی شاراوە واتاکەی لە دەوروبەر وەردەگیرێت بەهۆی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا وتراوە دەزانرێت، واتای گوتنی فەرماندان(واتای سیمانتیك + دەوروبەر)ە، کەواتە ئەو واتایە لە دەوروبەردا دەدۆزرێتەوە دوور لە واتای فەرهەنگی وشەکانی ناو ڕستە دەربڕاوە، بەمەش دەچینە ناو بواری پراگماتیك وە لە سنور پراگماتیك واتای شاراوەی گوتنی فەرماندان لێك دەدرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە:

### 1- **ئەمڕۆ سەری مانگە**.

بۆ دۆزینەوەی واتای ئەو گوتنە فەرماندانە شاراوەیەی ئەو ڕستەیە، کە لە لایەن نێرەرەوە ناڕاستەوخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، بەخستنە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی گوتنەکەی تیا

[*] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2005: 108.

وتراوە دەزانرێ ئەو کەسەی ئەو گوتنەی دەربڕیوە کێیە، وە کاتەکەی چ کاتێ کە، وە قسەکەر بەرامبەر بە کێ دەریبڕیوە، بە پێی دەوروبەر دەبێت ئەو کەسەی ئەو گوتنەی دەربڕیوە، دەبێ دەسەڵاتدار بێت بەسەر گوێگر وە خاوەن خانوو بێ وە کاتەکەش لە کاتی ئێستا دا بێت و ئێستاش فەرمانەکە جێبەجێ بکرێت لە لایەن وەرگر کە کرێچییە، شوێنی فەرمانکردنە کە بەر دەرگای کرێچییەکەیە، کە ئێستاش دەبێ کرێی خانووەکەی پێ بدات.

1. کەس:

أ- قسەکەر(نێرەر) (خاوەن خانوو).

ب- گوێگر(وەرگر) کرێچی.

2- کات: ئێستایە.

3- شوێن: بەردەرگای ماڵی کرێچی.

- **ئێستا پارەی کرێی خانووەکەم پێ بدە.**

2- **چایەکە زۆر تاڵە.**

- واتاکەی:

- ڕستەی هەواڵدان + دەوروبەر

1. کەس

أ- کەسی قسەکەر کەسێکی دەسەڵاتدارە بەڕێوەبەری فەرمانگەیە.

ب- کەسی گوێگر فەرمانبەری خزمەتگوزارە لە فەرمانگەکەدایە.

2- کات: کاتی ئێستایە کە دەبێ جێبەجێ بکرێت.

3- شوێن: فەرمانگەیە.

ئێستا بڕۆ شەکرم بۆ بهێنە.

3- **مۆڵەتی دەوامت تەواوبوو.**

- واتاکەی:

ڕستەی هەواڵدان + دەوروبەر

ا- کەس:

أ- قسەکەر(نێرەر) کەسی پلەوپایەدار بەهێزە بەرامبەر بە گوێگر بەڕێوەبەرە.

ب- گوێگر(وەرگر) قوتابییە.

2- کات: کاتی دەوام کردنە، کە ئێستایە.

3- شوێن: قوتابخانەیە.

- **ئێستا دەوام بکە**.

4- ئارام کارەبایەکە فیوزی کرد.

- واتاکەی:

ڕستە هەواڵدان + دەوروبەر

1- کەس:

أ- قسەکەر(نێرەر) کەسی بەهێز(باوك)ـە.

ب- گوێگر(وەرگر) کەسی بێ هێز(کوڕ)ەکەی.

2- کات: کاتی کارەبا کوژانەوەکەیە، کە ئێستایە.

3- شوێن: ماڵەوەیە

- **ئێستا فیوزەکە چاك بکەوە**.

5- **بۆچی جگەرە دەکێشی؟**

ئەو ڕستەیە، لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن دەربڕاوە، بەڵام بە خستنەدەوروبەر دەتوانین واتاکەی بدۆزینەوە، بە پێی دەوروبەرەی گوتنەکە، کەسەکە کەسی دەسەڵاتدارە بەرامبەر بە وەرگر، کە قسەکەر بەڕێوەبەری بەنزیخانەیە، کاتەکەش کاتی جگەرەکێشانە ئێستایە، شوێنی ئەو گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، بەنزینخانەیە.

1–کەس:

أ– قسەکەر (نێرەر) بەڕێوەبەری بەنزیخانە.

ب– وەرگر(گوێگر) هاوولاٌتی.

2– کات: کاتی جگەرەکێشانە، ئێستایە.

3– شوێن: بەنزیخانەیە.

- **هەر ئێستا جگەرەکەت بکوژێنەوە**.

6- **بۆچی پەرتووکەکەت کردۆتەوە؟**

– واتەکەی:

ڕستەی پرسیاری + دەوروبەر.

1– کەس:

أ– قسەکەر(نێرەر) مامۆستا.

ب– گوێگر(وەرگر) قوتابی.

2– کات: کاتی تاقیکردنەوەیە.

3– شوێن: قوتابخانەیە، (هۆڵی تاقیکردنەوە).

- **پەرتووکەکەت دا بخە**.

7- **کێ بەتۆی وتووە وەرە ژوورێ؟**

واتاکەی

ڕستەی پرسیاری + دەوروبەر.

1– کەس:

أ– قسەکەر(نێرەر) (پزیشك).

ب– گوێگر (وەرگر) نەخۆش.

2– کات: کاتی چوونەژوورەوە بۆ لای دکتۆر، کە ئێستایە.

3– شوێن: نەخۆشخانەیە.

- **هەر ئێستا بڕۆ دەرێ.**

8- **پرسیارەکانت داناوە؟**

واتاکەی ڕستەی پرسیاری + دەوروبەر

1– کەس: قسەکەی دەبێت دەسەڵاتی بەزرتر و بەهێزتر بێت بەرامبەر بە وەرگر:

أ– قسەکەر(نێرەر) بەڕێوەبەر.

ب– گوێگر(وەرگر) مامۆستا.

2– کات: کاتێ وەرگرتنی پرسیارەکانی ئێستایە.

3– شوێن: قوتابخانە.

- **هەر ئێستا پرسیارەکانم پێ بدە.**

9- **چایەکە چەندساردە!**

بۆ دۆزینەوەی واتای ئەو گوتنە فەرماندانە شاراوەییە، کە بە ناڕاستەوخۆ لە لایەن نێرەر(قسەکەر) دەربڕاوە بەرامبەر بە وەرگر، بە خسنەدەوروبەر واتاکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە کەسێکی بەهێز دەربڕاوە بەرامبەر بە کەسێکی بێ هێزتر لە خۆی، نەك لە نێوان دوو برادەر کە دوو برادەر لە یەك ئاست دابن نابێتە فەرماندان بەڵکو ئەوکاتە دەبێتە داوا(داخوازی)، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو برادەرە دەسەڵاتی بەرز بوو لە کاتێکی تردا قسەکەر هەرچەندە برادەریش بێت دەتوانێ فەرمانی پێ بکات بە پێی ئەو دەسەڵاتە و هێزەی پێی دراوە.

1– کەس: کەسی دەسەڵاتدار(خاوەن ماڵ) بەرامبەر بە کارەکەر:

أ– قسەکەر (خاوەن ماڵ).

ب– وەرگر (کارەکەر).

کات: کاتی خواردنەوەی چاکە کە ئێستایە.

شوێن: ماڵەوە.

- **بڕۆ چایەکی گەرمم بۆ بهێنە.**

10- **ئای زۆرم تێنووە!**

واتاکەی:

ڕستەی سەرسوڕمان + دەورووبەر

1- کەس:

أ- قسەکەر(نێرەر) (دایك کە بە تەمەنە).

ب- گوێگر(وەرگر) (کچ).

2- کات: کاتی تینوویەتی.

3- شوێن:ماڵەوەیە.

- **ئێستا پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنە.**

11- **ئازاد چەند بە پرسیاریت!**

واتاکەی:

ڕستەی سەرسوڕمان + دەورووبەر

1- کەس: کەسی دەسەڵاتدار مامۆستایە، بەرامبەر بە وەرگر:

أ- نێرەر(قسەکەر) مامۆستایە.

ب- وەرگر(گوێگر) قوتابییە.

2- کات: کاتی وانە وتنەوەیە، ئێستایە.

3- شوێن: قوتابخانە.

- **ئازاد لە ئێستاوە چیتر پرسیار مەکە.**

12- **ئەوە تۆ هێشتا نەڕۆیشتووی!**

واتاکەی:

ڕستەی سەرسوڕمان + دەورووبەر

1- کەس:

أ- قسەکەر(نێرەر) بەرپرسی پۆلیس.

ب- گوێگر(وەرگر) پۆلیس.

2- کات: کاتی ڕۆیشتنی بۆ کاری پێویست، ئێستایە.

3- شوێن: وەزارەتی پۆلیس.

**تۆ هەر ئێستا بڕۆ.**

# بەشی سێیەم

# شێوازی گوتنی فەرماندان؟

1- کات لە گوتنی فەرماندان.

2- کەس لە گوتنی فەرماندان.

3- شوێن لە گوتنی فەرماندان.

4- ئاوازە لە گوتنی فەرماندان.

5- هێز لە گوتنی فەرماندان.

6- وەستان لە گوتنی فەرماندان.

## شێوازی گوتنی فەرماندان:

شێواز (وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدا، (بالی)یش یە کەم کەس بوو توانی شێواز لە ڕەوانبێژی جیابکاتەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات وەکو زانستێکی سەربەخۆ)[١] شێواز لە زماندا بریتییە لە هەڵبژاردن لە نێوان چەندین دەربڕینی هاوشاندا[٢]، ئەگەر سەیری مرۆڤ بکەین کاتێ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری دەدوێت دەبینین بە چەند شێواز خۆی دەنوێنێ، هەندێ لەو مرۆڤانە بە شێوازی هێز دەدوێن هەروەکو سەرۆك و بەڕێوەبەر و پارێزەر، کەسانی سیاسی و سەرمایەدار و وەزیر...هتد، بەڵام هەندێ لە مرۆڤەکانی تر بە پێچەوانەوە زمانی قسەکردنیان بێ هێزە وەك (ئافرەت، کۆیلە، کە سانی کەم دەرامەت و هەژار، دەرۆزەکەر...هتد)[٣] گوتنی فەرماندان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بە پێچەوانەی گوتنەکانی تر، نێرەر لەم جۆرە گوتنەدا بە شێوازی هێزەوە دەدوێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، چونکە نێرەر کەسی بە پلەو پایەو بە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتووە بەرامبەر بە وەرگر.

**شێوازی گوتنی فەرماندان لە دوو پلەدا خۆی نیشان دەدات:**

1- زۆر بەهێز.

2- بەهێز.

1- زۆر بەهێز، لێرەدا نێرەر شوێنی فەرمانکردنەکەی نزیکە کاتەکەشی ئێستایە:

- **ئێستا پەرتووکەکان بهێنەوە.** (بەرپرسی کتێبخانە بۆ قوتابی).

2- بەهێز: لێرەدا نێرەر شوێنی فەرمانکردنەکە، دوورە و کاتەکەشی ئایندیە:

- **سێ ڕۆژی تر وەرەوە بۆ دەوام.** (بەڕێوەبەر بۆ فەرمانبەر).

لە دواتردا بەدرێژی بە نموونەوە باس لەم بابەتە کراوە.


---

[١] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2009: 4.

[٢] محمد معروف فتاح، 1985: 223.

[٣] عبدالواحد مشیر دزەیی، 2009: 7.

## 1- **<u>کات لە گوتنی فەرمانداندا</u>**:




**کات:** کاتی ڕوودانی کارێك لە کاتێکی دیاریکراودا دەست نیشان دەکات.

کات دوو جۆرە:

1- کاتی ڕابردوو.

2- کاتی ڕانەبردوو(*).

**1- کاتی ڕابردوو:** ئەو کاتەیە، کە پێش ئێ ـستا ڕووی داوە و ـتەواوبووە وەك ـلەم نموونا ـنەی خوارەوە دەردەکەوێت:

1. **ئارام هات.** **(سادە)**

2. **ئاواز خەوتووە.** **(تەواو)**

3. **ئادان وانەکەی دەخوێند.** **(بەردەوام)**

4. **ئاراس نووستبوو.** **(دوور)**

**ب- کاتی ڕانەبردوو:** ئەو کاتەیە، کە چاوەڕوانی ڕوودانی لێ دەکرێت ـلە ڕوودان دا ـیە ـئەو ڕوودانەش یان لە کاتی ئێستادا ڕوودەدات یاخود لە داهاتوو(ئاینده)دا ڕوودەدات:

1. **تەلەفۆنت بۆ دەکەم.**

2. **باخچەکە ئاو دەدەم.**

3. **دەچم بۆ هەولێر.**

4. **وانەکەم دەنووسم.**

---

(*) د.وريا عمر أمين، 2004: 133.

5. **یارمەتی دایکم دەدەم**.

هەریەکە لەم نموونانەی سەرەوە کاتی ڕوودانەکانیان ڕا ـنەبردووە، ـبەلاّم ـنازانریٚ ـکاتی ڕوودانەکەی لە ئێستادا یاخود لە داهاتوودا ڕوودەدات.

## - <u>کاتی ڕانەبردوو</u>:

أ- کاتی ڕانەبردووی ئێستا.

ب- کاتی ڕانەبردووی داهاتوو.

## أ- کاتی ڕانەبردووی ئێستا:

نزیکترین کات کاتی ئێستایە، کە دەمی ئاخاوتن دەگرێتەوە، واتە ئەو کاتە دەگرێتەوە، ـکە قسەکەر ئاخاوتنەکەی تیا دەکات.

1. **وا لەگەڵ تۆ دێم**.

2. **ئێستا دەڕۆم بۆ ماڵتان**.

3. **کارەکەت بۆ دەکەم**.

## ب- کاتی ڕانەبردووی داهاتوو(ئاینده):

ئەو کاتەیە دوای کاتی ئێستا ڕوودەدات، واتە دوای دەمی ئاخاوتن، ئەو کاتەش لە لا ـیەن نێرەر بەهۆی ئاوەڵکار دەردەبڕێت:

1. **بەیانی دەچیت بۆ بازاڕ**.

2. **ڕۆژی شەمە تاقی کردنەوە دەکەم**.

3. **وەرزی پایز دێم بۆ لاتان**.

دەست نیشانکردنی کات لە گوتنی فەرماندا کاتی ڕانەبردووە، بە ـپیٚی ـفەرمانکردنی نێرەر(قسەکەر) بەرامبەر بە وەرگر، یان دەبێت لە کاتی ئێستادا یاخود بۆ کاتێکی دیاریکراوی تر لە(ئاینده)دا جیٚبەجیٚ بکرێت، کەواتە داڕشتنی سەرەکی بۆ ئەم ـجۆرە گوتـنە فەرماندا ـنە ـتانی ڕانەبردووە یان ڕانەبردووی ئێستایە یان داهاتووە، هیچ پەیوەندێکی ـیە ـتانی ڕا ـبردووەوە نیـیە،

چونکە هێشتا کارەکە جێبەجێ نەبووە، بەڵکو لە ئێستاو ئایندەدا چاوەڕوانی جێ ـبەجێ ـبوونی دەکرێت.

## - کاتی گوتنی فەرماندان(ڕانەبردوو):

### أ- کاتی ڕانەبردووی ئێستا لە گوتنی فەرمانداندا:

نێرەر(قـ ـسەکەر) ـفەرمان ـبە وەرگر( ـگوێگر) دە ـکات، ـلە ـکاتی ئێ ـستادا کارەکەی(فەرمانەکەی) بۆ جێبەجێ بکات، لێرەدا نێرەر ماوە ـبە وەر ـگر ـنادات، زۆر ـبەهێز فەرمان بەوەرگر دەکات ئێستا کارەکە بکات نەك بۆ کاتێکی دیاریکراوی تر.

1. **کاتی تاقی کردنەوە تەواوبووە.**

– ئەو گوتنە فەرماندانە ناڕاستەوخۆ لە لایەن مامۆستا بۆ قوتابی دەربڕاوە، بە مەبەستی ئەوەی ـکە ئێستا دەفتەری تاقیکردنەوەی پێ بدات.

کاتی تاقیکردنەوە تەواوبووە(ڕستەی هەواڵدان) + دەوروبەر (مامۆستا بۆ قوتابی)

واتاکەی: **ئێستا دەفتەرەکانم پێ بدە.**

کات لەم جۆرە گوتنە فەرماندانە ئێستایە بە پێی فەرمانکردنی نـ ـێرەر داواکارییە ـکە دە ـبێ ئێستا جێبەجێ بکرێت.

2. **ئاوی ساردتان نییە؟**

(ئاوی ساردتان نییە؟) ڕستەی پرسیاری(نەرێ) + دەوروبەر (بەڕێوەبەر بۆ خزمەتگوزار)

واتاکەی: **پەرداخێك ئاوی ساردم بۆ بهێنە.**

ئەو گوتنە فەرماندانە بەپێی فەرمانکردنی نێرەر، دەبێت لە ئێستادا جێبەجێ بکرێت.

3. **ئازاد سەیارەکەی منت بردۆتەدەرەوە!**

ڕستەی سەرسوڕمان + دەوروبەر (باوك بۆ کوڕ).

واتاکەی: **هەر ئێستا سەیارەکەم بۆ بهێنەوە**.

کات لەم گوتنە فەرماندا ئێستایە، دەبێ ئێستا بۆی بهێنێتەوە دوانەکەوێ.

4. **ئاراس وەرە پێشەوە دانیشە**. (مامۆستا بۆ قوتابی).

کات لەم گوتنە دەربڕاوە ئێستایە، وەرگر دەبێت ئێستا بێتە پێشەوە.

5. **ئەو پەرتووکانە لێرە دابنێ**. (بەڕێوەبەری پەرتووکخانە بۆ فەرمانبەر).

کات لەم گوتنە فەرماندانە ئێستایە، دەبێت ئێستا پەرتووکەکان لەو شوێنەدا دابنێت، کە نێرەر بۆی دیاری کردووە.

6. **کۆمپیوتەرەکەم بۆ بکوژێنەوە**. (سەرۆك بەش بۆ سکرتێرەکەی).

کات لەم گوتنە فەرماندانە ئێستایە، وەرگر دەبێت ئێستا کۆمپیوتەرەکە بکوژێنێتەوە.

7. **لانە لە شوێنی من دامەنیشە**. (سکرتێر بۆ مراجع).

کات لەم گوتنە فەرماندانە ئێستایە، وەرگر بە پێی فەرمانی نێرەر دەبێت هەر ئێستا لەو شوێنەدا هەڵبستێ و دانەنیشێت.

کات لە هەریەکە لەم گوتنە فەرماندانانەی سەرەوە ڕا نەبردووە، بە پێی فەرمانکردنی بەهێزی نێرەر(قسەکەر)، دەبێت لەکاتی ئێستادا جێبەجێ بکرێت، نەك دوا بخرێ بۆ کاتێکی دیاریکراوی تر.

## ب- کاتی ڕانەبردووی داهاتوو لە گوتنی فەرماندانەدا:

هەندێ جار نێرەر(قسەکەر) بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوەو هەیەتی، هەندێ جار لە کاتی فەرمانکردن ماوە بە وەرگر(گوێگر)دەدات، لە داهاتوودا بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی تر ئەو فەرمانەی پێی کردووە بۆی جێبەجێ بکات، نێرەر لەم جۆرە کاتەدا ماوە بە وەرگر دەدات، بە پێچەوانەی کاتی ئێستا.

1. **تەنها نمرەی تاقی کردنەوەی وانەی تۆ نەهاتووە**.

تەنها نمرەی تاقی کردنەوەی تۆ نەهاتووە(ڕستەی هەواڵدان) + دەورووبەر (بەڕێوەبەر بۆ مامۆستا)

واتاکەی: **سبەی نا دووسبەی نمرەکانم بۆ بهێنە.**

کات لەم گوتنە فەرماندا نە کاتی دا هاتووە، نێرەر(بەڕێوەبەر)ە لێرەدا ماوە بە وەرگر(مامۆستا) دەدات لە ماوەیەکی دیاریکراوی تر، سبەی نا دووسبەی نمرەکانی بۆ بهێنێت.

2. **بۆچی ئەمڕۆ ئەو کەل و پەلانەت ڕێزنەکردووە؟** (خاوەن دوکان بۆ شاگردەکەی)

بۆچی ئەو کەل و پەلانەت ڕێز نەکردووە(ڕستەی پرسیاری) + دەورووبەر

واتاکەی: **بەیانی ئەو کەلوپەلانە ڕێك بخە.**

کات لەم گوتنە فەرماندانە کاتی داهاتووە، کە دەبێ بەیانی ئەو کەل و پەلانە لەلایەن شاگردەکەوە بە ڕێك و پێکی ڕێك بخرێت، کە لێرەدا نێرەر ماوە بە وەرگر دەدات.

3. **ئەمڕۆ سەفەر دەکەی!** (هاوڕێ –هاوڕێ).

ئەمڕۆ سەفەر دەکەی(ڕستەی سەرسوڕمان)+ دەورووبەر

واتاکەی: **ئەمڕۆ سەفەر مەکە بیخە مانگی داهاتوو.**

کات لەم گوتنە فەرماندانە کاتی داهاتووە، لێرەدا نێرەر ماوە بە وەر گر دەدات، مانگی داهاتوو سەفەرەکەی بکات.

4. **ڕۆژی شەمە تاقی کردنەوە بکەن.** (مامۆستا بۆ قوتابی)

کات لەم گوتنە فەرماندانە ئایندەیە، نێرەر لێرەدا ماوە بە وەرگر دەدات، ڕۆژێکی تری بۆ دیاریکردووە تاقی کردنەوەکە بکات.

5. **شانزدەی ئەم مانگە گەشتەکە ئەنجام بدەن.** (بەڕێوەبەری فەرمانگە بۆ فەرمانبەر).

کات لەم گوتنە فەرماندانە ئایندەیە، نێرەر لێرەدا ماوە بە وەرگر دەدات، گەشتەکەیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی تر کە شانزەی مانگە ئەنجامی بدەن.

6. **بیست و پێنجی مانگ پەرتووکەکان بهێنەوە.** (ئەمین مەکتەبە بۆ قوتابی).

کات لەم گوتنە فەرماندانە ئایندەیە، لێرەدا نێرەر ماوە بە وەرگر دەدات، بیست و پێنجی مانگ پەرتووکەکان بهێنێتەوە.

7. **بەیانی تا دووبەیانی دەوام بکە.** (بەڕێوەبەر بۆ مامۆستا).

کاتی گوتنی ئەو فەرماندانە ئایندەیە، لێرەدا نێرەر ماوە بە وەرگر دەدات، دەتوانێت پاش دوو ڕۆژی تر دەوام بکات.

کەواتە کات لە گوتنی فەرماندان کاتی ڕانەبردوو (ئێستا ، ئایندە)یە، بەڵام ئەوەی گوتنی فەرماندانی زۆر بەهێز بێت کاتی ئێستایە، دەبێ لە لایەن وەرگر لە هەمان کات دا جێ بەجێ بکرێت بە پێچەوانەی کاتی ئایندە کە نێرەر ماوە بە وەرگر دەدات لەکاتێکی تردا، کە بۆی دەست نیشان دەکات جێبەجێی بکات.

## 2- **کەس لە گوتنی فەرماندانددا**:

کەس لە گوتنی فەرماندانددا کەسێکی بە هێز و پلەوپایە دەسەڵاتە، (ئەو دەسەڵاتەی پلەوپایە و هێزەی هەیەتی یان لە ڕێگای یاسا وەریگرتووە و پێ دراوە یاخو لە ڕێگای ترەوە وەك توانای جەستەیی و لێهاتووی خۆیەتی یان دەوروبەر پێیانداوە و خۆشی بنەمای سەرکردەی تێدابووە یان کۆمەڵ و ئاین وەك ڕێزێك بۆ تەمەن و پایەی کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەم هێزەی داوە تێ وەك شێخ، مەلا سەید، ڕیش سپی...هتد)[*]. کەواتە ئەو کەسەی گوتنی فەرماندان دەردەبڕێت کە سێکی دەست ڕۆیشتوو دەسەڵاتدارە نەك کەسێکی بێ دەسەڵات و بێ هێز و بێ پلەوپایە. کە لێرەدا کەسەکانی ئەمانەن(سەرۆك، وەزیر، پارێزەر، بەڕێوەبەر، مامۆستا، پیاو، مەلا، کێخوا، میر، سەرۆك تیرە... هتد) هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

**- وەزیرەکان بەیانی کۆبوونەوەتان هەیە.**

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، کە لە لایەن نێرەر(سەرۆك ئەنجومەن) بە ناڕاستەخۆ بە هەواڵدان دەربڕاوە، کەسێکی بە پلەوپایە و دەسەڵاتدارە، دەسەڵاتی لە وەزیرەکان بەرزترە ئەو هێز و دەسەڵاتەی لە یاسا وەریگرتووە یاسا پێی داوە کە سەرۆك ئەنجومەن لە ئەنجومەنی وەزیران فەرمان بە وەزیرەکان دەکات، بەیانی لە کۆبوونەوە ئامادەبن.

---

[*] عبدالواحد مشیر دزەیی: 2009: 10.

وەزیرەکان بەیانی کۆبوونەوەتان هەیە + دەورروبەر.

واتاکەی: **بەیانی لە کۆبوونەوە ئامادەبن**.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(سەرۆك ئەنجوومەن) دەسەڵاتی لە یاسا وەرگرتووە.

### 2. بۆچی لەگەڵ ئێمە دێت؟

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، لە لایەن نـێرەر کە(باوك )ـە ـیە نارِا ستەوخۆ ـبۆ کورِەکەی بە پرسیاری دەربرِاوە، کەسی بەدەسەڵاتە لە ناو کۆمەڵگا، ئەو دەسەڵاتەش لە رِێ گەی کۆمەڵگاوە وەریگرتووە پیَی دراوە، نێرەر نارِاستەوخۆ فەرمان بە کورِەکەی دە کات، ـتاوەکو لەگەڵیان نەچێت.

– بۆچی لەگەڵ ئێمە دێت؟ + دەورروبەر

واتاکەی: **ئارام لە ماڵەوە بمێنەوە**.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(باوکە) ئەو دەسەڵاتەش لە کۆمەڵگادا وەریگرتووە.

### 3. بەرگی ئەم پەرتووکە هەمووی نووسراوە!

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوە، لە لایەن نێرەر(مامۆستا)یە بە نارِاستەوخۆ بۆ قوتابی ـیە سەرسورِمانەوە دەربرِاوە، مامۆستا کە سێکی ـبەهێزو بەدە سەڵاتە ـئەو دە سەڵاتەش لـە یا سا وەریگرتووە وە یاسا پێی داوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە قوتابی بکات چیتر بەرگی پەرتووکە کەی نەنووسی و بیسرِێتەوە.

بەرگی ئەم پەرتووکە هەمووی نووسراوە! + دەورروبەر.

واتاکەی: **ئازاد بەرگی ئەم پەرتووکە مەنووسە**.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە (مامۆستا)یە ئەو دەسەڵاتەی لە یاسا وەریگرتووە وە پێی دراوە.

### 4. بۆچی کاری رِییا دەکەن؟

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، لە لایەن نێرەر(مەلا)یە بەناڕاستەوخۆ بەپڕ سیارکردن دەربڕاوە، کەسێکی بە پلەو پایە و دەسەلاتدارە، ئەو دە سەلاتەی هە یەتی لە ڕێ گای ئایینەوە وەریگرتووە یاخود ئاین پێی داوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە هاوولاتیان بکات کاری ڕیبا نەکەن.

بۆچی کاری ڕیبا دەکەن؟ + دەورووبەر

واتاکەی: **کاری ڕیبا مەکەن**.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(مەلا)یە دەسەلاتی لە ئاین بە هۆی کۆمەڵگا وەریگرتووە.

## 5. گفتوگۆکە دواخرا.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، لە لایەن نێرەر(دادوەر) بە ناڕاستەوخۆ بۆ تاوانبار یە هەواڵدان دەربڕاوە، کەسێکی بە پلەو پایەو بەهێزی ئەو هێزو دە سەلاتەی لە ڕێ گای یا سا وەریگرتووە و هەیەتی، فەرمان بە تاوانبار دەکات ڕۆژی سێ شەمە ئامادەبێت بۆ گفتوگۆکە.

گفتوگۆکە دواخرا + دەورووبەر.

واتاکەی: **ڕۆژی سێ شەمە لە هۆڵی گفتوگۆکە ئامادەبە**.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(دادوەر) دەسەلاتەکەی لە یاسا وەرگرتووە.

## 6. نەوزاد لە ڕێگای باوباپیرانت لادەدەی!

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، لە لایەن نێرەر(ڕیش سپی بە تەمەن) بەناڕاستەوخۆ بۆ کەسێکی تر بە سەرسوڕمانی دەربڕاوە، کەسێکی بەهێزە، ئەو دە سەلاتەی هە یەتی لە ڕێ گای کۆمەڵگا بە هۆی تەمەنەکەی وەریگرتووە و پێی دراوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان یە بەرامبەرە کەی بکات لە ڕێگای باوباپیرانی لانەدات.

نەوزاد لە ڕێگای باوباپیرانت لادەدەی! + دەورووبەر.

واتاکەی: **نەوزاد لە ڕێگای باوباپیرانت لامەدە**.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(ڕیش سپی)یە، ئەو دەسەلاتەی بەهۆی تەمەنە کەی وەرگرتووە لەناو کۆمەڵگادا.

### 7. ئەوە هێشتا پەرتووکەکەت نەهێناوەتەوە؟

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، لەلایەن نێرەر(ئەمین مەکتەبە) بە ناڕاستەوخۆ بۆ قوتابی بە پرسیارکردن دەربڕاوە، کەسێکی بەهێزە دەسەڵاتە ئەو هێز و دەسەڵاتەی هەیەتی لە ڕێگای یاسا وەریگرتووە یاخود پێی دراوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە قوتابی بکات هەر ئێستا پەرتووکەکە بهێنێتەوە.

– ئەوە هێشتا پەرتووکەکەت نەهێناوەتەوە؟ + دەوروبەر.

واتاکەی: **ئێستا پەرتووکەکە بهێنەوە.**

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(ئەمین مەکتەبە)یە دەسەڵاتەکەی لە یاسا وەرگرتووە.

### 8. ئازاد تەلەفۆنەکەت کارتی تێدایە؟

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، لەلایەن نێرەرەوە بە ناڕاستەوخۆ بۆ هاوڕێکەی بە پرسیارکردن دەربڕاوە، نێرەر کە نهێنی لە لای کەسی بەرامبەرە و لایەتی، بەهۆی ئەو نهێنییەی کە لە لای ئەو هەیە (بارودۆخی تایبەت)، بۆیە دەتوانێ فەرمانی پێ بکات تەلەفۆنەکەی پێ بدات تاوەکو قسەی پێ بکات.

– تەلەفۆنەکەت کارتی تێدایە؟ + دەوروبەر.

واتاکەی: **تەلەفۆنەکەتم پێ بدە.**

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(هاوڕێی ئازاد)ە، بەهۆی بارودۆخی تایبەت(نهێنی) دەتوانێ فەرمانەکەی پێ بکات.

### 9. سەربازەکان کاتی ئامادەبوونتانە.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە، لە لایەن نێرەرەوە(ئەفسەر) بە ناڕاستەوخۆ بۆ سەربازەکان بە هەواڵ دان دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە پلەو پایەو بەهێز و دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتەش لەڕێگای یاسا پێی دراوە و وەری گرتووە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە سەربازەکان بکات هەر ئێستا ئامادەبن.

سەربازەکان کاتی ئامادەبوونتانە + دەوروبەر.

واتاكەی: **سەربازەكان ئێستا ئامادەبن.**

كەس لەم گوتنە فەرماندانە(ئەفسەرە) ئەو دەسەڵات و هێزەی لە یاسا وەرگرتووە.

### 10. تا ئێستا ژوورەكەم پاك نەكراوەتەوە.

كەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوە(نەرێ)یە، لە لایەن نێرەرەوە(خاوەن ماڵ)بە ناڕاستەوخۆ بۆ خزمەتكار(كارەكەر) بە هەواڵدان دەربڕاوە، نێرەر كەسێكی سەرمایەدار و دەوڵەمەندە ئەو دەسەڵاتە لە لایەن كۆمەڵگا پێی دراوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بەسەر وەرگر بكات كە ئێستا ژوورەكەی پاك بكاتەوە، وەرگریش بەهۆی ئەوە نان بڕنەبێ لە بەر بەرژەوەندی خۆی هەر ئەوكاتە پاكی دەكاتەوە.

تا ئێستا ژوورەكەم پاك نەكراوەتەوە + دەوروبەر.

واتاكەی: **ئێستا ژووەكەم پاك بكەوە.**

كەس لەم گوتنە فەرماندانە كە خاوەن ماڵە(دەوڵەمەند)ە، بەهۆی سەرمایە لە ناو كۆمەڵگادا دەسەڵاتی وەرگرتووە.

### 11. ناسنامەی قوتابییانت نەهێناوە؟

كەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە(نەرێ)یە، لە لایەن نێرەرەوە(بەڕێوەبەر) بەناڕاستەوخۆ بۆ (سكرتێرەكەی)بە پرسیاركردن دەربڕاوە، نێرەر كەسێكی بە دەسەڵاتە ئەو دەسەڵاتەش لە ڕێگای یاساوە وەریگرتووە یاخود یاسا ئەو هێزەی داوەتێ، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە سكرتێرەكەی بكات، هەر ئێستا ناسنامەی قوتابیانی بۆ بهێنێ.

ناسنامەی قوتابیانت نەهێناوە؟ + دەوروبەر.

واتاكەی: **ئێستا بڕۆ ناسنامەكانیان بهێنە.**

كەس لەم گوتنە فەرماندانە(بەڕێوەبەر)ە ئەو دەسەڵات و هێزە، لە یاسا وەریگرتووە.

### 12. هێشتا گوندەكەت بەجێ نەهێشتووە!

کەس لەم گوتنە فەرماندانە شاراوە(نەرێ)یە، لە لا یەن نێرەرەوە(کێ خوای گو ند) بە ناڕاستەوخۆ بۆ هاوولاتی بە سەرسوڕمان دەربڕاوە، نێرەر کە سێکی بەهێز و دە ستەلاتە، ئەو دەسەلاتەی هەیەتی لە ڕێگای کۆمەلگا وەریگرتووە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بەهاوولاتی بکات هەر ئێستا گوندەکەی بەجێ بهێلێت لە گوندەکەدا نەمێنێ.

هێشتا گوندەکەت بەجێ نەهێشتووە! + دەورووبەر.

واتاکەی: **هەر ئێستا گوندەکە بەجێ بهێلە**.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(کێخوای گوند) لە ڕێگای (کۆمەلگا)وە دەسەلاتی وەرگرتووە.

## 13. دەرمانەکانت بخۆ.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە، لە لایەن نێرەرەوە(پزیشك) بە ئاشکرا بۆ نەخۆش دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە دەسەلاتە ئەو دەسەلاتەش لە ڕێ گای پێ گەی کۆمەلایەتی یەوە پێ ی دراوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە نەخۆشەکەی بکات دەرمانەکانی بخوات.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە(پزیشك )ـە دە سەلاتەکەی لە ڕێ گای پا یەی کۆمەلایەتی وەرگرتووە.

## 14. مەهێلە کەس بچێتە ژوورەکەم.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە، لە لایەن نێرەرەوە(سەرۆك بەش) بۆ سکرتێرەکە بە ئاشکرا(نەرێ) دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بەهێز و دەسەلاتە، ئەو دە سەلاتەش لە ڕێ گای یا سا کۆمەلگا وەریگرتووەو پێی دراوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە وەر گر ب کات کە کەس نە چێتە ژوورەکەی.

کەس لەم گوتنە فەرماندانە(سەرۆك بەش) ئەو دەسەلاتەی لە لا یەن پا یەی کۆمەلا یەتی وەریگرتووەو پێی دراوە.

## 15. پێشینەی وەرگرتنی شیربایی وەرمەگرن.

کەس لەم گوت نە فەرماندا نە ڕا ستەوخۆیە، لە لا یەن نێرەرەوە( مەلا) بۆ هاوولاتی بەڕاستەوخۆ(نەرێ) دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی دیارە لە ناو کۆمەلگادا وە دەسەلاتی هە یە، ئەو

دەسەڵاتەی هەیەتی لـە ڕێگای ئاینەوە لـە ناو کۆمەڵگادا وەریگرتووە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە سەر هاووڵاتی بکات کە پێشینەی شیربایی حەرامە وەری مەگرن.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە(مەلا)یە، ئەو دەسەڵاتەی لـە ڕێگای ئاینەوە لـە ناو کۆ مەڵگادا وەریگرتووە.

16. **ئافرەت جلەکانم بۆ بشۆ.**

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە، لـە لایەن نێرەر(پیاو) بۆ(خێزانەکەی) یە ئا شکرا دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە دەسەڵات و بەهێزە ئەو دەسەڵات و هێزەش لـە لایەن کۆمەڵگاوە پێی دراوە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە خێزانەکەی بکات جلەکانی بۆ بشوات.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە(پیاوە) دەسەڵاتی لـە لایەن کۆمەڵگاوە وەرگرتووە.

17. **ئەو تاوانبارە ببەن بۆ ژووری گرتووخانە.**

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە، لـەلایەن نێرەر(بەرپرسی پۆلیس یۆ پۆلیس) یە ئاشکرا دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە دەسەڵاتە ئەو دە سەڵاتە و هێزە شی لـە ڕێ گای یا ساوە وەریگرتووە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە وەرگر بکات تاوانبار ببەن بۆ ژووری گرتووخانە.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە(بەرپرسی پۆلیس) ئەو دەسەڵاتەی لـە ڕێگای یاسا وەریگرتووە.

18. **ئازاد لەبەردەمی من ڕامەوەستە.**

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆ(نەرێ)یە، لـە لایەن نێرەر(کەسێکی لـێهاتوو) تر سناك بۆ وەرگر بە ئاشکرا دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە توانا و لـێهاتووە ئەو دەسەڵاتەش بە هۆی هێزی جەستەی وەریگرتووە، بۆیە فەرمان بەسەر وەرگر دەکات لـەبەردەمی ڕانەوستێ.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە(کەسێکی بەتوانا و لـێهاتووە)، دەسەڵاتی لـە ڕێگای هێزو توانای جەستەوە وەریگرتووە.

19. **قوتابییەکان ئێستا وەرنە ژوورەوە.**

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە، لـە لایەن نێرەر(مامۆستا) بۆ قو ـتابی ـیە ئا ـشکرا دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بەدەسەڵاتە ئەو هێزو دەسەڵاتەش لـە ڕێگای یا ـساوە پ ـێی دراوە، بۆ ـیە فەرمان بە قوتابیەکان دەکات بهێنە ژوورەوە.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە(مامۆستا)یە ئەو دە ـسەڵاتەی ـلە ڕێ ـگای یا ـساوە وەرگرتووە.

20. **شوێنی خۆت بەجێ مەهێڵە**.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە، لـە لایەن نێرەر(کەسی سەرمایەدار و دەوڵەمەند)ە بە ئاشکرا بەرامبەر بە وەرگر دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە هێزو دەسەڵاتە ئەو هێز و دە ـسەڵاتەی لـە ڕێگای کۆمەڵگا وەریگرتووە، بۆیە دەتوانێ فەرمان ـیە پا ـسەوانی ـبەر دەرگا ـکە ب ـکات و شوێنەکە بەجێ نەهێڵێ.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە(کەسی سەرمایەدار) دەسەڵاتەکەی لـە کۆمەڵگادا وەرگرتووە.

21. **ئێستا وەرن بۆ دیوەخان**.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆ، لـە لایەن نێرەر(میر) بۆ وەرگر بە ئاشکرا دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە هێزە و پلـەوپایەیەکە ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی لـە لایەن کۆ ـمەڵگاوە پ ـێی دراوە، بۆیە ئەتوانێ فەرمان بە وەرگر(هاووڵاتیان) بکات بۆ ئەوەی بێنە دیوەخان.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە(میرە) کە ئەو دەسەڵاتەی لـە لا ـیەن کۆ ـمەڵگاوە پ ـێی دراوەو وەریگرتووە.

22. **ئەمڕۆ ئارام بە نەهاتوو دابنێ**.

کەس لـەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە، لـە لایەن نێرەر(بەڕێوەبەری قوتابخانە) بۆ نوو ـسەر بە ئاشکرا دەربڕاوە، نێرەر کەسێکی بە دەسەڵات و پلـەوپایەیە ئەو ه ـێزو دە ـسەڵاتەی ـلە یا ـسا وەریگرتووە، بۆیە دەتوانێ فەرمان بە نووسەر بکات ئەمڕۆ ئارام بە نەهاتوو دابنرێت.

کەس لـەم گوتنە(بەڕێوەبەر)ە، ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی لـە ڕێگای یاسا وەریگرتووە.


کەواتە کەس لـە گوتنی فەرماندان کەسێکی ـبەهێز و دە ـسەڵاتە ـئەو ه ـێز و دە ـسەڵاتەی هەیەتی، کە فەرمانی پێی دەکات یان لـە ڕێگای یاسا وەریگرتووە یاخود لـە ڕێگای ترەوە کۆمەڵگا پێی داوە.

## 3- **شوێن لە گوتنی فەرماندان**:

ئەو شوێنەیە کە نێرەر دەسەڵاتی پێ دراوە خۆی لێپرسراوە بەرپرسیارە لەو شوێنەدا کە هەر کەم و کوڕێك بکرێت، بە پێی ئەو دەسەڵات و پلەوپایەو هێزەی لەو شوێنەی کە پ ێی دراوە هەیەتی دەتوانێ فەرمان بەسەر وەرگر(گوێگر) بکات، واتە دوور لەو شوێنەدا یاخود لە دەرەوەی ئەو شوێنەی کە خۆی تیادا لیّ پرسراوە ناتوانێ هەمان فەرمان بە سەر کە سی بەرام بەر(گوێگر) بکات، کەواتە شوێنی گوتنی فەرماندان ئەو شوێنەیە کە نێرەر لە قسەکەر بە پێی ئەو دە سەلاتەی پێی دراوە دەتوانێ فەرمان بکات بۆ نموونە، مامۆستا لە ناو قوتابخانەدا دەتوا نێ فەرمان ب کات بەسەر قوتابییەکان، کەچی لە دەرەوەی قوتابخانە بوو ئەو دەسەڵاتەی نییە کە بتوانێ فەرمان بە سەر قوتابییەکان بکات، یاخود بەڕێوەبەری فەرمانگە لە ناو فەرمانگەکە یدا دەتوا نێ فەرمان بە سەر فەرمانبەرەکەی یاخود خزمەتگوزارەکەی ...هتد بکات، کە لە دەرەوەی ئەو شوێنەدا ناتوا نێ هەمان فەرمان بکات.

شوێنی گوتنی فەرماندان ئەو شوێنەیە کە قسەکەر تیا یدا فەرمان بە سەر وەرگر( گوێگر) دەکات یان ئەوەتا شوێنی فەرمان کردنەکە لە یەك نزیك لەیەك شوێن دان یان ئەوەتا شوێنی فەرمانکردن دوورە واتە لە شوێنی جیاوازن لە یەکتر، ئەو فەرمانکردنەش بەهۆی پەیوەندی تەلەفۆنی یاخود بەهۆی ڕاسپاردە کەسێکی تر ڕادە سپێرێ ئەو کە سە وەکو ئامێر دەتوانێ فەرمانەکە بە کەسەکە ڕابگەیێنێ.

هەروەك لەم هێلکاریەی خوارەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە:



### أ- شوێنی قسەکەر و گوێگر نزیك بێت لە یەك شوێندا:

**1. ئەو بابەتە بنووسە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە لە یەك نزیکە، واتە قسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش قوتابخانەیە ناو هۆڵی خوێندن، کە نێرەر مامۆستایە فەرمان بە وەرگر(قوتابی) دەکات.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(قوتابخانە)

**2. چایەکی گەرمم بۆ بهێنە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە لە یەك نزیکە، واتە قسەکەر و گوێگر لەیەك شوێن دان، ئەویش فەرمانگەیە ناو هۆڵی بەڕێوەبەری فەرمانگە، کە نێرەر بەڕێوەبەری فەرمانگەیە فەرمان بە خزمەتگوزارەکەی دەکات کە چای گەرمی بۆ بهێنێ.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(فەرمانگە)

**3. ئێستا پرسیارەکان بۆ قوتابییەکان بخوێنەوە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە لە یەك نزیك، واتە قسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش کۆلێژە ناو هۆڵی خوێندنە، کە نێرەر سەرۆك بەشە فەرمان وەرگر(مامۆستا) دەکات کە پرسیارەکان بخوێنێتەوە.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(کۆلێژ).

4. **ئۆتۆمبیلەکەت لێرە ڕامەگرە.**

شوێنی قسەکەرو گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆ(نەرێ)یە لە یەك نزیكە، وا تە قسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش ڕێگای هاتووچوویە، کە نێرەر(پۆلیسە) فەرمان بە وەرگر(هاوولاتی) دەکات کە ئۆتۆمبیلەکەی ڕانەگرێت لەو ڕێگایەدا.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(هاتووچوو).

5. **پۆلیسەکان ئەمڕۆ مەچوونەوە.**

شوێنی قسەکەرو گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕا ستەوخۆ(نەرێ)یە لە یەك نزیكە، وا تە قسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش وەزارەتی ناوخۆیە، کە نێرەر(ئەفسەر)ە فەرمان بە وەرگر(پۆلیسەکان) دەکات کە لە وەزارەتی ناوخۆدا بمێنەوە بۆ کاری پێویست.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(وەزارەتی ناوخۆیە).


6. **چیتر ئەو دەرمانانە مەخۆ.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆ(نەرێ)یە لە یەك نزیكە، وا تە قسەکەر و گوێگر لەیەك شوێن دان، ئەویش نەخۆ شخانەیە، کە نێرەر(پزیشك)ە فەرمان بە (نەخۆشەکەی) دەکات کە چیتر ئەو دەرمانانە دەخوات.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(نەخۆشخانە)یە.


### 7. ماوەی پەرتووك بردن تەواوبووە.

شوێنی قسەكەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە لە یەك نزیـكە، واتە(قـسەكەر و گوێگر) لە یەك شوێن دان، ئەویش پەرتووكخانەی گشتییە، كە نێرەر( ئەمین مەكتەبە) فەرمان بە(قوتابی) دەكات كە پەرتووكەكانی پێ بداتەوە.





### 8. كەی نانەكەم بۆ دینی؟

شوێنی قسەكەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە(لەیەك نزیـكە) واتە قـسەكەر و گوێگر لەیەك شوێن دان، ئەویش شوێنی نان خواردن(چێشتخانەیە)، نێرەر(خاوەن ماڵە) فەرمان بە(كارەكەر)ی چێشت لێنەر دەكات كە خواردنەكەی بۆ بهێنێ.




### 9. كاتی وانە وتنەوەیە.

شوێنی قسەكەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە لە یەك نزیـكە، واتە قـسەكەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش (ژووری بەڕێوەبەر)ە، نێرەر(بەڕێوەبەر) فەرمان بە وەرگر(مامۆستا) دەكات كە وانەكە بڵێتەوە.



### 10. هێشتا سزای ئەو تاوانبارەتان نەداوە؟

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرمانداندە شاراوە(نەرێ)یە لە یەك نزیکە، واتە قسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش(ژووری گرتووخانەیە)، نێرەر بەڕێوەبەری پۆلیسە فەرمان بە پۆلیس دەکات کە سزاکە جێبەجێ بکات.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(گرتووخانە).

### 11. نوسینی کتابەکەت بە کۆمپیوتەر نەنوسیوە؟

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرمانداندە شاراوەیە(نەرێ)یە لە یەك نزیکە، واتە قسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش ژووری سکرتێرە، نێرەر (بەڕێوەبەری وەزارەتە) فەرمان بە سکرتێرەکەی دەکات کە ئێستا ئەو کتابەی بە کۆمپیوتەر بنووسە.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(ژووری وەزارەت).

### 12. ناسنامەکەت هێناوە؟

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرمانداندە شاراوە(نەرێ)یە لە یەك نزیکە، واتە قسەکەر و گوێگر لە یەك نزیکە، واتە قسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دان، ئەویش چوونە ژوورەوەی(پرسگە)، نێرەر(فەرمانبەرە لەم دادگایە) فەرمان بە وەرگر دەکات کە ناسنامەکەی پێ نیشان بدات.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — نزیك(پرسگە).

ب– شوێنی فەرمانکردنی نێرەر لە وەرگر دوور بێت ئەم جۆرە گوتنە فەرماندانە بەهۆی پەیوەندی تەلەفۆنەوە یاخود کەسی ڕاسپاردەوەکو ئامێر جێبەجێ دەکرێت.

1. **جلەکانم بۆ ئامادەبکە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆ لە یەك دوورە، وا ـتە ـلـە ـیەك شوێن دانین، ـبەڵکو نێرەر( ـپارێزەر) ـلـە دادگا ـیە ـبەهۆی کە ـسی ڕا ـسپاردەوە ـفـەرمان ـبە وەرگر(خێزانەکەی) ـکە ـلـە ماڵەوە ـیە دە ـکات، ـبە مەبە ـستی ئا ـمادەکردنی ج ـلـەکانی ـبۆ سەفەرکردنەکەی بۆ دەرەوە.

قسەکەر(نێرەر)
شوێن　　　　　　　　دوورە　　　(دادگا – ماڵەوە)
گوێگر (وەرگر)

2. **ئازاد بە قوتابییەکان ڕابگەیەنە کە نمرەکانیان وەرگرنەوە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە لەیەك دوورە، وا ـتە ـلـە ـیەك شوێن دانین، بەڵکو نێرەر لە کۆلیژە بەهۆی پەیوەندی تەلەفۆنی فەرمان بە وەرگر دەکات، کە لە ڕێگادایە.

قسەکەر(نێرەر)
شوێن　　　　　　　　دوورە　　　(کۆلیژ  ڕێگا)
گوێگر(وەرگر)

3. **بە پۆلیسەکە بڵێ زوو دزەکە بهێنێ بۆ گرتووخانە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆیە لە یەك دوورە، واتە ـلـە ـیەك شوێن دانین، بەڵکو قسەکەر لە گرتووخانە فەرمان بە کەسی ڕاسپاردە دە ـکات، ـبە پۆلـیـ ـسەکە بڵێت دزەکە زوو بهێنێ بۆ گرتووخانە.

قسەکەر(نێرەر)
شوێن　　　　　　　　دوورە　　(گرتووخانە – شوێنی دزەکە).
گوێگر(وەرگر)

4. **ئەمڕۆ مەیێ بۆ دەوام.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرمانانە ڕاستەوخۆ(نەرێ)یە لە یەك دوورە، وا تە لە یەك شوێن دانین، بەڵكو قسەكەر لە قوتابخانە بەهۆی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە فەرمان ـیە وەر گر دەكات، كە ئەمڕۆ دەوام نەكات.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) | دوورە (قوتابخانە –لە ناو ئۆتۆمبێلدا)

5- **چیتر بەدوای کوڕەکەم دا مەچوو.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆ(نەرێ)یە لە یەك دوورە، واتە لە یەك شوێن دانین، بەڵكو نێرەر(لە فەرمانگە)یە بە هۆی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە فەرمان بەسەر وەرگر دەكات كە بەدوای كوڕەكەی دا نەچێت.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) | دوورە (فەرمانگە – ڕێگای هاتووچووی)

6. **بە وەزیرەکان بڵێ ئەمڕۆ زوو بێن بۆ کۆبوونەوە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە ڕاستەوخۆ(ئەرێ)یە، لە یەك دوورە، واتە لە یەك شوێن دانین، بەڵكو نێرەر فەرمان بە كەسی ڕاسپاردەوە (فەرمانبەر)ە، ـیە وەزیرە كان ب ڵێ زووبێنە شوێنی كۆبوونەوەكەیان.

شوێن — قسەکەر(نێرە) / گوێگر(وەرگر) | دوورە (ئەنجومەنی وەزیران  ژوورەکەیەتی)

7. **ئەمڕۆ میوان لەگەڵ خۆم ئەهێنمەوە.**

شوێنی قسەکەرو گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە لە ـیەك دوورە، وا ـتە قـ ـسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دانین، بەڵکو نێرەر(قسەکەر) لە دەرەوەیە فەرمانبەرە بە ـهۆی تەلـەفۆ ـنەوە فەرمان بە وەرگر(کارەکەری ماڵ) دەکات خواردنەکە زوو ئامادەبکات.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) | دوورە (فەرمانگەیە □ ماڵەوە)

8. **کەی دێیت بۆ دەوام؟** ئاخاوتنی ژمارە(1) لاپەڕە (أ).

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە لە یەك دوورە، وا ـتە قـ ـسەکەر و گوێگر لە یەك شوێن دانین، بەڵکو نێرەر فەرمانبەرە لە قوتابخانە بە هۆی پەیوەندی تە ـلەفۆنی ـیە ناڕاستەوخۆ بە قوتابیەکە دەڵێت مامۆستاکەت چاوەڕوانتە زوو وەرە بۆ دەوام.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) | دوورە (قوتابخانە □ ڕێگا)

9. **ئەمڕۆ نمرەکان دەرچوون.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوەیە لە یەك دوورە، واتە لە یەك شوێن دانین، بەڵکو نێرەر فەرمانبەرە لە تۆمار بە هۆی کەسی ڕاسپاردەوە، ـکە ـیە هاوڕێ ـکەی بلّ ـێت نمرەکانی دەرچووە ئێستا بێت نمرەکانی وەربگرێتەوە.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) | دوورە (فەرمانبەرە لە کۆلیژ □ ماڵەوە)

### 10. **بۆچی نەهاتووی بۆ هۆڵی تاقی کردنەوە.**

شوێنی قسەکەرو گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوە(نەرێ)یە لە یەك دوورە، واتە لە یەك شوێن دانین، بەڵکو نێرەر مامۆستایە لە قوتابخانە بە هۆی کەسی ڕا سپاردەوە(هاوڕێی قوتابی)ـەکەیە، کە بە قوتابیەکە بڵێت ئێستا بێت بۆ هۆڵی تاقیکردنەوە.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — دوورە (قوتابخانە □ دەرەوە)

### 11. **ڕەقەمی تەلەفۆنی مامۆستا نەوزادت لانییە؟** ئاخاوتنی ژمارە(2) لاپەڕە (أ–ب).

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوە(نەرێ)یە لە یەك دوورە، واتە لە یەك شوێندا نین، بەڵکو نێرەر بەرێوەبەرە لە پەتووکخانە بە هۆی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە بە ناڕاستەوخۆ فەرمان بە(سکرتێرەکەی) دەکات، ڕەقەمی مامۆستا نەوزادی پێ بدات.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — دوورە (پەرتووکخانە □ماڵەوە)

### 12. **پێی بڵێت نەچێتە دەرەوە.**

شوێنی قسەکەر و گوێگر لەم گوتنە فەرماندانە شاراوە(نەرێ)یە لە یەك دوورە، واتە لە یەك شوێندا نین، بەڵکو نێرەر باوکە فەرمان بە کەسی ڕاسپاردە دەکات کە هاوڕێی کوڕەکەیەتی بە کوڕەکەی بڵێت نەچێتە دەرەوە.

شوێن — قسەکەر(نێرەر) / گوێگر(وەرگر) — دوورە (دەرەوە □ ماڵەوە)

کەواتە شوێن لە گوتنی فەرماندان یان نزیکە یان دورە، بەڵام نزیك کاریگەری بەهێزە.

## 4- **ئاوازە لە گوتنی فەرماندا**:

ئاوازە وەکو کەرەسەیەکی ناکەرتی زمان بایەخدارە بۆ گەیاندنی پەیامی نێرەر(وەر ـگر) وە هەروەها مەبەستی گوتنی نێرەر دەگەیەنێ، هەرچەندە ناتوانرێ ئاوازە بە بەشێکی گرنگ دابنر ـێت لە ڕۆنانی ڕستە، بەڵام دەتوانرێ وەکو کەرەسەیەکی ناکەرتی زمان بە بەشێکی گرنگ دابنرێ ـبۆ تێ گەیشتنی واتا و مەبەستی نێرەر(قسەکەر).

ئاوازە(Intonition): دەوەستێتە سەر ژمارەی لەرەلەری ژێکان لە چرکەیەکدا، بە پشت بەستنی پلەی لەرینەوەی تاڵە ژێکان، زۆر کەس ئاوازە بە پلەی دەنگ ـیان چینی دە ـنگ ـناو دەبات[مت]. گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاوازەی ڕستە، هەر ئاوازەش واتا ـیەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێ.

## - **ئاستەکانی ئاوازە**:

1- ئاوازەی نزم (النغمة المنخفضة) /↙/.

2- ئاوازەی ئاسایی (النغمة العادية) /←/.

3- ئاوازەی بەرز (النغمة العالية) /↖/.

4- ئاوازەی سەرووی بەرز ( النغمة فوق العالية) /↖/[ير].

ئەو جۆرە ئاوازەی، کە پەیوەندی بە گوتنی فەرماندانەوە هەبێت جۆری چوارەمە ـئاوازەی سەرووی بەرزە(النغمة فوق العالية)، کە ئەو ئاوازەیەش لەگەڵ ڕ ستەی سەر سوڕمان و ـئەمر و هەڵچوون دێت، بەرزترین جۆری ئاوازەیە ـکە ـلە ـئاوازەی ـبەرز ـبەرزترە. ـئەو ئاوازە ـیەش کاریگەری زۆری هەیە لە سەر وا ـتاو مەبە ستی شاراوەی ـگوتنی فەرما ـندان، جا چ گوتـ ـنە فەرماندانەکە ڕاستەوخۆ بێت چ شاراوە بێت بە ئاوازێکی سەرووی بەرز دەردەبڕدرێت. بەتای ـبەتی لە کاتی نائاسایی دا، نێرەر دەربڕینێکە بە ئاوازێکی سەرووی بەرز دەردەبڕ ـێت وەك ـلە ـکاتی توڕەبوون و هەڕەشەکردن، هەڵچوون، بەڵام لە باری ئاسایی دا ئاوازەکەی بەرزە. هەروەك ـلەم نموونانەی خوارەوە هاتووە.

---

[مت] وريا عمر أمين، 1994: 15–16.

[ير] محمد على الخولى، 1987: 169–170.

– گوتنی فەرماندانی ڕاستەوخۆ(ئەرێ و نەرێ).

- **دەفتەرەکانم بۆ بهێنە.**

- **ئارام لەو شوێنەدا دامەنیشە.**

- **بانگی تاقگەم بۆ بکە.**

- **ئاوڕ لە هاوڕێکەت مەدەوە.** (هەڕەشەکردن)

- **وەرە لای نازدار دانیشە.** (توڕەبوون)

- **ئۆتۆمبیلەکەت لەبەر دەرگاکە ڕامەگرە.**

- **گوێی لەوانەکەم بگرە.** (هەڕەشەکردن)

- **سەربازەکان ئەمشەو مەڕۆنەوە.**

- **ناسنامەکەی خۆتم بۆ بهێنە.**

- **هەر ئێستا ئۆتۆمبیلەکەم بۆ بشۆ.** (تووڕەبوون)

- **ئاوی ساردم بۆ مەهێنە.**

- **دەرمانەکان ڕێك بخە.**

- **چیتر ناو مەنووسە.**

- خواردن بۆ میوانەکەم بهێنە.

## گوتنی فەرمانداندنی شاراوە(ئەریّ، نەریّ):

- کارەکەت تەواوکرد؟

- هیوا ناسیاوی خۆمە. ئاخاوتنی ژمارە(5) لاپەڕە(ج).

- ئازاد نەهاتووتەوە.

- چێشتەکە ئامادە بووە؟

- دەرگاکە دانەخراوە.

- پێنووست پێیە؟

- هێشتا دەوام تەواو نەبووە.

- دەرگاکە کلیل دراوە.

- ماڵەکە پاك نەکراوەتەوە.

- ئەمە کەی شوێنی وەستانە.

- کۆمپیوتەرەکە نەکوژاوەتەوە .

- درەنگ هاتووی.

- زەنگەکە لیّ نەدراوە.

- **بۆچی دەنگی تۆ دێت؟**

- **مامۆستاکەتان نەهاتووە.**

- **ئای بۆچی فۆڕمەکەت نەهێناوەتەوە.**

- **کچم بۆ دیار نەبوویت؟** ئاخاوتنی ژمارە(7) لاپەڕە(ج-د).

هەریەکە لەم گوتانەی سەرەوە چ شاراوە(ئەریٚ و نەریٚ) چ ڕاستەوخۆ(ئەریٚ و ـنەریٚ) ـیە ئاوازێکی سەرووی بەرز لە لایەن نێرەر(قسەکەر) دەربڕاون بەپێی پلەوپا ـیە و دە سەلاٚتی ـبەهێز خۆیەوە، لە هەمان کاتدا گوێگر(وەرگر) بەهۆی ئەو ئاوازەوە دە ـتوانی بزا ـنی ـئەوی دەیبیـ ستی یاخود گوێی لیٚ دەبێت هەواڵدانە یاخود سەرسوڕمانە یاخود فەرماندانە.

## 5- **هێز**(Stress) **لە گوتنی فەرماندانداندا**:

هێز وەکو کەرستەیەکی ناکەرتی (Suprals Suqmental) لەزما ـندا دەنا سریٚ کە کاریگەیەکی زۆری هەیە لەسەر واتای و مەبەستی نـێرەر، ئە ـمە دەخرێ ـتە سەر پار چەیەك لە پارچەکانی ووشە یاخود ڕستە، کاریگەرە لەسەر پلەی هێز لە بەرزبوو ـنەوەو ـنزم بوو ـنەوەی پارچەکانی ووشە و ڕستە. بەمەش جیاوازی دەبێت لە نێوان پلەکانی هێز لەسەر ووشەکان چ لە بەرزبوونەوە چ نزم بوونەوە[*].

**هێز بەسەر چوار پلە دابەش دەکرێت ئەمانەن**:

1- هێزی سەرەکی /′/ بە هێزترین جۆری هێزە.

2- هێزی دووەم لاوەکی / ^ / لاوازترە لە جۆری یەکەم (هێزی سەرەکی).

3- هێزی سێیەم /`/ لاوازترە لە جۆری دووەم، بەلاٚم لە هی چوارەم بەهێزترە.

4- هێزی لاواز / ˇ / ئەم جۆرەیان لاوازترین جۆری هێزە.

---

[*] محمد علی الخولی، 1991: 268.

- **جۆرەکانی هێز**:

1- هێزی ووشە.

2- هێزی ڕستە.

أ- هێزی بەرامبەری(مەبەست).

ب- هێزی ئاسایی.

## هێزی ڕستەی ئاسایی:

ئەو هێزەیە کە دەخرێتە سەر ووشەیەك لە ووشەکانی ناو ڕستە، ئەو کاتە هێزەکەی دەبێتە هێزێکی سەرەکی(*).

بۆ دەستنیشانکردنی هێز لە گوتنی فەرماندان، ئەگەر بێت و گوتنە فەرماندانەکە بە ڕاستەوخۆ دەربڕابوو، ئەوکاتە مۆرفیمی فەرماندان(ئەرێ، نەرێ) دەردەکەوت، وە هێزی سەرەکی دەچێتە سەر ئەو وشەی، کە مۆرفیمی فەرماندان وەرگرتووە، مۆرفیمی فەرماندان لە هەر شوێنێك بێت هێز بۆ خۆی ڕادەکێشێت، ئەو هێزەش هێزی سەرەکییە، بەهێزترین جۆری هێزە، بەم شێوەیە:

1. **ئازاد برۆ.**
2. **پەرتووکەکەت مەکەوە.**
3. **وەرزش بکەن.**
4. **کورم شەو ئۆتۆمبیلەکەت لێ مەخورە.**
5. **بەیانی زوو وەرە.**
6. **نیوەرۆ مەرۆوە.**
7. **دەرمانەکانت بکرە.**
8. **یاری لەناو باخچەکە مەکە.**
9. **وەرە ژوورەکەم پاك بکەوە.**
10. **دەفتەرەکانتان مەکەنەوە.**

---

(*) محمد علی الخولی، 1987: 171.

11. **بەیانی کاتژمێر دوو ئامادەبَن.**

12. **لەگەڵ نەوزاد مَەچووە دەرەوە.**

13- **ئاراس دەفتەرەکەت وەربگرەوە.**

14- **گۆران ئێستا مَەڕۆ.**

ئەگەر سەیر بکەین لەم گوتنە فەرماندانانەوە کە بەڕاستەوخۆ دەبڕاون، مۆرفیمی فەرما ـندان لە هەریەکە لەم گوتنانەدا هێزی وەرگرتووە هێزە سەرەکیەکە کەوتووتە سەریانەوە.

ئەگەر سەیر بکەین لە گوتنی فەرماندانی شاراوە، کە لێرەدا نێرەر گوتنەکە فەرماندانە کەی بە ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، بەهەمان شێوە ووشەیەك لە ووشەکانی ناو ڕستە دەربڕاوە کە هـێزی سەرەکی وەردەگرن.

1. **پەنجەرەَکە داخراوە.**

2. **پەرتووکەَکەت نەهێناوەتەوە؟**

3. **چایەَکە زۆر ساردە!**

4. **باخچەَکە پاك نەکراوەتەوە.**

5. **نمرەکاَن وەرناگرنەوە؟**

6. **کۆمپیوتەرەَکە کوژاوەتەوە.**

7. **کەلوپەلەکاَن ئامادەنەبووە؟**

8. **ئازاد کەی دێیت؟**

9. **مێوانەَکەم تێنویەتی.** ئاخاوتنی ژمارە(6) لاپەڕە (ج).

9. **تەلەفزیۆنەَکە نەکوژاوەتەوە.**

10. **کارەکەَت تەواوکردوە.**

11. **دەرگاَکە دانەخراوە.**

12. **وا لەبەر دەرگای ماڵەَکەتان وەستاوم.**

13. **هێشتا ژوورەَکەم خاوێن نەکراوەتەوە.**

14. **مامۆستاَکەتان هاتووە.**

## 6- <u>وەستان لە گوتنی فەرماندا</u>:

وەستان وەکو کەرەسەیەکی ناکەرتی زمان واتا دەگۆڕێت، بەجۆرێك لەو بڕگانەی کە دەنگی ناودەبرێت، کە لە نێوان دەنگەکان هەستی پێ دەکەین، کە هەندێك بە وەستان یان گوازتنەوە ناوی دەبەن، وەستان لە نێوان ووشەیەك و ووشەیەکی تر یان دەنگێك و دەنگێکی تر دەبینرێت یان لە نێوان گرێیەك و گرێیەکی تر یان ڕستەیەك و ڕستەیەکی تر.

## جۆرەکانی وەستان:

1- وەستانی هەڵسە.

2- وەستانی کەوت.

3- وەستانی کاتی.

4- وەستانی پۆزەتیڤ.

5- وەستانی نێگەتیڤ(*).

ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت جۆری پێنجەمیانە(وەستانی نێگەتیڤ)ە، ئەو جۆرە وەستانەش دەکەوێتە نێوان دەنگێك و دەنگێکی تر کە بە دوای دادێت لە وشەکە بە وەستانێکی داخراو ناوبریت زۆر هەستی پێ ناکرێت.

1. **ئاران**( 0 ) **بڕۆ**( 0 ).

2. **دەرگاکە**( 0 ) **بکەوە**( 0 ).

3. **ئازاد**( 0 ) **لە ڕیزی پێشەوە**( 0 ) **دابنیشە**( 0 ).

4. **ئێستا**( 0 ) **مەڕۆ**( 0 ).

5. **قسەی**( 0 ) **مەکە**( 0 ).

6. **کارەکە**( 0 ) **تەواو**( 0 ) **بکە**( 0 ).

---

(*) محمد علی الخولی: 1987: 167-168.

وەستان لە هەریەکە لەم نموونانەی سەرەوە وەستانێکی کور ـتە. هەروەك لە سەرەوەدا دەبینرێت و ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام هەندێ جار وەستان درێژە هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە:

بڕۆ لێرە. –○– وەستانێکی درێژ.

دەرێم بڕۆ لێرە –○– وەستانێکی درێژ.

جێگای ئاماژە پێ کردنە باری دەروونی قسەکەر و گوێگر لەم جۆرە شێوازە هە ستی ـپێ دەکرێت گۆڕان لە شێوەی کەسەکان بەدی دەکرێت، بۆ نموونە کەسی فەرماندەر زۆرجار گرژی و تووڕەیی هتد پێوەی دیارە، بەهەمان شێوەش گوێگر شڵەژان و نائارامی هتد پێوەدیارە.

# ئەنجـــام

1- بۆچوونمان بۆ ڕستەو گوتن، ڕستە یەکە ـیەکی سیمانتیکیە واتا کەی وە کو چەمك لـ ـیێك دەدرێتەوە (واتای فەرهەنگی + کاریگەری ڕێزمانی)، هەر چی گوتـ ـنە یەکە ـیەکی پراگماتیک ـیە واتاکەی وەکو مەبەست لێك دەدرێتەوە (وا ـتای سیمانتیك + دەورو ـبەر)، گوتن ـئەو دا ـنە واتادارەیە، کە لە زمان دەردەچی لە دەورو ـبەری ـبەکارهێنراوا، کە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بە بەرهەم دێت.

2- دەوروبەر کاریگەری بەسەر گوتن هەیە، ڕستە کاتێ دەخرێتە دەوروبەرە چەند گوتنێکی لێ دروست دەبێت، هەریەکە لەم گوتنا ـنە ـیە بـ ـپێی دەور ـبەری گوتنە کە وا ـتای جیاجـ ـیا دەدەن بەدەستەوە، گوتنی فەرماندان کاتێ دەخرێتە دەوروبەر بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تـ ـیا دەوترێت چەند ئەرکێك لەخۆدەگرێت. ئەمانەن (ئامۆژگاریکردن، ئاگادارکردنەوە، ـبانگکردن، هەڕەشەکردن...هتد).

3- جۆرەکانی گوتنی فەرماندان دوو جۆرن یەکێکیان ئاشکرایە، نێرەر ڕاستەوخۆ بەهۆی بۆ ـتەی ڕێزمانی و کاری ڕاپەڕاندن دەبڕێت، ئەوەی تر شاراوەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن نـ ـێرەر بەهۆی هێز و ئاوازەوە دەری دەردەبڕێت.

4- پێکهاتەی گوتنی فەرماندان شاراوە بریتییە لە:

پێکهاتەی ڕستەی =
- هەواڵدان
- پرسیاری
- سەرسوڕمان

\+ دەوروبەر

5- واتای گوتنی فەرماندان نوسراو(ڕاستەوخۆ) لـە سنوری سیمانتیك لـێك دەدرێـتەوە، هەر چی شاراوەكەیە بەهۆی تیۆری كردە قسەیی لـە سنوری پراگماتیك لـێك دەدرێتەوە.

6- شێوازی گوتنی فەرماندان ئەم تایبەتیانەی خوارەوە تیایە:

أ- كەسی بەدەسەلاَت بۆ بێ دەسەلاَت.

ب- كاتی ئێستاو ئایندەیە، ئێستاكە بەهێزە.

جـ- شوێنی (نزیك، دوور)ە، بەلاَم نزیكی كاریگەری بەهێزە.

د- ئاوازەی هەرە بەرز بەكاردێت.

# سەرچاوەکان


## کوردی:

– سوران عزیز محوی. (2005)، کۆمەڵە چیرۆکی رێ گا، چاپی یە کەم، چاپخانەی ئەز مەرِ سلێمانی.

– عبدالواحد مشیر دزەیی. (2005)، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیا ندن دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

– محەمەد مەعروف فەتاح. (1990)، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– وریا عمر امین. (2004)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەز گای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس.

## نامە زانستیەکان:

– دانا تحسین محەمەد. (2008)، نەخۆشی زمان گرتن لە نێو منداڵانی کوردیدا، ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– سازان رضا معین. (2005)، وا تا و دەورو بەر، ما ستەر، کۆل یژی پەروەردە، زان کۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– شێرزاد صبری علی. (2008)، واتا دناڤبەرا سیمانتیك و پراگمانتیکیدا، ما ستەر، کۆل یژی ئادابێ، زانکویا دهوکێ.

– قیس کاکل توفیق. (1995)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، ماستەر، کۆل یژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

## گۆڤارە کوردییەکان:

– عبدالواحید مشیر دزەیی و د.ابراهیم عەزیز ابراهیم. (2006)، بەرکار وە کو پێوی ستییەکی سەرەکی ڕستە، مجلة استاذ، جامعة بغداد، کلیة تربیة ابن اشد، العدد(60).

- عبدالواحد مشير دزەیی. (2007)، ڕێزگرتن لە کەلتووری کوردەواریدا لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کۆلیژی زمان، گۆڤاری ژمارە(2).

- عبدالواحد مشير دزەیی. (2008)، واتای ڕستە لە دیدی کاتز و فۆدەر(1963)ەوە، (لێکۆڵینەوەیەکی سمانتیکیە)، زانکۆی سەلاددین، هەولێر، ژمارە(37).

- عبدالواحد مشير دزەیی. (2009)، کاریگەری هێز لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا، با سێکی بڵاونەکراوە.

- محمد معروف فتاح. (1985)، شێوازی ئاخاوتن لە ناو ئافرەتی سلێمانیدا، گۆڤاری ڕۆشەنبیری نوێ، بەغدا، ژ112.


## عەربیەکان:


- أحمد مختار عمر. (1982)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، ط1، كويت.

- أف. آر بالمر. (1985)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، مطبعة العمال المركزية، بغداد.

- جمعة سيد يوسف. (1990)، سيكولوجية اللغة والمرض والعقلي، سلسلة عالم المعرفة، سلسلة(145)، كويت.

- جون لاينز. (1968)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عباالحليم الماشطة، حليم حسين فالح، كاظم حسين باقر، بصرة.

- سالم شاكر. (1992)، مدخل إلى علم الدلالة، ترجمة بيحاتن، ديوان مطبوعات جامعية، الجزائير.

- شاهر الحسن. (2001)، علم الدلالة السمانتيكية والبراجماتية في اللغة العربية، دار الفكر، ط1، كلية الآداب، جامعة اليرموك.

- صالح ابو إصبع. (1999)، الاتصال والإعلام في المجتمعات المعاصرة، ط3، دار أرام للدراسات والنشر، عمان، الأردن.

- عبدالقادر عبدالجليل. (2006)، لمقايس الأدوات النحوية والصرفية، دار صفا، للنشر والتوزيع.

- عزمي سلام. (1990)، مفهوم المعنى، دراسة تعحليلية، حوليات كلية الاداب، الحولية السادس، كويت.

- عصام سليمان الموسى. (2003)، المدخل في الاتصال الجماهيري، للنـ ـشر والتوز ـيع، ع ـمان، وسط البلد.

- فان دايك. (1999)، (نص وسياق)، ترجمة عبدالقادر قينيني، أفريقا، الشرق.

- كلود جرمان وريمون روبلان. (1994)، علم الدلالة، ترجمة: نور ا ـلهد لو ـشن، دار الفا ـصل، دمشق.

- محمد الخولي. (1982)، معجم علم الاصوات، الرياض.

- محمد علي الخولي. (1987)، الاصوات اللغوية، الرياض.

- محمد محمد يونس. (1993)، وصف اللغة العربية دلالياً، جامعة فاتح.

- موريس ابو ناصر. (1982)، مدخل إلى علم الدلالة الالسني، مجـ ـلة الفـ ـكر العر ـبي المعا ـصر، بيروت.

- نعوم جومسكي. (1985)، جوانب من النظرية النحو، ترجمة مرتضى جواد باقر، موصل.

- نور الهد لوشن. (1995)، علم الدلالة، دراسة وتتطبيقاً، ط1، بنغازي، ليبيا.

- يحيى احمد(1989)، الاتجاد الوظيفي ودوره في تحليل اللغة، مجلة الفكر، مجلد(20)، عدد(3).

### ئینگلیزیەکان:

- Gruise D.A. (1986), lexical semantics, Cambridge, Cambridge university press.

- Lyons. (1986), language amdlingdisticse, Cambridge: Cambridge university press.

- Teuan. Van. Dijk, (1977), "Text & Context" Exploration in the semantics & pragmatics of discourse, London, New York.

### ئەنتەرنێت:

- http//www.al-maqua cam archive lindexuhu-1856ht: ع ـبدالرحمن بوردع

## خلاصة البحث الموسوم

## بـ(اسلوب القول الأمري في اللغة الكردية)

هذا البحث البحث دراسة تداولية يبحثُ في القول الأمري في إطار الأفعال القولية والأحتمالات الواردة في سياقها وخصوصاً اذا تم تكريسهِ بنفس اسلوب القولية الأمري، والذي عبارة عن قوة السلطة، والزمن زمن الحاضر، والمكان، المكان القريب، النبرة الأمرية.

والقول الأمري ينقسم على قسمين: الظاهر والمستتر، في النمط الظاهري يمكن تلميس المعنى وبصورة مباشرة، والمستتر بصورة غير مباشرة. النمط الأول يمكن استحصالها في السياق اللغوي والكتابي. والنمط الثاني في السياق النفسي والقولي. وتم تحليل البحث في اطار المنهج الوظيفي التحليلي، وان البحث بعد تجديده من المقدمة والنتائج يقع في ثلاثة فصول: فالفصل الأول والثاني عبارة عن ملاحظات نظرية، والفصل الثالث تطبيقاتها.

ارتأى الباحث في الفصل الأول والذي هو في الأساس تباحث نظري ارتأى الخوض في تعاريف الجمل والقول، الرسائل القولية، قواعد القول (المرسل والمتلقي)، الرسالة، السياق، انواع السياقات ويشمل السياق اللغوي واللالغوي، تأثير السياق على القول، انواع القول (القول الخبري، القول التسائلي، قول التعجب).

يعنى الفصل الثاني بالقول الأمري كيفية تعريفه، وظائف القول الأمري، المرادعة، المعاتبة، الممانعة، الاباطة، الطلب التنبيه، التبجل، التخمين، تركيب القول الأمري، تركيب القول الأمري الظاهر، تركيب القول الأمري المستتر، انواع القول الأمري الظاهري منه والتستري، حيث بحث الباحث في هذا الفصل أنواع القول الأمري الظاهري منه والمستتر.

واعتنى الباحث في الفصل الثالث، بأسلوب القول الأمري والذي يحمل في طياته، الأمكنة والأشخاص والنبرة والنغمة والوقف في القول الأمري، ثم يُدخل الباحث النتائج في اطار نقاط معينة، ويختتم الباحث الرسالة بترتيب المراجع.

# Abstract

The research is entitled "The style of imperative utterances in Kurdish language, A Pragmatic study". It deals with orders and its kinds textually and contextually including force, time, place and intonation.

Imperative utterances fall into two types; explicit and implicit. The explicit imperative utterances are felt directly, while implicit imperative utterances cam be achieved indirectly. The first type is noticed in language and written contexts, while the second in psychological and conversational contexts. The study has been carried out based on an analytical and functional approach. Apart from introduction and conclusions, it consists of three chapters.

The first chapter, which is a theoretical study, presents the definition of expressing or utterance and sentences, the distinctions between utterance and sentences, the message of utterance and its basics, types of context and its effect on speaking. Types of utterance are another point in this chapter, which are declarative utterance, interrogative utterance, and exclamatory utterance.

The second chapter is about imperative utterances and its definition, functions, structure, and meaning. Imperative utterances are advising, satire, calling, threat, complaining, preventing, permission, Asking, warning, respecting, Evaluating.

The third chapter is devoted to a study about "The style of imperative utterance" in which time, place, person, stress, intonation, and pause are talked.

# پاشکۆیەکان

# پاشکۆیەکان

هەریەکە لەم ئاخاوتنانەی خوارەوە بەپێی دەوروبەر و کە سی ۆ سیەکەر(نێرەر) گوتنی فەرماندان دەگەیەنن، لە دەوروبەری بەکارهێنراودا:

## ئاخاوتنی ژمارە(1):

أ- قسەکەر: فەرمانبەر لە قوتابخانە.

ب- گوێگر: قوتابی.

أ. بەیانیت باش.

ب. سوپاس خۆت بەیانیت باش.

أ. کەی دێیت بۆ دەوام؟

ب. دواکەوتووم.

أ. مامۆستا چاوەڕوانی تۆیە.

ب. وا لە ڕێگام.

أ. کەی دەگەی زۆرت پێ دەچیت؟

ب. هەربزانە گەیشتم.

أ. باشە چاوەڕوانت دەبین.

ب. بەیانیتان باش گەیشتم.

أ. پرسیارەکان لەسەر تەختەکە بۆم داناوی.

ب. سوپاس.

## ئاخاوتنی ژمارە(2):

أ. قسەکەر: بەڕێوەبەر.
ب. گوێگر: سکرتێر.
پەیوەندی تەلەفۆنی.

أ. ئەو کاتەت باش.

ب. ئەو کاتەت باشتر.

أ. کارم پێتە.

**ب. بیڵێ بەسەرچاو.**

**أ. ڕەقەمی مامۆستا نەوزادت لانییە؟**

**ب. بەڵێ.**

**أ. سوپاس، خواحافیز.**

**ب. خوات لەگەڵ.**

## ئاخاوتنی ژمارە(3):

أ. قسەکەر کۆ

لە پەیوەندی تەلەفۆنیدا.

ب. گوێگر کچ

**أ. هەڵۆ.**

**ب. هەڵۆ ئەزیزم.**

**أ. دوو ڕۆژە تەلەفۆن دەکەم.**

**ب. کوا؟**

**أ. بۆچی وەڵامی پەیوەندییەکەم نادەیتەوە؟**

**ب. بەخوا تەلەفۆنی تۆم بۆ نەهاتووە.**

**أ. چیتر ناتوانم لەگەڵ تۆبم.**

**ب. خواحافیز.**

## ئاخاوتنی ژمارە(4):

أ. قسەکەر: ئەمین مەکتەبە.

ب. گوێگر: قوتابی.

**أ. سلام علیکم.**

**ب. علیکمە سلام.**

**أ. چۆنن قوتابیان.**

**ب. سوپاس باشین.**

**أ. کات تەواونەبووە.**

**ب. باشە.**

## ئاخاوتنی ژماره(5):

أ. قسەکەر: پزیشك.

ب. گوێگر: سکرتێری(ناونوس).

**أ. ماندوونەبیت.**

**ب. سوپاس.**

**أ. نەخۆشم زۆر ماوە.**

**ب. بەڵێ ماوە.**

**أ. هیوا لە دەرەوەیە؟**

**ب. بەڵێ دکتۆر.**

**أ. هیوا ناسیاوی خۆمە.**

**ب. ئێستا دەینێرم بۆ ژوورەوە.**

## ئاخاوتنی ژماره(6):

أ.قسەکەر: بەرپرسی:

ب. گوێگر: فەرمانبەری خزمەتگوزار

**أ. ئازاد.**

**ب. بەڵێ واهاتم.**

**أ. نازانی میوانم هاتووە.**

**ب. ببوورە تازە زانیم.**

**أ. میوانەکەم تێنوویەتی.**

**ب. بەسەرچاو...**

## ئاخاوتنی ژماره(7):

أ. قسەکەر: دایك.

ب. گوێگر: کچ.

**أ. کچم چۆنی؟**

**ب. باشم دایەگیان.**

**أ. زۆر بیرت ئەکەم.**

**ب. بەخوامنیش.**

**أ. کچم بۆ دیارنیت.**

**ب. کارم زۆرە.**

**أ. ئاخر باوکت زۆر نەخۆشە لە نەخۆشخانەیە.**

**ب. دایکە وا دێم، حواحافیز.**

## **ئاخاوتنی ژمار**(8):

أ. قسەکەر: ژنی خاوەن ماڵ.

ب. گوێگر: کارەکەر.

**ا. باجی لە کویٚ بویت زۆرم بانگ کردی.**

**ب. لە دەرەوە بووم.**

**أ. بۆچی لە دەرەوە بوویت؟**

**ب. چووم کەرەسەی خواردن بکڕم.**

**أ. دەزانی ئەمڕۆ میوا نمان دێت.**

**ب. بەخێر بێیت.**

**أ. خواردن کەم ئامادەنەکەی.**

**ب. باشە گیانە، بەسەرچاو.**

**أ. من ئێستا دەڕۆم.**

**ب. بەخێر بچی.**

## **ئاخاوتنی ژمارە**(9):

أ. قسەکەر: پیاو.

ب. گوێگر: ئافرەت.

**أ. سلام علیکم.**

**ب. علیکمە سلام بە خێربێیتەوە.**

**أ. کوا مناڵەکان؟**

**ب. مناڵەکان خەوتوون.**

أ. زۆر بیرم کردی.

ب. بەخوا منیش.

أ. ئافرەت زۆرم برسییە.

ب. باشە گیانە، بۆت ئامادە دەکەم.

حكومة اقليم كردستان-العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين-اربيل
كلية اللغات

# أسلوب القول الأمري في اللغة الكوردية

## (دراسة تداولية)

رسالة تقدم بها الطالبة
اوات احمد محمد صالح
بكالوريوس-جامعة صلاح الدين(2006-2007)

إلى مجلس كلية اللغات-جامعة صلاح الدين وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

باشراف
ب.م.د.عبدالواحد موشير دزەیی

2009میلادی 2709کوردی 1430هجری

Kurdistan Regional Government- Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Salahaddin University- Erbil
College of Languages

# THE STYLE OF IMPERATIVE UTTERANCES IN KURDISH LANGUAGE

**A THESIS**
**SUBMITTED TO THE COLLEGE OF LANGUAGES- SALAHADDIN UNIVERSITY**
**IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER IN KURDISH LINGUISTICS**

**BY**
**AWAT AHMED MUHAMMAD SALIH**
**B.A. UNIVERSITY OF SALAHADDEEN (2006-2007)**

**SUPERVISED BY**
**ASSIST. PROF.DR.ABDULWAHID MUSHER DIZAYI**

**2009AD** **2709K** **1430H**